**٨-١٢-٢٠٢١**

# پڕۆژەیاسای پەروەردە و فێرکاری لە هەرێـمی کوردستان- عێراق

## دەروازەی یەکەم
## پێناسەکان و بنەما گشتی و بنچینەییەکان و ئامانجەکان

### بەشی یەکەم: پێناسەکان

**ماددەی (١):**
**مەبەست لەو دەستەواژانەی لەم یاسایەدا بەکار دێن ئەو ڕونکردنەوانەیە کە لە بەرانبەریان دانراون:**

**یەکەم:**
**هەرێم: هەرێمی کوردستان – عێراق.**

**دووەم:**
**ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم.**

**سێیەم:**
**وەزارەت: وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.**

**چوارەم:**
**وەزیر: وەزیری پەروەردەی هەرێم.**

**پێنجەم:**
**ئەنجومەنی وەزارەت: ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم.**

**شەشەم:**
**ئەنجومەنی پەروەردە: ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان و قەزاکان.**

**حەوتەم:**
**بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردە: بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی پارێزگاکان و کارگێڕییە سەربەخۆکان.**

**هەشتەم:**
**بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە: بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی ناوەندی پارێزگاکان و کارگێڕییە سەربەخۆکان و قەزاکان.**

نۆیەم:
باخچەی منداڵان: قۆناغی شیاندن و ئامادەکردنە بەر لە قوتابخانەی بنەڕەتی بۆ منداڵانی تەمەن (٤) چوار ساڵ و (٥) پێنج ساڵە.

دەیەم:
خوێندنی بنەڕەتی: یەکەم قۆناغی خوێندنی پەیڕەوکراوە و خوێندنێکی پابەندکراوە، و ماوەکەی (٩) نۆ ساڵی خوێندنە کە پۆلەکانی یەکەم تا نۆیەم لەخۆ دەگرێت.

یازدەیەم:
خوێندنی ئامادەیی: ئەو قۆناغەی خوێندنە کە دوای قۆناغی بنەڕەتی دەستپێدەکات و ماوەکەی (٣) سێ ساڵی خوێندنە و پۆلەکانی دەیەم تا دوازدەیەم لەخۆ دەگرێت.

دوازدەیەم:
خوێندنی پەیمانگەی پەروەردەیی: قۆناغی خوێندنی پیشەییە، کە دوای خوێندنی بنەڕەتی دەستپێدەکات و ماوەکەی (٥) پێنج ساڵی خوێندنە.

سیازدەیەم:
قوتابخانەی بنەڕەتی: ناوەندێکی خوێندنی قۆناغی بنەڕەتییە.

چواردەیەم:
خوێندنگەی ئامادەیی: ناوەندێکی خوێندنی قۆناغی ئامادەییە.

پازدەیەم:
پەیمانگەی پەروەردەیی: ئەو ناوەندانەن کە خوێندنی پیشەییان تێدا دەکرێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ پاش تەواوکردنی قۆناغی بنەڕەتی.

شازدەیەم:
کۆمەڵگەی پەروەردەیی: ئەو دامەزراوانەیە کە باخچەی منداڵان و قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لەخۆدەگرن.

حەڤدەیەم:
بازنەکانی خوێندن: ئەو پۆلانەی کە خوێندنی بنەڕەتییان بەسەرا دابەش دەکرێت و ماوەی هەر بازنەیەك (٣) سێ ساڵی خوێندنە و بازنەی یەکەم پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لەخۆ دەگرێت و بازنەی دووەم پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەم لەخۆ دەگرێت، و بازنەی سێیەم پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەم لەخۆ دەگرێت.

**هەژدەیەم:**

**دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری: مەبەست لێی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە و پەیمانگە پەروەردەییەکان، بە حکومی و ناحکومی و هاوبەشەکانەوە.**

**نۆزدەیەم:**

**دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی: ئەو باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگانەی موڵکی حکومەتن و لەلایەن حکومەتیشەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجییان لێ دەکرێت.**

**بیستەم:**

**أ- دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکوومی: ئەو باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەیی و پەیمانگانەی موڵکی کەسان و لایەنی پەروەردەکاری ناحکومین و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجییان لێ دەکرێت، جا ئەو کەس و لایەنانە خۆماڵی بن یاخود نێودەوڵەتی.**

**ب- دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی قازانج نەویست: ئەو باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگە پەروەردەیی و پەیمانگانەی موڵکی کەسان و لایەنی پەروەردەکاری ناحکومین و لەلایەن ئەوانەوە بەڕێوە دەبرێن و خەرجییان لێ دەکرێت، بەڵام قازانجی دامەزراوەکە نابێت بۆ سوودی کەسی بەکاربێت، بەڵکوو تەنها بۆ گەشەپێکردنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران و مامۆستایان و کارمەندانی تری دامەزراوەکە و دابینکردنی پێداویستییە زانستی و کارگێڕییەکان بەکار دێت. ئەو دامەزراوانە خاوەنی کەسایەتی مەعنەوی خۆیانن و لە دام و دەزگای پەیوەندیدار تۆمار دەکرێن، و لە پەیڕەوی دامەزراوەکە دەبێت ئەوە هاتبێت کە دامەزراوەکە قازانج نەویستە.**

**بیست و یەکەم:**

**دامەزراوە پەروەردەییە هاوبەش و پشتیوانکراوەکان: باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگایانەی موڵکی حکومەتن و تێچوەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، بەڵام لەلایەن کەسانی پەروەردەیی خۆماڵی یان نێودەوڵەتییەوە دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بەڕێوە دەبرێن.**

**بیست و دووەم:**

**قوتابی : ئەو کەسەیە کە لە قوتابخانەی بنەڕەتی بەمەبەستی خوێندن و بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناونوس کراوە.**

**خوێندکار : ئەو کەسەیە کە لە خوێندنگەی ئامادەیی، بەشی ئامادەیی کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگەکانی پەروەردەیی بەمەبەستی خوێندن و بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە ناونوس کراوە.**

**بیست و سێیەم:**
**پۆل: مەبەست لێی ساڵێکی خوێندنی قوتابییە، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی لە (٩) نۆ پۆل پێکدێت، و قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە (٣) سێ پۆلی دوای قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی پێکدێت، و قۆناغی پەیمانگەی پەروەردەیی لە (٥) پێنج پۆلی دوای خوێندنی بنەڕەتی پێکدێت.**

**بیست و چوارەم:**
**خوێندنی پەیڕەوکراو: ئەو خوێندنەیە کە لە قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگە پەروەردەییەکان بۆ قوتابییان لە تەمەنی یاساییان دەکرێت.**

**بیست و پێنجەم:**
**خوێندنی ناپەیڕەوکراو: ئەو خوێندنەیە کە لە ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکاری ئەنجام دەدرێت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ناوەندی خوێندنی پەیڕەوکراو مافیان نییە بخوێنن و بە پێی مەرجی تەمەن کە لەم یاسایەدا هاتووە.**

**بیست و شەشەم:**
**قوتابخانەی ئێواران: ناوەندێکی خوێندنی ئێوارانە، و بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخانکراوە کە بەهۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەریەك یان زیاتریان لە هەمان پۆل، یاخود بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەنی یاساییان، مافی بەردەوامبوونیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی ڕۆژ نییە.**

**بیست و حەوتەم:**
**مامۆستا: هەر کەسێکی بڕوانامەداری شیاو کە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان وانە دەڵێتەوە.**

**بیست و هەشتەم:**
**مامۆستای پەروەردەی تایبەت: مامۆستای پسپۆرە لە پەروەردە و فێرکردنی منداڵانی باخچەی منداڵان و قوتابییانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.**

**بیست و نۆیەم:**
**بەڕێوەبەری دامەزراوە: ئەو کەسەیە کە ئەرکی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری پێ دەسپێردرێت.**

**سییەم:**
**یاریدەدەری بەڕێوەبەر: ئەو کەسەیە کە ئەرکی یاریدەدری بەڕێوەبەری پێ دەسپێردێت.**

**سی و یەکەم:**
**ڕێنماییکاری پەروەردەیی: ئەو فەرمانبەرەیە کە بە ئەرکی ڕێنمایی پەروەردەیی قوتابییان و خوێندکاران لە سنوری قوتابخانە و خوێندنگەکەی ڕاسپێردراوە.**

**سی و دووەم:**
**سەرپەرشتیاری پەروەردەیی: ئەو فەرمانبەرەیە کە لەلایەن وەزارەت بە ئەرکی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان ڕاسپێردراوە.**

**سی و سێیەم:**
**پلانی فێرکاری (منهج): بنەما گشتییەکانی پەروەردە و فێرکاری کە بەها و بنەماکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریان لەسەر بنیات دەنرێت، و ئەو ئامانجانەی بۆ هەر قوتابییەك دەستەبەر بکرێن، و ئامانجەکانی هەر بابەتێکی خوێندن لە هەر قۆناغێکدا، و ئەو کارامارییانەی لە هەر منداڵ و قوتابییەك چاوەڕوان دەکرێت لە هەر قۆناغێکی خوێندن بێت، و کاتژمێرەکانی خوێندنی هەر بابەتێك دەگرێتەوە، گشت ئەوانەش لە بنەما گشتی و فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکاری کە لەم یاسایەدا هاتووە سەرچاوە دەگرن.**

**سی و چوارەم:**
**کتێبەکانی خوێندن: کتێبەکانی خوێندنی هەر بابەتێك کە وردەکارییەکەی لە پلانی فێرکاری سەرچاوەی گرتووە.**

**سی و پێنجەم:**
**پروگرامی خوێندن: بریتییە لە بەشێکی پلانی فێرکاری کە پەیوەستە بە قۆناغێکی یاخود بازنەیەکی خوێندنی دیاریکراو، و کتێبەکانی خوێندن لە هەر بابەتێك لە قۆناغی یاخود بازنەی پەیوەندیدار و کتێبەکانی ڕاهێنان و ڕێبەری مامۆستا و ڕێبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و سیستەمی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن.**

**سی و شەشەم:**
**بەخێوکاری قوتابی: ئەو کەسەی بەخێوکردن و چاودێریکردنی منداڵ و قوتابی و خوێندکاری گرتۆتە ئەستۆ.**

سی و حەوتەم:
ئەنجومەنی بەخێوکاران: ئەنجومەنێکە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە لە قوتابخانە و خوێندنگەکان پێک دەهێنرێت.

سی و هەشتەم:
پەروەردەی تایبەت: بریتییە لە کۆمەڵێك بەرنامەی پەروەردەیی تایبەت، کە دەبێت بۆ قوتابییان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکرێت بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی تواناکانی خوێندنیان لە ڕێگەی هۆکارە فێرکارییە گونجاوەکان کە لەگەڵ تواناکانیان بگونجێت بەمەبەستی گەیشتن بە ئەمانجە فێرکارییەکان و ئامادەکردنیان بۆ ژیانی گشتی و تێکەڵبوونیان بە کۆمەڵگە.

سی و نۆیەم:
کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت: ئەوانەی بە دەست گرفتێکی هەمیشەیی جەستەیی یان ناجەستەیی دەناڵێنن، کە ڕێگە لە بەشداربوونیان بە شێوەیەکی یەکسان لە کۆمەڵگەدا دەگرێت.

چل:
پەروەردە و فێرکاری: ئەو پرۆسەیەیە کە بەپێی پلانی فێرکاری و پرۆگرامەکان و لەژێر چاودێریی مامۆستا و بەمەبەستی دەوڵەمەندبوونی قوتابی و خوێندکاران بە زانست و تێگەشتن و بنیاتنانی بەهاکان لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەڕێوە دەچێت و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی دەقەکانیش لەخۆ دەگرێت.

چل و یەکەم:
بەشەوانە: پرۆسەیەکی پەروەردەیی و فێرکردنە لە پۆل و لەژێر سەرپەرشتی مامۆستا و لە ماوەیەکی دیاریکراودا بەڕێوەدەچێت.

چل و دووەم:
دڵنیایی جۆری: کۆمەڵێك ڕێکارە بەمەبەستی بەستنەوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەو ئامانجانەی لەم یاسایەدا دیاریکراوە.

چل و سێیەم:
تاقیکردنەوە وەزارییەکان: ئەو تاقیکردنەوانەن کە پرسیارەکان و میکانیزمی ڕاستکردنەوەیان یەك شێوەیە و لەلایەن وەزارەت و لەسەر ئاستی هەرێم بۆ پۆلەکانی نۆیەمی بنەڕەتی و دوازدەیەمی ئامادەیی و قۆناغی پێنجەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان ئەنجام دەدرێن.

چل و چوارەم:
تاقیکردنەوە نیشتیمانییەکان: ئەو تاقیکردنەوانەن کە لەلایەن وەزارەت و لەسەر ئاستی هەرێم بۆ پۆلەکانی چوارەمی بنەڕەتی و دەیەم و یازدەیەم ئامادەیی و قۆناغی سێیەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان ئەنجام دەدرێن.

چل و پێنجەم:
خوێندنی خێرا : خوێندنێکی ناپەیڕەوکراوە (نانیزامی)، کە ئامانجی ڕەخساندنی هەلی فێربوونە بۆ ئەوانەی لە تەمەنی یاساییدا لە خوێندن بەردەوام نەبوون، یان هەر پەیوەندییان بە قوتابخانە نەکردووە؛ ئەوەش لە ڕێگەی ئامادەکردنیان لە ماوەی (٥) پێنج ساڵ یان زیاتر بۆ ئەوەی بەگوێرەی تەمەنەکانیان بگەنەوە سەر ڕێچکەی خوێندنی پەیڕەوکراو.

چل و شەشەم:
نەهێشتنی نەخوێندەواری : بنیاتنانی توانستەکانی خوێندن و نووسین و بنەماکانی ژمارەکارییە لای ئەو کەسانەی کە ناتوانن ئەو کارانە بکەن و تەمەنیشیان لە (١٦) شازدە ساڵ کەمتر نەبێت.

چل و حەوتەم:
شوێنی حەواندنەوەی قوتابییان: ئەو شوێنانەن لە قوتابخانە کە دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی قوتابخانەکان دەکرێنەوە، بۆ ئەو قوتابییانەی لە خوار (١٤) چواردە ساڵن و لەبەر کاری دایبابانیان تا درەنگانێك ناتوانن لە کاتی تەواوبوونی دەوامی قوتابخانە بڕۆنەوە ماڵەوە.

چل و هەشتەم:
دیداری گەشە: بریتییە لە دیدارێك کە لە قوتابخانە ئەنجام دەدرێت لەنێوان مامۆستا و قوتابی و بەخێوکاری قوتابی بۆ تاوتوێکردنی باری خوێندن و دەروونی قوتابی بەمەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش بۆ پەرەپێدانی تواناکانی قوتابییان و باشترکردنی بارودۆخیان.

چل و نۆیەم:
قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەند: بریتییە لەو قوتابخانە و خوێندنگە حکومیانەی کە بە جۆرێك لە جۆرەکان تایبەتمەندن، بۆ نمونە خوێندن بۆ بەهرەداران، یان تێیاندا زیاتر تیشك دەخرێتە سەر خوێندنی هونەر یان مۆسیقا یان وەرزش یان زمانێك.

پەنجا:
مۆڵەت: ئەو ڕێگەپێدانەیە کە لەلایەن وەزارەتەوە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکان بۆ دروستکردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی دەدرێت.

## بەشی دووەم
## بنەما گشتی و بنچینە فەلسەفییەکان و ئامانجەکانی پەروەردە و فێرکاری

### لقی یەکەم
### بنەما گشتییەکانی پەروەردە و فێرکاری

**ماددەی (٢):**
**یەکەم: فێربوون مافێکی دابینکراو و بەخۆڕاییە لە سەرجەم قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پەروەردەییەکان و کۆمەڵگە پەروەدەییە حکومییەکان و نابێت هیچ تاکێك کە مەرجەکانی حوکمەکانی ئەم یاسایەی تێدایە لەو مافە بێبەش بکرێت.**

**دووەم: زمانی کوردی زمانی فەرمیی خوێندنە، لە سەرجەم دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، جگە لەو دامەزراوانە نەبێت کە تایبەتن بە پێکهاتەی تورکمان، سریان، ئەرمەن و عەرەب و خوێندن تێیاندا بە زمانی دایك دەبێت، و ئەو دامەزراوانەی کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مۆڵەتیان پێدراوە بە زمانێکی دیکە بخوێنن.**

**سێیەم: بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و هەموو جۆرەکانی خراپ مامەڵەکردن لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان ڕێپێنەدراون.**

**چوارەم: پێویستە پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان، لەسەر هەمان بەها بەڕێوە بچێت.**

**پێنجەم: لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریدا، قوتابی و خوێندکار ناوەندی سەرەکین.**

**شەشەم: داواکردنی هەر باجێك یاخود بڕە پارەیەك لە قوتابییان و خوێندکاران و کەسوکاریان لەلایەن قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پەروەردەییە حکومییەکان بەمەبەستی خوێندن ڕێپێنەدراوە.**

**حەوتەم: وەزارەت کار بۆ پیادەکردنی شێوازی ناناوەندی (لامەرکەزییەت) دەکات بەمەبەستی پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان.**

## لقی دووەم
## بنچینە فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکاری لە هەرێم

**ماددەی (٣):**

**بنچینە فەلسەفییەکانی پەروەردە و فێرکاری:-**

**یەکەم: پەروەردە و فێرکاری دوو بناغەی بنیاتنانی تاکێکی کوردستانی خوێندەوار، هۆشیار، داهێنەر، هاوچەرخ و بنەمای هێنانە ئارای کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووە، کە تێیدا بەهاکانی دیموکراتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و جەندەری و پێکەوەژیانی ئاشتییانە و مرۆڤایەتی و پاراستنی ژینگەی تێدا جێگیر دەبێت.**

**دووەم: ڕوانین لە قوتابی و خوێندکار وەك وەك تاکێکی خاوەن خواستی فێربوون و توانستی داهێنان و شیکردنەوە و توانای ڕەخنەگرتن، و تاکێك کە مافی ڕێز لێگرتنی هەیە، و هەروەها هەژمارکردنی قوتابی و خوێندکار وەك چەقی پرۆسەی خوێندن و فێرکاری.**

**سێیەم: دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادی تاکەکانی بەپێی بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەستور و یاسا کارپێکراوەکان.**

**چوارەم: مامۆستا پێشەنگی سەرەکییە بۆ هاندانی گیانی فێربوون و داهێنان و گەیاندنی زانیاری و توانستە جۆراوجۆرەکان بە قوتابییان و خوێندکاران، و مافی پەرپێدانی بەردەوامی هەیە.**

## لقی سێیەم
## ئامانجە گشتی و هاوبەشەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری

**ماددەی (٤):**

**یەکەم: فێرکردن و گەشەپێدانی و بنیاتنانی نەوەیەکی دەوڵەمەند بە زانست.**

**دووەم: بنیاتنانی تاکی هۆشیار، کە شانازی بە نیشتیمان و کلتوری کوردستانی خۆی بکات و لە بنیاتنانی وڵاتەکەی بەشدار بێت.**

**سێیەم: چاندنی بەهاکانی دیموکراتی، ئاشتی، پێکەوەژیانی ئاشتییانە، یەکسانیی نێوان ڕەگەزەکان، ڕێزگرتنی ئایینەکان، ئازادیی تاك، مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە لای قوتابییان و خوێندکاران.**

چوارەم: گەشەپێدانی توانستەکانی قوتابی و خوێندکار، تا ببن بە هاونیشتیمانییەکی خوێندەوار، داهێنەر، هاوچەرخ، چالاك، خاوەن هۆشیاری و کەسایەتی سەربەخۆ، و هەروەها کارکردن بۆ ئەوەی فێربونی بەردەوام بە درێژایی تەمەن بتوانێت ببێتە بەشێك لە کۆنسەپتی ژیانیان.

پێنجەم: گەشەپێدانی توانای نەوەکانی کۆمەڵگە بۆ ئامادەکردنیان تا بەشداری لە کۆمەڵگە و بازاڕی کار و پێشکەوتنی هەرێم بکەن.

شەشەم: ئامادەکردن و هاندانی قوتابییان و خوێندکاران تا بەردەوام بن لە خوێندن لە قۆناغی بەرزتر.

حەوتەم: گرنگیدان بە پەروەردەی وەرزشی و هونەری و تەندروستی قوتابییان و خوێندکاران.

هەشتەم: کارکردن بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری و ڕەخساندنی هەلی فێربوون و گەڕاندنەوەی داپڕاوان بۆ ناوەندەکانی خوێندن.

نۆیەم: هێنانەئارای کۆمەڵگەیەك بڕوای بە ئاوێتەکردنی پەروەردەیی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەبێت، بەپێی بنەماکانی یەکسانی بۆ ئەوەی فێرکردنێکی ئاست بەرزیان بۆ دابین بکرێت.

دەیەم: پەرەپێدانی کارامەییە تەکنەلۆجیاکانی قوتابییان و خوێندکاران.

## دەروازەی دووەم
## دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان
## بەشی یەکەم
## باخچەی منداڵان

### لقی یەکەم
### بنەماکان

**ماددەی (٥):**

**یەکەم: باخچەی منداڵان قۆناغێکی ئارەزوومەندانەیە و لە (٢) دوو ساڵی بەر لە خوێندنی بنەڕەتی پێکدێت و منداڵان بۆ خوێندن لە قوتابخانەی بنەڕەتی ئامادە دەکات، بێ ئەوەی ئەم قۆناغە بۆ دەستپێکردنی خوێندنی بنەڕەتی مەرج بێت.**

**دووەم: لە باخچەی منداڵان هەموو ئەو منداڵانە وەردەگیرێن، کە لە ڕۆژی دەستپێکردنیان لە باخچە، یان ڕۆژی (٣١)ی مانگی کانونی یەکەمی ئەو ساڵە، تەمەنیان گەیشتبێتە (٤) چوار یان (٥) پێنج ساڵ.**

### لقی دووەم
### ئامانجە تایبەتییەکانی باخچەی منداڵان

**ماددەی (٦):**

**یەکەم: کارکردن بۆ گەشەپێدانی کەسایەتیی منداڵ، بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ منداڵانی تر لە ژینگەی دەرەوەی بازنەی خێزان و پیادەکردنی چالاکیی پەروەردەیی و فێرکاری چێژبەخش لە تەمەنێکی زو.**

**دووەم: بەدەستهێنانی بنەما بەرایییەکانی خوێندنەوە و نوسین و ژماردن؛ ئەوانیش لە ڕێگەی چالاکییە خۆشیبەخش و یارییە گونجاوەکان دەبێت.**

**سێیەم: هاندانی هەستی جوانی و هونەری لای منداڵان.**

**چوارەم: پەرەپێدانی کارامەیی جوڵەیی.**

**پێنجەم: بەهێزکردنی متمانەبەخۆبوون لای منداڵان لە ڕێگەی بەشداریکردنیان لە مەشقی بەردەوام.**

**شەشەم: ڕێخۆشکردن بۆ خوێندن لە قوتابخانەی بنەڕەتی.**

**حەوتەم: کارکردن بۆ گەشەپێدانی توانست و کارامەیییە زمانەوانییەکانی منداڵان.**

**ماددەی (٧):**
**ئەرکی وەزارەتە پەرە بە باخچەی منداڵان بدات و پشتیوانییان بکات، و هەروەها کەرتی تایبەت هانبدات بۆ کردنەوەی باخچەی منداڵانی ناحکومی.**

**ماددەی (٨):**
**یەکەم: پێویستە ژمارەی منداڵان لە هەر پۆلێك، گونجاو بێت لەگەڵ ڕووبەری پۆلەکە و دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گونجاو.**

**دووەم: ئەگەر باخچەی منداڵان یەك دەوام بوو، دەبێت دەوامی ڕۆژانەی باخچە لە (٦) شەش کاتژمێر کەمتر نەبێت، و ئەگەر باخچە دوو دەوام بوو دەبێت دەوامی ڕۆژانەی باخچە لە (٤) چوار کاتژمێر کەمتر نەبێت.**

**ماددەی (٩):**
**پێویستە کرێی مانگانەی باخچەی منداڵانی حکومی کە لە بەخێوکاری منداڵ وەری دەگرێت گونجاو بێت و کرێکە بۆ باخچەکان تەرخان بکرێت.**

## بەشی دووەم
## خوێندنی بنەڕەتی

### لقی یەکەم
### بنەماکانی خوێندنی بنەڕەتی

**ماددەی (١٠):**

**یەکەم: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی (٩) نۆ ساڵە و لە پۆلەکانی یەکەم تا نۆیەم پێکدێت.**

**دووەم: قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی کە قۆناغێکی پابەندکراوە (إلزامیە)، بە یەکەم قۆناغی خوێندنی پەیڕەوکراو دادەنرێت.**

**سێیەم:**

**أ- هەر منداڵێك لە ڕۆژی (٣١)ی کانوونی یەکەم، تەمەنی بگاتە (٦) شەش ساڵ، دەبێت پەیوەندی بە قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی بکات.**

**ب- خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەوکراو مەرجە بۆ هەموو کەسێك کە تەمەنی لە (١٦) شازدە ساڵ تێپەڕ نەبوبێت.**

**چوارەم: پێویستە قوتابی بەر لەوەی تەمەنی (١٩) نۆزدە ساڵی تێپەڕ بکات، قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی تەواوکردبێت.**

**پێنجەم: ئەو کەسانەی لە تەمەنی یاسایی دەستیان بە خوێندنی بنەڕەتی نەکردبێت، بەپێی ماددەی (١٢) دوازدە و ماددەی (٦٢) شەست و دووی ئەم یاسایە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.**

## لقی دووەم
## ئامانجەکانی خوێندنی بنەڕەتی

**ماددەی (١١):**
**یەکەم: بنیاتنانی بنەماکانی خوێندنەوە و نوسین و ژماردن لای قوتابییان و پەرەپێدانی تواناکانیان لەو بوارانەدا.**

**دووەم: دەوڵەمەندکردنی قوتابییان بە زانست و پەرەپێدانی تواناکانیان.**

**سێیەم: گەشەپێدانی کارامەییە سەرەکییە جۆراوجۆرەکانی قوتابییان، بەتایبەتی کارامەیی زمانەوانی و ژماردن و هونەری و جوڵەیی.**

**چوارەم: هاندانی قوتابییان بۆ گیانی دەستپێشخەری و تێکۆشان و کۆڵنەدان و توانای پشوودرێژی و پەرەپێدانی تواناکانیان بەمەبەستی ئامادەکردنیان لە بەشداریکردنی کارا بۆ هەڵبژاردنی شێوەی ژیانیان و تا بتوانن لە خوێندن بەردەوام بن.**

**پێنجەم: فێربونی بنەماکانی هاونیشتیمانی و مەدەنییەت.**

**شەشەم: ئامادەکردنی قوتابییان بۆ بەردەوامبوون لە خوێندنی ئامادەیی.**

## لقی سێیەم
## خوێندنی پابەندکراو

**ماددەی (١٢):**
**یەکەم: لە قۆناغی بنەڕەتی خوێندن پابەندکراوە.**

**دووەم: بەخێوکاری منداڵ، مافی ئەوەی نییە بێ پاساوی تەندروستی ڕێگە لە چوونی منداڵەکەی بۆ قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی و بەردەوامبوون تێیدا بگرێت. لەکاتی هەبوونی ئەو جۆرە پاساوە، پێویستە بەر لە دەستپێکی ساڵی خوێندن، بەخێوکاری منداڵ ڕاپۆرتێکی لیژنەی پزیشکی سەبارەت بە باری تەندروستیی منداڵەکەی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی پارێزگا یان قەزا بکات، و ڕەزامەندی نەبردنی منداڵەکەی بۆ قوتابخانە بە دەست بێنێت.**

**سێیەم: بەخێوکاری منداڵ مافی خۆیەتی منداڵەکەی لەسەر خەرجی خۆی بخاتە قوتابخانەیەکی ناحکومی.**

**چوارەم:**

**أ- بەخێوکاری قوتابی کە بەبێ هەبوونی پاساوی تەندروستیی پەسەندکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی پارێزگا یان قەزا، ڕێگە لە چوونی منداڵەکەی یان بەردەوامبوونی لە قۆناغی بنەڕەتی دەگرێت، سزا دەدرێت بە بڕێك کە لە (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار کەمتر نەبێت.**

**ب- دەبێت بەخێوکاری قوتابی منداڵەکەی بۆ قوتابخانە بنێرێت هەرچەندە سزاش دراوە.**

**ج- لە کاتی دوبارەکردنەوەی ڕێگەگرتنەکە، سزا ناوبراوەکەی بڕگەی (أ)ی ئەم بەندە دوو هێندە زیاد دەکرێت.**

## لقی چوارەم
## بازنەکانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی

**ماددەی (١٣):**

**خوێندنی بنەڕەتی لەم سێ بازنەیە پێکدێت:**

**یەکەم: بازنەی یەکەم.**

**أ- بازنەی یەکەم، پۆلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت.**

**ب- لەم بازنەیەدا قوتابخانەکان ئازادن لە پەیڕەوکردنی سیستەمی مامۆستای پۆل یان مامۆستای وانە، واتە یەك مامۆستا بۆ بابەتەکانی خوێندن: زمان، بیرکاری و زانست، یان یەك مامۆستا بۆ هەر بابەتێکی خوێندن.**

**ج- قوتابی لە بازنەی یەکەمدا کارتی هەڵسەنگاندنی پێدەدرێت، نەك کارتی نمرەکان، و لەم بازنەیەدا کەوتن لە بابەتێکی خوێندندا نییە. لە حاڵەتی دەرکەوتنی پێویستیی قوتابی بە پشتگیریکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی، و دەبێت قوتابخانە پلان بۆ ئەو کارە دابڕێژێت و هاوکاری قوتابی بکات.**

**د- لە کاتی داواکردنی بەخێوکاری قوتابی، دەکرێت قوتابی بۆ ساڵێکی تر لە هەمان پۆلدا بمێنێتەوە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی بەڕێوەبەر، بە مەرجێك داواکە بە نوسراو بێت و پاش گفتوگۆکردن بێت لەگەڵ مامۆستا/مامۆستایانی قوتابی.**

**دووەم: بازنەی دووەم.**
**أ- بازنەی دووەم، پۆلەکانی چوارەم و پێنجەم و شەشەمی خوێندنی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت.**

**ب- لەم بازنەیە سیستەمی مامۆستای بابەت پیادە دەکرێت، کە تێیدا هەر بابەتێکی خوێندن لەلایەن مامۆستای پسپۆر لە بابەتەکە دەوترێتەوە.**

**ج- لەم بازنەیەدا کەوتن لە هەمان پۆل هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**د- لەم بازنەیدا قوتابییان کارتی نمرەکانیان پێ دەدرێت.**

**سێیەم: بازنەی سێیەم.**
**أ- بازنەی سێیەم، پۆلەکانی حەوتەم و هەشتەم و نۆیەمی خوێندنی بنەڕەتی لەخۆ دەگرێت.**

**ب- لەم بازنەیەدا سیستەمی مامۆستای بابەت پیادە دەکرێت، کە تیایدا هەر بابەتێکی خوێندن لەلایەن مامۆستای پسپۆر لە بابەتەکدا دەوترێتەوە.**

**ج- لەم بازنەیەدا کەوتن لە هەمان پۆل هەیە، بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.**

**د- لەم بازنەیەدا قوتابییان کارتی نمرەکانیان پێ دەدرێت.**

## لقی پێنجەم
## بابەتەکانی خوێندن

**ماددەی (١٤):**
**یەکەم: بۆ تێپەڕکردنی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، دەبێت قوتابی ئەم شەش بابەتە سەرەکییانە: زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، زانست و کۆمەڵایەتی، و ژمارەیەك بابەتی تری گرنگی وەك پەروەردەی ئاینی، هونەر، وەرزش، خوێندبێت و تیایاندا سەرکەوتوو بێت.**

**دووەم: وەزارەت ڕێپێدراوە بابەتی خوێندنی تر زیاد بکات، و ناوەڕۆکی بابەتەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن هەموار بکاتەوە.**

**سێیەم: بۆ تێپەڕکردنی قۆناغی بنەڕەتی لەو قوتابخانانەی بە زمانەکانی: (تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و عەرەبی) دەخوێنن، قوتابی دەبێت هەموو ئەو بابەتانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێکراوە لەگەڵ خوێندنی زمانی دایك خوێندبێت و تیایاندا سەرکەوتوو بێت.**

## لقی شەشەم
## مانەوە لە هەمان پۆل

**ماددەی (١٥):**

یەکەم: لە کاتی دەرنەچوونی قوتابی لە پۆلی چوارەم تا هەشتەمی بنەڕەتی لە دوو بابەتی خوێندن یان زیاتر، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم ئەنجام دەدات، قوتابی بۆ ساڵێکی خوێندنی تر لە هەمان پۆل بۆ خوێندنی گشت بابەتەکان بەردەوام دەبێت، بەمەبەستی بەهێزکردنی تواناکانی ئەو قوتابییە و لەو کاتەش قوتابخانە بەرپرسە لە هاوکاریکردنی قوتابییەکە لەو بابەتانەی تیایدا دەرنەچوو بوو. لە کاتی دەرنەچوونی قوتابی دوو ساڵ یان زیاتر لەسەر یەك لە هەمان پۆلدا ئەوە دوبارە دەبێتەوە.

دووەم: لە کاتی دەرنەچوونی قوتابی لە پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە گشت بابەتەکانی خوێندن، دوای ئەنجامدانی وەرزی دووەمی تاقیکردنەوە وزارییەکان، قوتابی بۆ ساڵێکی خوێندنی تر لە پۆلی نۆیەم بۆ خوێندنی گشت بابەتەکان بەردەوام دەبێت، بەمەبەستی بەهێزکردنی تواناکانی ئەو قوتابییە و ئەو کاتە قوتابخانە بەرپرسە لە هاوکاریکردنی قوتابییەکە لەو بابەتانەی تێیدا دەرنەچووە. ئەوەش دوبارە دەبێتەوە لە کاتی دەرنەچوونی قوتابی دوو ساڵ یان زیاتر لەسەر یەك لە پۆلی نۆیەم.

**ماددەی (١٦):**

لە کاتی تێپەڕبوونی تەمەنی قوتابی لە (١٩) نۆزدە ساڵ، بێ ئەوەی خوێندنی بنەڕەتی بەسەرکەوتوویی تەواو کردبێت، مافی بەردەوامبوونی لە قوتابخانەی خوێندنی بنەڕەتی پەیڕەکراو نامێنێت، بەڵکو مافی پەیوەندیکردنی بە قوتابخانەی ناپەیڕەوکراوی پێ دەبەخشرێت، هەروەها مافی هەیە لەو تاقیکردنەوە دەرەکییانەی وەزارەت لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن ڕێکی دەخات، بەشدار بێت.

## بەشی سێیەم
## خوێندنی ئامادەیی

**ماددەی (١٧):**

**یەکەم: قۆناغی خوێندنی ئامادەیی لە (٣) سێ ساڵ پێکدێت و پۆلەکانی دەیەم تا دوازدەیەم لەخۆ دەگرێت.**

**دووەم: دوای تێپەڕاندنی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بەسەرکەوتوویی لە هەموو بابەتەکانی خوێندن، قوتابی مافی هەیە پەیوەندی بە قۆناغی ئامادەیی حکومی بێ بەرانبەر بکات؛ بە مەرجێك تەمەنی لە (٢٠) بیست ساڵ تێپەر نەکات. هەروەها قوتابی مافی هەیە، لەسەر تێچوی خۆی خوێندن لە ئامادەییەکی ناحکومی بکات.**

**سێیەم: پێویستە خوێندکار بەر لە تێپەڕبوونی تەمەنی (٢٤) بیست و چوار ساڵی، قۆناغی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردبێت.**

## لقی یەکەم
## ئامانجەکانی خوێندنی ئامادەیی

**ماددەی (١٨):**

**یەکەم: بەهێزکردنی تواناکانی خوێندکار سەبارەت بە گەشەکردنی بیرکردنەوەی زانستی، قوڵبوونەوەی هزری توێژینەوە و تاقیکردنەوە و بەکارهێنانی سەرچاوەکان و ڕاهاتن لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن.**

**دووەم: ئامادەکردنی خوێندکار بۆ درێژەدان بە خوێندن لە ئاستە هەمەجۆرەکانی ناو زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵا.**

**سێیەم: بنیاتنانی بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی کەسایەتیی خوێندکار و بەشداریکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاندانی بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و کۆمەڵایەتی.**

**چوارەم:.گەشەپێدانی توانستە زانستی و زانیارییەکانی خوێندکار کە لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بەدەستی هێناوە. هەروەها بایەخپێدان بە خوێندکار تاکو بتوانێت سەربەخۆیانە کار بکات و توانای هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی تر بکات بەمەبەستی قووڵبوونەوە لە توانستە زانستییەکانی و بەکارهێنانی زانستەکەی.**

**پێنجەم: بنیاتنانی توانستی پیشەیی خوێندکارانی بەشە پیشەییەکان و ئامادەکردن و مەشقپێکردنیان بۆ بازاڕی کار.**

## لقی دووەم
## بەشەکانی خوێندنی ئامادەیی

**ماددەی (١٩):**
**یەکەم: قۆناغی ئامادەیی لە بەشی زانستی و وێژەیی و پیشەیی پێکدێت.**

**دووەم: بەشی زانستی و وێژەیی هەر یەك پۆلەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم لەخۆ دەگرێت.**

**سێیەم: بەشی پیشەیی، لە بەشی جۆراوجۆر پێکدێت کە وەزارەت بڕیاری لێ دەدات و پۆلەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەم لەخۆ دەگرێت.**

**چوارەم: ئەنجومەنی وەزارەت مافی هەیە بڕیار بدات خوێندکارانی پۆلی (١٠) دەیەمی ئامادەیی لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە یان بنەمایەکی دیکە وەربگیرێن:**
**أ- (٦٠ ٪) شەست لە سەدی کورسییەکانی پۆلی دەیەم بۆ بەشی زانستی تەرخان دەکرێت، و ئەو کورسیانە بۆ دەرچوانی پۆلی (٩) نۆیەمن کە خوازیارن ئەو بەشە بخوێنن و لەهەمان کاتدا بەرزترین نمرەیان بەدەست هێناوە، و لە بابەتی کوردی و بیرکاری و زانست نمرەیەکی گونجاو، کە وەزارەت سالانە بڕیاری لەسەر دەدات، بەدەست بێنێت.**

**ب- (٣٠٪) سی لە سەدی کورسییەکانی پۆلی دەیەم بۆ بەشی وێژەیی تەرخان دەکرێت، و ئەو کورسیانە بۆ دەرچوانی پۆلی (٩) نۆیەمن کە خوازیارن ئەو بەشە بخوێنن و نمرەی بەرزیان بەدەستهێناوە بۆ وەرگرتن لەو بەشە، یان ئەوانەی نمرەی بەرزیان هەیە بەڵام ناگاتە ئەوەی لە بەشی زانستی وەرگیرێن و ناخوازن لە بەشی پیشەیی بخوێنن. بۆ وەرگرتن لە بەشی وێژەیی دەبێت قوتابی لە بابەتەکانی کوردی و کۆمەڵایەتی نمرەیەکی گونجاو، کە وەزارەت سالانە بڕیاری لەسەر دەدات، بەدەست بێنێت.**

**ج- (١٠٪) دە لە سەدی کورسییەکانی پۆلی دەیەم بۆ بەشی پیشەیی تەرخان دەکرێت، و ئەو کورسیانە بۆ دەرچوانی پۆلی (٩) نۆیەمن کە خوازیارن ئەو بەشە بخوێنن یان ئەوانەی نمرەکانیان بەشی وەرگرتن لە بەشی زانستی و وێژەیی ناکات.**

**د- ئەو خوێندکارەی بە پێی بەرزی نمرە مافی هەیە لە بەشی زانستی وەرگیرێت، ئەگەر نەیویست لەو بەشە دەستپێبکات مافی هەیە لە بەشی وێژەیی یان پیشەیی دەستپێبکات. ئەو خوێندکارەی بە پێی بەرزی نمرە مافی هەیە لە بەشی وێژەیی وەرگیرێت، ئەگەر نەیویست لەو بەشە دەستپێبکات مافی هەیە لە بەشی پیشەیی دەستپێبکات.**

**هـ- لە ئەگەری بڕیاردان لەسەر بڕگەکانی (أ) و (ب) و (ج) و (د) دەبێت وەزارەت بە لایەنی کەم بە ساڵێکی خوێندن قوتابییان ئاگادار بکاتەوە.**

**پێنجەم: وەزارت مافی هەیە پاش ئامادەکاری، بەشەکانی زانستی و وێژەیی بەگوێرەی پسپۆڕی دابەش بکات.**

**لقی سێیەم**
**بابەتەکانی خوێندن لە قۆناغی ئامادەیی**

**ماددەی (٢٠):**
**یەکەم: بابەتەکانی خوێندن لە بەشی زانستی، لەم حەوت بابەتە سەرەکییە: زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، فیزیا، کیمیا و زیندەزانی، و ژمارەیەك بابەتی تری گرنگ وەك پەروەردەی ئاینی و هونەر و وەرزش پێکدێت.**

**دووەم: بابەتەکانی خوێندن لە بەشی وێژەیی، لەم حەوت بابەتە سەرەکییە: زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، ئابووری، مێژو، جوگرافیا، و ژمارەیەك بابەتی تری گرنگ وەك پەروەردەی ئاینی و هونەر و وەرزش پێکدێت.**

**سێیەم:**
**أ- بابەتەکانی خوێندن لە بەشە پیشەییەکان، لەم چوار بابەتە سەرەکییە: زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری و ژمارەیەك بابەتی تری گرنگی وەك پەروەردەی ئاینی و هونەر و وەرزش پێکدێت.**

**ب- جگە لەو بابەتانەی خوێندن کە لە بڕگەی (أ)ی ئەم بەندە هاتووە، ژمارەیەك بابەتی خوێندنی سەرەکی تر لە هەر بەشێکی پیشەیی بەپێی پسپۆڕی دەخوێندرێت. ئەمە جگە لە هەندێك بابەتی خوێندنی هاوبەش بۆ گشت بەشەکان. گشت ئەو پرسانەش بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێن لەلایەن وەزارەتەوە.**

**چوارەم: بابەتی زمانی تورکمانی، سریانی و ئەرمەنی زمانی سەرەکین لەو خوێندنگانەی بەو زمانانە خوێندن بەڕێوە دەچێت. جگە لەوە ئەو بابەتانەش دەخوێندرێن کە لە بەندەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیەدا هاتووە و هەر یەك بەپێی پسپۆڕی خۆی.**

**پێنجەم: وەزارەت مافی هەموارکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکانی هەیە و جگە لەوە مافی زیادکردنی بابەتی تری خوێندنی هەیە.**

## لقی چوارەم
## پرۆژەی ئامادەیی

**ماددەی (٢١):**

**یەکەم: ئەرکە خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی زانستی و وێژەیی، پرۆژەیەکی زانستی یان وێژەیی یان کۆمەڵایەتی بە ناوی (پرۆژەی ئامادەیی) ئەنجام بدات.**

**دووەم: ئەو خوێندکارەی پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی زانستی و وێژەیی کە پرۆژەکەی ئەنجام نادات یاخود نمرەی ژێر (٥٠) پەنجا لە سەد دێنێت لە پرۆژەکەی بە کەوتوو هەژمار دەکرێت.**

**سێیەم: ئەرکە خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی پیشەیی و لە جیاتی (پرۆژەی ئامادەیی)، بەشداری لە خولێکی ڕاهێنان کە لە (١٤) چواردە ڕۆژی هاوین کەمتر نەبێت بکات، یاخود لە کاتی نەتوانینی ئەنجامدانی ئەو خولی ڕاهێنانە، (پرۆژەی لێکۆڵینەوە) ئەنجام بدات.**

## لقی پێنجەم
## مانەوە لە هەمان پۆل

**ماددەی (٢٢):**

**یەکەم: مانەوە لە بەشی زانستی و وێژەیی:**

**أ- لە کاتی دەرنەچوونی خوێندکار لە پۆلی دەیەم تا دوازدەیەمی بەشی زانستی یان وێژەیی لە گشت بابەتەکانی خوێندن، لە دوای بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم، خوێندکار لە هەمان پۆل دەمێنێتەوە بۆ بەردەوامبوونی خوێندن بۆ ساڵێکی تر.**

**ب- لە کاتی دەرنەچوونی خوێندکار لە پۆلی دەیەم تا دوازدەیەمی بەشی زانستی یان وێژەیی لە گشت بابەتەکانی خوێندن بۆ (٢) دوو ساڵ لەسەر یەك، لە دوای بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم، مافی نییە لە خوێندنگەی ئامادەیی پەیڕەوکراوی حکومی بمێنێتەوە، بەڵکو مافی بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەی دەرەکی وەزارەت کە لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن ڕێکدەخرێت هەیە. هەروەها مافی خوێندنی ئێوارانی هەیە.**

**ج- لە کاتی دەرچوونی خوێندکاری خوێندنگەی ئێواران، یان ئەوەی لە تاقیکردنەوەی دەرەکی بەشدار بووە، لە گشت بابەتەکان، مافی گەڕانەوەی بۆ خوێندنگەی ئامادەیی پەیڕەوکراوی حکومی هەیە، بە مەرجێك تەمەنی لە (٢٣) بیست و سێ ساڵ تێپەڕ نەکات کاتێك لە پۆلی یازدەی ئامادەیی دەستی پێکرد، و لە (٢٤) بیست و چوار ساڵ تێپەر نەکات، کاتێك لە پۆلی دوازدەی ئامادەیی دەست پێدەکات.**

د- له كاتی تێپەڕبوونی خوێندكار تەمەنی (٢٤) بیست و چوار ساڵی، بێ ئەوەی خوێندنی ئامادەیی تەواوكردبێت، مافی بەردەوامبوونی لە خوێندگەی ئامادەیی پەیڕەوكراوی حكومی نابێت، بەڵكو مافی بەشداریكردنی لە تاقیكردنەوەی دەرەكی وەزارەت كە لە كۆتایی هەر ساڵێكی خوێندن ڕێكدەخرێت هەیە. هەروەها مافی خوێندنی ئێوارانی هەیە.

دووەم: مانەوە لە ئامادەیی پیشەیی.

أ- لە كاتی دەرنەچوونی خوێندكاری پۆلی دەیەم تا دوازدەیەمی ئامادەیی پیشەیی لە گشت بابەتەكانی خوێندن، لە دوای بەشداریكردنی لە تاقیكردنەوەكانی خولی دووەم، خوێندكار لە هەمان پۆل دەمێنێتەوە بۆ بەردەوامبوونی خوێندن بۆ ساڵێكی تر.

ب- لە كاتی دەرنەچوونی خوێندكاری پۆلی دەیەم تا دوازدەیەمی ئامادەیی پیشەیی لە گشت بابەتەكانی خوێندن بۆ (٢) دوو ساڵ لەسەر یەك، لە دوای بەشداریكردنی لە تاقیكردنەوەكانی خولی دووەم، خوێندكار مافی نییە لە خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی پەیڕەوكراوی حكومی بمێنێتەوە، بەڵكو مافی بەشداریكردنی لە تاقیكرنەوەی دەرەكی وەزارەت كە لە كۆتایی هەر ساڵێكی خوێندن ڕێكدەخرێت هەیە. هەروەها ئەركە وەزارەت شێوازی خوێندنی تر بۆ ئەو خوێندكارانە بدۆزێتەوە.

ج- لە كاتی دەرچوونی خوێندكار لە تاقیكردنەوە دەرەكییەكان یان تاقیكردنەوەكانی ئامادەیی پیشەیی ناحكومی، لە گشت بابەتەكان، مافی هەیە بگەڕێتەوە بۆ خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی پەیڕەوكراوی حكومی، بە مەرجێك تەمەنی لە (٢٣) بیست و سێ ساڵ تێپەڕ نەكات كاتێك لە پۆلی یازدەی ئامادەیی دەستی پێ كرد، و لە (٢٤) بیست و چوار ساڵ تێپەر نەكات كاتێك لە پۆلی دوازدەی ئامادەیی دەستی پێكرد.

د- كاتێك خوێندكار تەمەنی (٢٤) بیست و چوار ساڵی تێپەڕاند، بێ ئەوەی خوێندنی ئامادەیی پیشەیی تەواوكردبێت، مافی بەردەوامبوونی لە خوێندگەیەكی ئامادەیی پیشەیی پەیڕەوكراوی حكومی نامێنێت، بەڵكو مافی بەشداریكردنی لە تاقیكرنەوەی دەرەكی وەزارەت، كە لە كۆتایی هەر ساڵێكی خوێندن ڕێكدەخرێت هەیە. هەروەها ئەركە وەزارەت شێوازی خوێندنی تر بۆ ئەو خوێندكارانە بدۆزێتەوە.

ماددەی (٢٣):

وەزارەت، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی تر و كەرتی تایبەت، تێدەكۆشێت بۆ بەستنەوەی خوێندنی ئامادەیی پیشەیی بە بازاڕی كار لە لایەك و خوێندنی باڵاش لە لایەكی ترەوە. لەهەمان كاتیشدا ئەركی وەزارەتە گرنگی بە هاندانی كردنەوەی خوێندنگەی پیشەیی ناحكومی بدات.

ماددەی (٢٤):
خوێندکاری ئامادەیی مافی گۆڕینی بەشەکەی بۆ بەشێکی تر هەیە، ئەگەر مەرجەکانی بەشە نوێیەکەی تێدا بێت و بەشەکە لەسەرتاوە بخوێنێتەوە.

## بەشی چوارەم
## پەیمانگە پەروەردەییەکان

ماددەی (٢٥) :
یەکەم: قۆناغی خوێندن لە پەیمانگەی پەروەردەیی لە (٥) پێنج ساڵی خوێندن پێکدێت.

دووەم: دوای بڕینی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بەسەرکەوتوویی لە هەموو بابەتەکانی خوێندن، خوێندکار مافی هەیە، بێ بەرانبەر لە پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی دەست بە خوێندن بکات، ئەگەر مەرجەکانی وەزارەتی بۆ پەیمانگەی پەروەردەیی پەیوەندیداری تێدا بێت و تەمەنیشی لە بیست ساڵ زیاتر نەبێت. هەروەها قوتابی لەسەر تێچوی خۆی مافی هەیە، لە پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بخوێنێت.

سێیەم: خوێندکار مافی بەردەوامبوونی خوێندنی لە پەیمانگە پەروەردەییەکان هەیە، بە مەرجێك تەمەنی لە (٢٨) بیست و هەشت ساڵ تێپەر نەبێت و بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت.

## لقی یەکەم
## ئامانج و بنەماکانی خوێندن لە پەیمانگە پەروەردەییەکان

ماددەی (٢٦):
یەکەم: ئامادەکردنی خوێندکار بۆ پیشەیەکی دیاریکراو لە بازاڕی کاردا.

دووەم: بەهێزکردنی تواناکانی خوێندکار سەبارەت بە گەشەکردنی بیرکردنەوەی زانستی و قوڵبوونەوەی گیانی توێژینەوە و تاقیکردنەوە، پیادەکردنی پرۆگرامی خوێندن، بەکارهێنانی سەرچاوەکان و ڕاهاتن لەسەر شێوازە هاوچەرخەکانی خوێندن.

سێیەم: بنیاتنانی بناغەیەکی بەهێز بۆ گەشەپێدانی کەسایەتیی خوێندکار و بەشداریکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و هاندانی بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە و کۆمەڵایەتی.

چوارەم: گەشەپێدانی توانستە زانستی و زانیارییەکانی خوێندکار کە لە قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی بەدەستی هێناوە و بایەخپێدان بە خوێندکار تا بتوانێت سەربەخۆیانە کار بکات و توانای هەماهەنگی لەگەڵ کەسانی تر هەبێت بۆ قوڵبوونەوە لە توانستە زانستییەکانی و بەکارهێنانیان.

**ماددەی (٢٧) :**
**وەرگرتنی خوێندکار لە پەیمانگە پەروەردەییە جیاوازەکان بەپێی ڕێنمایی دەبێت کە وەزیر پێش کۆتایی مانگی (٣) سێی هەر ساڵێك بڕیاری لێ دەدات.**

## لقی دووەم
## بابەتەکانی خوێندن

**ماددەی (٢٨):**
**یەکەم: بابەتەکانی خوێندن لە پەیمانگە پەروەردەییەکان، لەم چوار بابەتە سەرەکییە: زمانی کوردی، زمانی عەرەبی، زمانی ئینگلیزی و بیرکاری، و چەند بابەتێکی تری گرنگی وەك پەروەردەی ئاینی و هونەر و وەرزش پێکدێت.**

**دووەم: بەگوێرەی پسپۆڕی هەر بەش و قۆناغێکی خوێندن لە پەیمانگە پەروەردەییەکان ، وەزارەت بڕیار لەسەر خوێندنی بابەتی تریش دەدات.**

**سێیەم: خوێندکاری پۆلی چوارەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان، دەبێت یەکێك لەم دوو بژاردەیە هەڵبژێرێت:**
**أ- پرۆژەیەکی زانستی یان پیشەیی بە ناوی (پرۆژەی پەیمانگەی پەروەردەیی) ئەنجام بدات. ئەو خوێندکارەی لە پرۆژەکەی نمرەی پێویستی بەدەستهێنا بە کەوتوو هەژمار دەکرێت.**
**ب- بەشداری لە خولێکی ڕاهێنان، کە لە (١٤) چواردە ڕۆژی هاوین کەمتر نەبێت، بکات.**

## لقی سێیەم
## مانەوە لە هەمان پۆل لە پەیمانگەی پەروەردەیی

**ماددەی (٢٩):**

**یەکەم: لە کاتی دەرنەچوونی خوێندکار لە پۆلی یەکەم تا پێنجەمی پەیمانگەی پەروەردەیی لە گشت بابەتەکانی خوێندن، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم دەکات، خوێندکار لە هەمان پۆل دەمێنێتەوە بۆ بەردەوامبوونی خوێندن بۆ ساڵێکی تر.**

**دووەم: لە کاتی دەرنەچوونی خوێندکار لە پۆلی یەکەم تا پێنجەمی پەیمانگەی پەروەردەیی لە گشت بابەتەکانی خوێندن بۆ (٢) دوو ساڵ لەسەر یەك، دوای ئەوەی تاقیکردنەوەکانی خولی دووەم دەکات، مافی نییە لە پەیمانگەی پەروەردەیی پەیڕەوکراوی حکومی بمێنێتەوە، بەڵکو مافی بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەی دەرەکی وەزارەت کە لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن ڕێکدەخرێت هەیە.**

**سێیەم: لە کاتی دەرچوونی خوێندکاری پەیمانگەی پەروەردەیی لە تاقیکردنەوەی دەرەکی وەزارەت، لە گشت بابەتەکان، مافی گەڕانەوەی بۆ پەیمانگەی پەروەردەیی پەیڕەوکراوی حکومی هەیە، بە مەرجێك تەمەنی لە (٢٥) بیست و پێنج ساڵ تێپەڕ نەکات، کاتێك لە قۆناغی دووەم دەست پێدەکات، و لە (٢٦) بیست و شەش ساڵ تێپەڕ نەکات کاتێك لە قۆناغی سێیەم دەست پێدەکات، و لە (٢٧) بیست و حەوت ساڵ تێپەڕ نەکات کاتێك لە قۆناغی چوارەم دەست پێدەکات، و تەمەنی لە (٢٨) بیست و هەشت ساڵ تێپەڕ نەکات کاتێك لە قۆناغی پێنجەم دەست پێدەکات.**

**چوارەم: خوێندکاری پەیمانگەی پەروەردەیی مافی بەردەوامبوونی خوێندنی لە پەیمانگەی پەروەردەیی پەیڕەوکراوی حکومی نییە، ئەگەر پێش تێپەربوونی تەمەنی بیست و هەشت ساڵی خوێندن تەواو نەکات، بەڵکو مافی بەشداریکردنی لە تاقیکردنەوەی دەرەکی وەزارەت دەبێت. هەروەها دەتوانێت لە پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی و لەو پۆلەی تێیدا دەرنەچووە لە خوێندن بەردەوامبێت.**

**ماددەی (٣٠):**

**وەزارەت بە هاریکاریی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی تر و کەرتی تایبەت، هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی خوێندن لە پەیمانگە پەروەردەییەکان لەگەڵ بازاڕی کار لە لایەك و خوێندنی باڵاش لە لایەکی ترەوە بگونجێنێت.**

## بەشی پێنجەم
## حوکمە هاوبەشەکان

**ماددەی (٣١):**

**یەکەم: پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و ناحکومییەکان و فەرمانبەران لە پێناو جێبەجێکردنی بنەما و ستانداردەکانی دڵنیایی جۆری و بەدەستهێنانی متمانەی دامەزراوەیی و متمانەی پرۆگرامەکان کار بکەن.**

**دووەم: پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی وفێرکاری حکومی ناوێکی جیاکەرەوەی هەبێت، و نابێت دامەزراوە هەمان ناو یان ناوی پێکهاتووی هەبێت کە دامەزراوەیەکی تری پەروەردویی لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە هەیەتی.**

**ماددەی (٣٢):**

**یەکەم: پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و ناحکومییەکان پلانی ساڵانەیان بۆ گەشەپێدانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری هەبێت.**

**دووەم: پێویستە سەرجەم مامۆستایان پلانی ساڵانە و وەرزانە بۆ ئەو بابەتانەی لە ئەستۆیانە دابڕێژن. هەروەها پێویستە پلانەکان، خشتە و چالاکییە پلان بۆ دانراوەکان لەخۆبگرن و لە هەفتەی یەکەمی هەموو وەرزێکی خوێندن بەسەر قوتابییان و خوێندکاران دابەش بکرێن.**

**سێیەم: دامەزراوە پەروەردەییەکان ئازادن لەوەی لە پۆل سوود لە دوو مامۆستا وەربگرن، کە یەکێکیان دەبێت بە مامۆستای سەرەکی و ئەوەی دیکەش دەبێتە مامۆستای هاوکار.**

**ماددەی (٣٣):**

**یەکەم: ئەرکی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و ناحکومییەکانە تێڕوانینیان لەسەر بنەمای ئەوەی بێت کە هەر قوتابی و خوێندکارێك ڕێچکەیەکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ فێربوون و داهێنان، و پێویستە پرۆسەی خوێندن توانا و تایبەتمەندی هەر قوتابی و خوێندکارێك وەك تاك بە جیا لەبەرچاو بگیرێت.**

**دووەم: ئەرکی قوتابخانە بنەڕەتییە حکومی و ناحکومییەکانە پشتیوانیی قوتابی لە ئەستۆ بگرن و کاری بۆ بکەن، بەتایبەتیش پشتیوانی ئەو قوتابییانەی پێویستییان بە هاوکاریی زانستی زیاتر هەیە. هەروەها دەبێت ئەو پاڵپشتییە لە ساڵانی یەکەمی قۆناغی بنەڕەتیدا چڕتر بێت.**

**ماددەی (٣٤):**

**دەبێت دامەزراوەکان دۆسییەیان سەبارەت بە هەر قوتابی و خوێندکارێك هەبێت. دۆسییەکە هەر لە سەرەتای خوێندنەوە زانیاریی سەبارەت بە قوتابی و خوێندکار و چۆنیەتی هاوکاریکردنی و چۆنیەتی بەڕێوەچوونی خوێندنی ئەو قوتابی و خوێندکارەی تێیدا تۆمار دەکرێت.**

## لقی یەکەم
## وەرز و کاتەکانی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٣٥):**

**یەکەم: هەر ساڵێکی خوێندن، لە وەرزی یەکەم و دووەمی خوێندن پێکدێت و وەرزی یەکەم لە مانگی (٩) نۆ و وەرزی دووەمیش بەر لە کۆتایی هاتنی مانگی (١) یەك دەستپێدەکات. لە دۆخی نائاسایی وەزارەت مافی هەموارکردنەوەی ئەو کاتانەی هەیە.**

**دووەم: هەر ساڵێکی خوێندن بە لایەنی کەم (١٧٠) سەد و حەفتا رۆژی خوێندن لەخۆ دەگرێت و هەر حەفتەیەك بەلایەنی کەم (٥) پێنج ڕۆژی خوێندن لەخۆ دەگرێت، و هەر ڕۆژێکی خوێندن لە (٤) چوار کاتژمێر کەمتر نابێت.**

**سێیەم: پشووەکانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان لەمانەی خوارەوە پێکدێت:**

**أ- پشووی سەری ساڵ، لە ڕۆژی (٣٠) سیی کانونی یەکەم تا ڕۆژی (٢) دووی کانونی دووەم.**

**ب- پشووی نیوەی ساڵ، کە دوای کۆتاییهاتنی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی وەرزی یەکەم لە مانگی کانوونی دووەم دەبێت و نابێت پشووەکە لە یەك هەفتە زیاتر بێت.**

**ج- پشووی بەهار، لە ڕۆژی (١٩) نۆزدەی ئازار تا ڕۆژی (٢٤) بیست و چواری ئازار دەبێت.**

**د- پشووی هاوین، ماوەکەی لە دوو مانگ کەمتر نابێت.**

**هـ - پشووی جەژنەکان.**

## لقی دووەم
## ڕاگرتنی خوێندن لە بارودۆخی نائاسایی

**ماددەی (٣٦):**

**یەکەم:** لە بارودۆخی نائاساییدا، وەزیر مافی ڕاگرتنی دەوامی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و ناحکومییەکانی بۆ ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ هەیە، بە مەرجێك ئەنجومەنی وەزیران لە بڕیارەکە و هۆ و ڕێکارەکانی ڕاگرتنەکە ئاگادار بکرێتەوە. ئەنجومەنی وەزیران مافی درێژکردنەوەی ماوەکەی هەیە بە درێژایی بارودۆخە نایاساییەکە.

**دووەم:** لە بارودۆخی نائاساییدا، بەڕێوبەریی گشتیی پەروەردە لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان مافی ڕاگرتنی دەوامی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و ناحکومییەکانی بۆ ماوەی (٢) دوو ڕۆژ هەیە، بە مەرجێك وەزیر لە بڕیارەکە و هۆ و ڕێکارەکانی ڕاگرتنەکە ئاگادار بکرێتەوە. وەزیر مافی درێژکردنەوەی ماوەکەی هەیە بۆ ماوەی یەك حەفتە.

## لقی سێیەم
## بەشەوانەکانی خوێندن

**ماددەی (٣٧):**

پێش کۆتاییهاتنی مانگی پێنجی هەموو ساڵێك، دەبێت وەزارەت لایەنی کەمی ژمارەی وانەکانی خوێندن لە هەر بابەتێکدا و بۆ هەر قۆناغێکی خوێندنی بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو دیاری بکات، بە مەرجێك لەگەڵ بازنەکانی خوێندن و چوارچێوەی پرۆگرامی فێرکاری بگونجێت.

## لقی چوارەم
## کتێبەکانی خوێندن و پێداویستییەکانی تر

**ماددەی (٣٨):**

**یەکەم:** ئەرکی وەزارەتە کتێبەکانی خوێندن بەخۆڕایی بۆ دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان دابین بکات، بەمەبەستی دابەشکردنیان بەسەر قوتابییان و خوێندکاراندا لە حەفتەی یەکەمی ساڵی خوێندن.

**دووەم:** ئەرکی وەزارەتە کتێبەکانی خوێندن بەخۆڕایی بۆ ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییانەی پرۆگرامی حکومی بە کاردێنن دابین بکات، بەمەبەستی دابەشکردنیان بەسەر قوتابییان و خوێندکاراندا لە حەفتەی یەکەمی ساڵی خوێندن.

**سێیەم: ئەركی وەزارەتە بەمەبەستی بەڕێوەچوون و پەرەپێدانی پرۆسەی خوێندن گشت پێداویستییەكانی تر بۆ دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییە حكومییەكان دابین بكات.**

**لقی پێنجەم**
**مافی خوێندن بە زمانەكانی تر لە قوتابخانە و خوێندنگە حكومییەكان**

**ماددەی (٣٩):**

**یەكەم: خوێندن بە زمانی (عەرەبی و توركمانی و سریانی و ئەرمەنی) بۆ قوتابییان و خوێندكارانی ئەو پێكهاتانە، لە قوتابخانە و خوێندنگەی حكومی تایبەت بەو زمانانە دابینكراو دەبێت، بە مەرجێك بابەتی زمانی كوردی لەو ناوەندانە بخوێندرێت و بە مەرجێك بەخێوكاری قوتابی زمانی دایكی جیاوازیان وەك لە زمانی كوردی هەبێت، و ژمارەی قوتابییان گونجاو بێت بۆ كردنەوەی قوتابخانەیەكی لەو جۆرە.**

**دووەم: ئەگەر قوتابییەكی بنەڕەتی لە قوتابخانەیەكی حكومی بخوێنێت كە بە زمانی دایك نەبێت، مافی هەیە لە قوتابخانەیەكی تر كە بە زمانی كوردییە، و بێ بەرانبەر بۆ ماوەی دوو كاتژمێر لە هەفتەیەكدا بە زمانی دایك بخوێنێت، ئەگەر داوای ئەوەی كرد و بە مەرجێك بەخێوكاری قوتابی، زمانێكی دایكی تریان هەبێت، جیاواز لە زمانی كوردی و ژمارەی قوتابییان كە دەیانەوێت بەو زمانە بخوێنن لەو قوتابخانەیە لە (١٠) دە قوتابی كەمتر نەبێت.**

**سێیەم: مافی وەزارەتە باخچەی منداڵان و قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەی پەروەردەیی حكومی بە زمانی ئینگلیزی و زمانە جیهانییەكانی تر بكاتەوە، لەگەڵ مسۆگەركردنی خوێندنی زمانی كوردی و بەگوێرەی حوكمەكانی ئەم یاسایە.**

## لقی شەشەم

## قوتابییان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت

**ماددەی (٤٠):**

**یەکەم:** قوتابی خاوەن پێداویستیی تایبەت کە لە چوارچێوەی تەمەنی یاسایی خوێندندایە، مافی خوێندن و دابینکردنی هەلی یەکسانی هەیە و پەیوەندیکردن و بەردەوامبوونی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان هەیە، بە ڕەچاوکردنی بەندی (سێیەم)ی ماددەی (٤١) چل و یەك.

**دووەم:** پێویستە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن گرنگی بەو قوتابی و خوێندکارانە بدرێت، کە خاوەن پێداویستیی تایبەتن، بەپێی جیاوازیی توانست و ئامادەباشییان، لەگەڵ دابینکردنی مامۆستایانی پەروەردەی تایبەت؛ ئەوەش بەمەبەستی پشتیوانیکردن و بەردەوامبوونیانە لە خوێندن.

**سێیەم:** ئەرکی وەزارەتە پێوەر و هۆکار و کەلوپەلی تایبەت و شێوازی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوەی گونجاو بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە دابین بکات.

**چوارەم:** ئەرکی وەزارەتە ناوەڕۆکی پلانی فێرکاری و پرۆگرامەکانی خوێندن و بەڵگە پەروەردەییەکان بۆ میلاکەکانی فێرکردن و چالاکییە تایبەتەکان، کە پەیوەستن بە کتێبەکانی خوێندن گەشە پێبدات و بیانڕەخسێنێت، تاکو ببنە کۆڵەکەی خوێندنی گونجاو بۆ قوتابییان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت.

**پێنجەم:** ئەرکی وەزارەتە کار بۆ پتەوکردنی ڕۆڵی هۆشیاریی کۆمەڵگە و بەشداریپێکردنی کەسوکاری قوتابییان و خوێندکاران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکات.

**شەشەم:** ئەرکی دامەزراوە پەروەردەییەکانە، کاربکەن بۆ ئەوەی تەلاری قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پەروەردەییەکان لەگەڵ پێویستێیەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بگونجێنن و هەروەها ژینگەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری گونجاویان بۆ دابین بکەن.

**حەوتەم:** ئەرکی وەزارەتە دابینکردنی ڕێڕەوی خوێندنی جۆراوجۆر بۆ قوتابییان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکات و هەروەها پێداویستیی خوێندنی پیشەیی و تەکنیکی و بوارەکانی تریان بۆ بڕەخسێنێت کە لەگەڵ تواناکانیان گونجاو بێت.

## لقی حەوتەم
## وەرگرتنی منداڵان و قوتابییان و خوێندکاران

**ماددەی (٤١):**

یەکەم: وەرگرتنی منداڵان و قوتابییان و خوێندکاران و تۆمارکردنیان لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان، بەپێی بنەمای دادپەروەری و جیاوازینەکردن دەبێت.

دووەم: پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگەیەکی حکومی، جگە لە قوتابخانە و خوێندنگە تایبەتمەندەکان، بە پلەی یەکەم ئەو قوتابی و خوێندکارانە وەربگرن کە دانیشتوی ئەو گەڕەك و ناوچە جوگرافییەن کە قوتابخانە و خوێندگەکەی تێدایە.

سێیەم: وەرگرتنی منداڵان و قوتابیان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت بەپێی یەکێك لەم دوو جۆرە دەبێت:

أ- ئەو منداڵ و قوتابی و خوێندکارانەی لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە و توانای فێربوونی پرۆگرامەکانیان لا ئاسانترە، لە پۆلی ئاسایی وەك قوتابییانی تر وەردەگیرین، بەڵام مامۆستای تایبەتیان وەك مامۆستای دووەم لە پۆلدا بۆ تەرخان دەکرێت.

ب- ئەو منداڵ و قوتابی و خوێندکارانەی لە لایەن لیژنەی تایبەتەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کراوە و توانای فێربوونی پرۆگرامەکانیان، لەبەر ئۆتیزم، یان داون سیندرۆم، یان ئیفلیجی قورسی مێشك وهتد، لا قورسترە لە پۆلێکی تایبەت لە دامەزراوەکە، یان لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی تایبەت، وەردەگیرێن و پرۆگرام و مامۆستای تایبەتیان بۆ دابین دەکریت.

## لقی هەشتەم
## قوتابی وخوێندکاری گەڕاوە

**ماددەی (٤٢):**

یەکەم: ئەرکی وەزارەتە ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر بۆ ئاسانکردنی وەرگرتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێم گەڕاونەتەوە.

دووەم: ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دەرەوەی هەرێم گەڕاونەتەوە و لە ساڵێك زیاتر لە دەرەوەی هەرێم نیشتەجێ بوون، مافی خوێندنیان هەیە؛ بە مەرجێك نوسراوێك لەو قوتابخانە، یان خوێندنگە یان پەیمانگە پەروەردەییەوە بێنن، کە لە دەرەوەی هەرێم لێیهاتوون، هەروەها بڕوانامەکانی خوێندنیان پێشکەشکردبێت بەمەبەستی هاوتاکردنیان لەلایەن وەزارەتەوە وەك بنەمایەك بۆ وەرگرتنیان.

سێیەم: ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لەدەرەوەی هەرێم گەڕاونەتەوە و زمانی کوردی یان عەرەبی یاخود هەردووکیان باش نازانن، بۆ ماوەی (٢) دوو ساڵ لە دەرچوون لەو بابەتانە دەبەخشرێن.

## لقی نۆیەم
## مافی گواستنەوەی قوتابییان و خوێندکاران

**ماددەی (٤٣):**
قوتابییان و خوێندکارانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان مافی گواستنەوەیان بۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی تر هەیە، بە مەرجێك پێش کۆتاییهاتنی مانگی یەکەمی وەرزی یەکەمی خوێندن بێت، و قوتابی وخوێندکار ئەو مەرجانەی تێدابێت کە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە نوێیکە داوایان دەکات. جگە لەوە قوتابی و خوێندکار لە بارودۆخی تایبەتدا کە وەزارەت پێشوەختە دیاریکردووە، مافی گواستنەوەیان هەیە، هەرچەندە لە مانگێك زیاتر بەسەر ساڵی خوێندن تێپەڕ بووبێت. هەروەها قوتابی مافی گواستنەوەی بۆ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، لەسەر خەرجی خۆی هەیە.

## لقی دەیەم

**ماددەی (٤٤):**
یەکەم: لە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا گشت ئەو کار و ڕەفتارانەی لەگەڵ پەیامی پەروەردە و فێرکاری ناگونجێن ڕێپێنەدراون، بەتایبەتیش ئەمانەی خوارەوە:

أ- هەڵگرتنی چەك و ئامێری بریندارکەر و مەترسیدار.

ب- جگەرەکێشان و فرۆشتن و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و سەرخۆشکەر و هەر ماددەیەکی دیکەی ڕێپێنەدراو.

ج- چالاکیی دوور لە پەروەردە و فێرکاری و ڕێکلامی بازرگانی و چالاکیی سیاسی.

د- بەکارهێنانی توندوتیژیی جەستەیی و دەروونی و مەعنەوی و بەکارهێنانی ڕەفتاری یەکتر شکاندن.

هـ - بەکارهێنان و نیشاندانی ئەو دروشمانەی لەگەڵ بنەماکانی پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گەلی کوردستان ناگونجێن.

دووەم: ئەو کەسانەی سەرپێچی بەرانبەر بە خاڵەکانی بەندی (یەکەم) ی ئەم ماددەیە بکەن، سزایەك یان چەند سزایەکی کارگێڕی دەدەرێن، بەپێی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی لەسەر ئەم دەردەچن، بێ ئەوەی ڕێگە لە سزایەکی تر بگرێت، کە لە یاسایەکی تردا هاتووە بەرانبەر بەو کەسانە.

ماددەی (٤٥):
یەکەم: دەبێت قوتابییان و خوێندکارانی قوتابخانە و خوێندنگە حکوومییەکان، پابەندبن بە جلوبەرگێکی یەکپۆشی کە لە لایەن وەزارەتەوە بە ڕێگەپێدراوە دادەنرێت.

دووەم: ئەرکی وەزارەتە شێوازی جلوبەرگی یەکپۆشی دیاری بکات و دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکانی لێ ئاگادار بکات و ڕێگە نادرێت گۆڕانکاری تێدابکرێت بێ ڕەزامەندی وەزارەت. ئەگەر وەزارەت ویستی گۆڕانکاری لە جلوبەرگەکە بکات، دەبێت پێش کۆتاییهاتنی مانگی پێنج بێت و گشت دامەزراوەکانی لێ ئاگادار بکاتەوە.

ماددەی (٤٦):
یەکەم: پێویستە قوتابی و خوێندکار لە وانەکان ئامادە و بەشدار بن.

دووەم: بنەماکانی پەیڕەوی خوێندن و ڕێکخستنی هەڵسوکەوتی قوتابییان و خوێندکاران بەگوێرەی ڕێنمایی وەزارەت ڕێك دەخرێن، بە ڕەچاوگردنی ئەوەی کە سزای دورخستنەوەی قوتابییانی خوێندنی بنەڕەتی لەماوەی یەك ساڵی خوێندندا نابێت لە (١٠) دە ڕۆژ زیاتر بێت.

## لقی یازدەیەم

ماددەی (٤٧):
نابێت دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان، جگە لە قوتابخانە و خوێندنگە تایبەتمەندەکان، مەرجی پێشوەختە و تاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار دابنێن، جگە لە مەرجەکانی توانای زمانەوانیی قوتابی و خوێندکار و ئەو مەرجانەی لەم یاسایەدا ڕێگەیان پێدراوە.

ماددەی (٤٨):
یەکەم: پێویستە هەموو قوتابخانەیەکی خوێندنی بنەڕەتی حکومی لە یەك بازنەی خوێندن کەمتر لە خۆ نەگرێت، جگە لە گوند و ناوچە دووردەستەکان.

دووەم: پێویستە هەموو خوێندنگەیەکی ئامادەیی حکومی هەر سێ پۆلەکانی دەیەم و یازدەیەم و دوازدەیەمی لەخۆ بگرێت. لە کاتی کردنەوەی خوێندنگەیەکی تایبەتمەندی نوێ دەکرێت بە یەك پۆل دەست پێ بکرێت.

سێیەم: پێویستە هەموو پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی هەر پێنج قۆناغەکانی خوێندن لەخۆ بگرێت. لە کاتی کردنەوەی پەیمانگەیەکی پەروەردەیی نوێ دەکرێت بە قۆناغی یەکەم دەستپێبکرێت.

**ماددەی (٤٩):**

یەکەم: دەکرێت باخچەی منداڵان پاشکۆی قوتابخانە و خوێندنگە بێت و بەشێکی تەلاری قوتابخانە، یان خوێندنگەکە بەکار بێنێت، بە مەرجێك پەرژینێك، یاخود ڕێگرێك لە نێوانیاندا هەبێت.

دووەم: دەکرێت تەلاری دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری لە پۆلی یەکەمی خوێندنی بنەڕەتی تا پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لەخۆ بگرێت، بە مەرجێك پەرژینێك، یاخود ڕێگرێك لە نێوان قوتابییان و خوێندکاران هەبێت.

سێیەم: دەکرێت تەلاری کۆمەڵگەی پەروەردەی منداڵی باخچەی منداڵان تا خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لەخۆ بگرێت، بە مەرجێك پەرژینێك، یاخود ڕێگرێك لەنێوان منداڵان و قوتابییان و خوێندکاران هەبێت.

**ماددەی (٥٠):**

وا باشە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان کتێبخانەیان هەبێت. لە حاڵەتی نەبوونی کتێبخانەدا لەناو دامەزراوەکە گرنگە کارئاسانی بۆ قوتابییان و خوێندکاران بکرێت بەمەبەستی گەیشتن بە نزیکترین کتێبخانە.

## لقی دوازدەیەم
## ئەنجومەنی بەخێوکارانی قوتابییان و دیداری گەشە

**ماددەی (٥١):**

**یەکەم: بەخێوکارانی قوتابییان مافی پێکهێنانی ئەنجومەنی بەخێوکارانی قوتابییانیان هەیە، بە مەبەستی پشتگیریکردنی منداڵەکانیان و پەرەپێدانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکە.**

**دووەم: ئەرکی بەڕێوەبەری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانە، کارئاسانی بۆ ئەو ئەنجومەنە بکات، ئەگەر هەبێت.**

**سێیەم: ئەنجومەنەکە لە (٣) سێ تا (٩) نۆ کەس پێکدێت و یەکێکیان دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنەکە.**

**چوارەم: ئەنجومەنەکە مافی داڕشتنی ئامانج و پلانی کاری خۆی هەیە.**

**پێنجەم: ئەنجومەنەکە کۆبونەوەی خولی خۆی دەکات و جگە لەوەش دەتوانێت لەناکاو کۆبونەوەی تر، سەبارەت بەو پرسانەی کە پەیوەستن بە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و فێرکاری، بکات.**

**ماددەی (٥٢) :**

**ئەرکی قوتابخانە بنەڕەتییەکانە لەناوەڕاستی هەر وەرزێکی خوێندن، دیداری گەشە بۆ قوتابییەکانیان ڕێك بخەن.**

## لقی سێزدەیەم
## تۆمارەکانی ناو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٥٣):**

**ئەرکی گشت دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکانە ژمارەیەك تۆماریان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەت هەبێت.**

## لقی چواردەیەم
## چێشتخانە و فرۆشگە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٥٤):**

یەکەم: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی مافی کردنەوەی چێشتخانە و فرۆشگەی بۆ قوتابی و خوێندکارانی دامەزراوەکە هەیە، بە مەرجێك پەسەندنامەی وەزارەتی تەندروستی بۆ وەربگیرێت. لە کاتی کردنەوەی چێشتخانە و فرۆشگە دەبێت خواردەمەنییەکان تەندروست بن و بە نرخێکی گونجاو بن کە پێشوەختە و ساڵانە لەلایەن دامەزراوەکەوە، یاخود لیژنەیەکی وەزارەت پەسەند بکرێت.

دووەم: ئەرکی ئەنجومەنی کارگێڕی دامەزراوە حکومییەکەیە، زیادکردنی ئاشکرا (مزايدة علنية) سازبکات، بۆ بەکرێدانی چێشتخانە و فرۆشگەکە. وردەکاری ئەم پرسە بە ڕێنمایی کە وەزیر دەری دەکات ڕێکدەخرێت.

سێیەم: داهاتی بەکرێدانی چێشتخانە و فرۆشگە بۆ بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکە و ئەو خەرجییە پەروەردەییانەی ئەنجومەنی کارگێڕی دامەزراوەکە بڕیاریان لێ دەدات بەکار دێت.

چوارەم: ئەرکی دامەزراوەکەیە کرێچی پابەند بکات بە پابەندبوون بە مەرجەکان و ڕێنماییە تەندروستییەکانی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## لقی پازدەیەم
## شوێنی حەواندنەوەی قوتابییان

**ماددەی (٥٥):**

یەکەم: وەزارەت مافی تەرخانکردنی شوێنێکی لە قوتابخانە حکومییەکان هەیە، بۆ حەواندنەوەی ئەو قوتابییانەی تەمەنیان لە خوار (١٤) چواردە ساڵییە و، شوێنەکان کراوە دەبن لە دوای تەواوبوونی دەوامی قوتابییان تاکوو کاتژمێر پێنجی ئێوارە و بە نرخێکی مانگانەی ڕەمزی دەبێت کە وەزارەت بڕیاری لێ دەدات.

دووەم: بۆ کارکردن لە شوێنی حەواندنەوەی کە لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێ کراوە، (٢) دوو فەرمانبەر یان زیاتر لەلایەن دامەزراوەکەوە دەستنیشان دەکرێن.

## لقی شازدەیەم
## قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەند و کۆمەڵگەی پەروەردەیی

**ماددەی (٥٦):**

**یەکەم: وەزارەت مافی کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگەی تایبەتمەندی حکومی هەیە، وەك خوێندن بۆ بەهرەداران، یاخود خوێندنگەی تایبەتمەند بە مۆسیقا، هونەر، وەرزش، زمانی تری یاخود تایبەتمەندییەکی تری تێدادەکرێت.**

**دووەم: وەزارەت مافی دامەزراندنی کۆمەڵگەی پەروەردەیی حکومی هەیە و مافی ڕێگەپێدانی دامەزراندنی کۆمەڵگەی پەروەردەیی ناحکومی هەیە.**

## لقی حەڤدەیەم
## خوێندنی ئەلکترۆنی

**ماددەی (٥٧):**

**یەکەم: لە کاتی پێویست وەزارەت مافی ڕێگەپێدانی بە خوێندنی ئەلکترۆنی و ئۆنلاین ، بە هەموو جۆرەکانیانەوە و لە هەر قۆناغێکی خوێندندا هەیە.**

**دووەم: دەکرێت ئەو خوێندنە پاڵپشتیکاربێت، یاخود پابەندکراوە.**

## بەشی شەشەم
## دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە هاوبەش و پشتیوانکراو و نێودەوڵەتییەکان

### لقی یەکەم
### دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە هاوبەش و پشتیوانکراوەکان

**ماددەی (٥٨):**
**یەکەم: وەزارەت مافی ڕادەستکردنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی هەیە بەرانبەر بە خەرجییەکی ساڵانە.**

**دووەم:**
**أ- ئەرکی وەزارەتە بڕێك پارە بە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکەی لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەی پێ کراوە بدات.**

**ب- نابێت ئەو بڕە پارەیە لە بڕی تێچوی بەڕێوەبردنی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومیەکان کە لەلایەن خودی وەزارەتەوە بەڕێوەدەبرێت زیاتر بێت و دەبێت بەپێی گرێبەست بێت.**

**ج- دامەزراوە ناحکومییەکە گشت تێچوەکانی موچە و کرێی تەلارەکە و تێچوەکانی تر لە ئەستۆ دەگرێت.**

**سێیەم: ڕادەستکردن و پێدانی تێچوی ساڵانە بە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکە و شێوازی بەڕێوەبردن و هەلومەرجی کاری فەرمانبەران و شێوازی سەرپەشتیکردن و تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان و گشت پرسەکانی تر، بەپێی گرێبەستی پێشوەختەی نێوان وەزارەت و دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکە دەبێت. گرێبەستەکە هەر (٣) سێ ساڵ جارێك دەکرێت نوێبکرێتەوە.**

**چوارەم: ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومیانەی بەڕێوەبردنی دامەزراوە پەروەدەیی و فێرکارییە حکومی دەگرنە ئەستۆ، دەتوانن پرۆگرامێکی خوێندنی حکومی یاخود پرۆگرامێکی خوێندنی نێودەوڵەتی باوەڕپێکراو پیادە بکەن.**

**پێنجەم: خوێندن بۆ قوتابییان و خوێندکاران لەم جۆرە دامەرزاوانە بە خۆڕاییە.**

**شەشەم: بەڵگەنامەی دەرچوونی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی و دوازدەیەمی ئامادەیی ئەم دامەزراوانە بە یەکێك لەم دوو جۆرە دەبێت:**
**أ- ئەگەر پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەکە/خوێندنگەکە نێودەوڵەتی بوو، بەڵگەنامەی دەرچوون**

لەسەر بنەمای تێکڕای دەرچوون لە قوتابخانە/خوێندنگە و دەرچوون لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان دەدرێت.

ب- ئەگەر پرۆگرامی خوێندن حکومی بوو، بەڵگەنامەی دەرچوون بەپێی ڕێکاری پێدانی بڕوانامە لە قوتابخانە و خوێندنگە حکومەییەکان دەدرێت، بە هەژمارکردنی دەرئەنجامی تاقیکردنەوە وەزارییەکان.

حەوتەم: کاروباری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە هاوبەش و پشتیوانکراوەکان بەپێی ڕێنمایی کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات ڕێکدەخرێت.

## لقی دووەم
## دامەزراوە پەروەردەیی وفێرکارییە حکومییە نێودەوڵەتییەکان

**ماددەی (٥٩):**

یەکەم: وەزارەت مافی هەیە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی بکات بە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی حکومی کە وەزارەت بەڕێوەی بەرێت، بە گرێبەستێك لەگەڵ ناوەندێکی فێرکاری نێودەوڵەتی، هەروەها وەزارەت مافی کردنەوەی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاریی حکومیی نێودەوڵەتی نوێی هەیە.

دووەم:

أ- کارمەندانی ئەم جۆرە دامەزراوانە فەرمانبەر و کارمەندی حکومی دەبن، بە ڕەچاوکردنی بڕگەی (ب)ی ئەم بەندە.

ب- وەزارەت مافی گرێبەستی لەگەڵ مامۆستایانی دەرەوەی وڵات هەیە بۆ کارکردن لەم جۆرە دامەزراوانە، ئەویش بەرانبەر بە بڕە موچەیەك. جگە لەوە وەزارەت مافی بەکارهێنانی کارمەندان و مامۆستایانی دەرەوەی وەزارەتی هەیە. موچەی گشت ئەوانە لە داهاتی قوتابخانەکە دەدرێت.

سێیەم: خوێندن بۆ قوتابییان و خوێندکاران لەم جۆرە دامەرزاوانە بە خۆڕاییە.

چوارەم: پرۆگرامی خوێندنی ئەم جۆرە دامەزراوانە، پشتبەست بە یەکێك لە پرۆگرامە نێودەوڵەتییە بڕواپێکراوەکان دەبێت.

پێنجەم: بەڵگەنامەی دەرچوونی پۆلی نۆیەم و دوازدەیەمی قوتابخانە و خوێندنگە نێودەوڵەتییە حکومییەکان، لەسەر بنەمای پروگرامە نێودەوڵەتییەکە و دەرچوون لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان دەدرێت.

شەشەم: کاروباری ئەم جۆرە دامەزراوانە بەپێی ڕێنماییەك ڕێك دەخرێن کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.

## بەشی حەوتەم
## قوتابخانە و خوێندنگەی ئێواران

**ماددەی (٦٠):**

**یەکەم: قوتابخانەی ئێواران دەوامی ئێوارانە، و بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانە تەرخانکراوە کە بەهۆی مانەوەی دوو ساڵ لەسەریەك یان زیاتریان لە هەمان پۆل، یاخود بەهۆی تێپەڕبوونی تەمەنی یاساییبیان، مافی بەردەوامبوونیان لە قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی ڕۆژ نییە.**

**دووەم: ئەو قوتابی و خوێندکارانەی خوێندنی ئێواران بە سەرکەوتوویی ئەنجام دەدەن و لە تەمەنی یاسایی خوێندنی بنەڕەتی/ئامادەیین مافی هەیە بگەڕێنەوە بۆ قوتابخانە و خوێندنگەی ڕۆژ.**

**سێیەم: کاتەکانی خوێندنی قوتابخانە و خوێندنگەی ئێواران و ژمارەی بەشەوانەکان و تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان و هەموو کاروبارەکانی پەیوەست بە قوتابخانە و خوێندگەکانی ئێواران، بە ڕێنمایی کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات ڕێك دەخرێن.**

## خوێندنی ناپەیڕەوکراو

**ماددەی (٦١):**

**ئەرکی وەزارەتە قوتابخانەی خوێندنی ناپەیڕەوکراو دابین بکات، کە خوێندنی خێرا و خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەخۆ دەگرێت.**

## خوێندنی خێرا

**ماددەی (٦٢):**

**یەکەم: خوێندنی خێرا بۆ ئەو کەسانەیە کە وازیان لە قوتابخانە هێناوە، یاخود پەیوەندییان بە قوتابخانەوە نەکردووە و تەمەنیشیان لە ڕۆژی (٣١) سی و یەکی کانونی یەکەمی ئەو ساڵەی خوێندن لە (٩) نۆ ساڵ تێپەڕ بووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتۆتە (١٨) هەژدە ساڵ.**

**دووەم: ئەو قوتابیبیانەی خوێندنی خێرا کە تەمەنیان لە (١٤) چواردە ساڵ تێپەڕ ناکات، لە تەلاری تایبەت بە خۆیان دەخوێنن.**

## ئاستەکانی خوێندنی خێرا

**ماددەی (٦٣):**
**ماوەی خوێندن لە قوتابخانەکانی خوێندنی خێرا (٥) پێنج ساڵە و ئەم پێنج ئاستەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**
**یەکەم: ئاستی یەکەم، کە هاوتایە بە ئاستی پۆلی یەکەم و دووەمی قۆناغی بنەڕەتی.**
**دووەم: ئاستی دووەم، کە هاوتایە بە ئاستی پۆلی سێیەم و چوارەمی قۆناغی بنەڕەتی.**
**سێیەم: ئاستی سێیەم، کە هاوتایە بە ئاستی پۆلی پێنجەم و شەشەمی قۆناغی بنەڕەتی.**
**چوارەم: ئاستی چوارەم، کە هاوتایە ئاستی پۆلی حەوتەم و هەشتەمی قۆناغی بنەڕەتی.**
**پێنجەم: ئاستی پێنجەم، کە هاوتایە بە ئاستی پۆلی نۆیەمی قۆناغی بنەڕەتی.**

**ماددەی (٦٤) :**
**یەکەم: بەڵگەنامەی دەرچوون بە هەموو ئەو قوتابییانەی کە بەسەرکەوتوویی ئاستی پێنجەمی قوتابخانەی خێرایان تەواو کردووە، دەدرێت.**

**دووەم: ئەو قوتابییانەی کە ئاستی پێنجەم بەسەرکەوتوویی دەبڕن، مافی بەردەوامبوونی خوێندنیان لە پۆلی دەیەمی خوێندنگەی ئامادەیی هەیە، بە مەرجێك تەمەنیان لە (٢٢) بیست و دوو ساڵ تێپەر نەبوو بێت.**

**سێیەم: بۆ گەڕانەوە بۆ خوێندن لە قوتابخانەی بنەڕەتی پەیڕەوکراو، قوتابییانی خوێندنی خێرا دەبێت بەشدار بن لەو تاقیکردنەوانەی وەزارەت ڕێکیدەخات بۆ دەستنیشانکردنی ئاستی قوتابییان.**

**چوارەم: پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و بەدەستهێنانی بڕوانامەکان و کاروبارەکانی تری پەیوەست بە خوێندنی خێرا، بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێن کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.**

## نەهێشتنی نەخوێندەواری

**ماددەی (٦٥) :**
**یەکەم: هەموو ئەوانەی کە ناتوانن بخوێننەوە و بنوسن و بنەماکانی ژماردن نازانن و تەمەنیشیان لە شازدە ساڵ زیاترە و لە پەنجا ساڵ کەمترە، مافیان هەیە، پەیوەندی بە قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بکەن.**

**دووەم: خوێندن لە قوتابخانەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە یەك ساڵی پێکدێت و هەر کەسێك بەسەرکەوتوویی ئەو قۆناغە ببڕێت بەڵگەنامەی دەرچوونی نەهێشتنی نەخوێندەواری پێدەبەخشرێت، کە هاوتایە بە بەڵگەنامەی دەرچوون لە پۆلی (٦) شەشی خوێندنی بنەڕەتی.**

**سێیەم: پرۆگرام و بابەتەکانی خوێندن و ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و بەدەستهێنانی بڕوانامەکان و کاروبارەکانی تری پەیوەست بە خوێندنی نەهێشتنی نەخوێندەواری، بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێن کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.**

## تاقیکردنەوەی دەرەکی

**ماددەی (٦٦):**

**یەکەم: هەر کەسێك تەمەنی (١٩) نۆزدە ساڵی تێپەڕ کردبێت و خوێندنی بنەڕەتی تەواونەکردبێت، مافی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی کە وەزارەت ساڵانە ڕێکیان دەخات هەیە، ئەویش بێ بەرانبەر و لە هەر کام لە ئاست و بابەتەکانی خوێندنی بنەڕەتی، بە تاقیکردنەوەکانی وەزاریشەوە دەبێت.**

**دووەم: هەر کەسێك تەمەنی (٢٤) بیست و چوار ساڵی تێپەڕ کردبێت و خوێندنی ئامادەیی تەواو نەکردبێت، مافی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی کە وەزارەت ساڵانە ڕێکیان دەخات هەیە، ئەویش بێ بەرانبەر و لە هەر کام لە ئاست و بابەتەکانی خوێندنی ئامادەیی، بە تاقیکردنەوەکانی وەزاریشەوە.**

**سێیەم: هەر کەسێك تەمەنی (٢٨) بیست و هەشت ساڵی تێپەڕ کردبێت و خوێندنی پەیمانگەی پەروەردەیی تەواو نەکردبێت، مافی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی کە وەزارەت ساڵانە ڕێکیان دەخات هەیە، ئەویش بێ بەرانبەر و لە هەر کام لە ئاست و بابەتەکانی خوێندنی پەیمانگە پەروەردەییەکان، بە تاقیکردنەوەکانی وەزاریشەوە دەبێت.**

**چوارەم: هەر کەسێك لەو تاقیکردنەوانەی کە بەپێی بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە دەکرێن بەسەرکەوتووی ئەنجام بدات، بڕوانامەی تەواوکردنی خوێندنی ئەو بابەتە یان ساڵی خوێندنی دیاریکراوی پێدەدرێت.**

## بەشی هەشتەم
## فەرمانبەران و پێکهاتە پەروەردەیی و کارگێڕییەکان لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکاریە حکومییەکان

### لقی یەکەم
### بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستایان و فەرمانبەران و کارمەندانی تر لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٦٧):**

**یەکەم: هەموو باخچەیەکی منداڵانی حکومی بەڕێوەبەر و مامۆستا و فەرمانبەرانی تر لەخۆ دەگرێت و ئەگەر ژمارەی منداڵان لە باخچەیەك لە (٢٠٠) دوو سەد منداڵ زیاتر بوو، دەبێت یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەری بۆ دابنرێت.**

**دووەم: هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی، بەڕێوەبەری خۆی دەبێت و ئەگەر ژمارەی قوتابییانی دامەزراوەکە لە (٢٠٠) دوو سەد قوتابی و خوێندکار تێپەڕ بوو دەبێت یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەر یان زیاتر دابنرێت.**

**سێیەم: هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی ژمارەیەك مامۆستای دەبێت، کە لەگەڵ ژمارەی قوتابییان یان خوێندکارەکان بگونجێت.**

**چوارەم: وا باشە، هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی کە (٣٠٠) سێ سەد قوتابی یان خوێندکاری زیاتر هەبوو، ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی هەبێت.**

**پێنجەم: وا باشە، هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی کە (٣٠٠) سێ سەد قوتابی یان خوێندکاری زیاتر هەبوو، خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ دابین بکرێت.**

**شەشەم: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی حکومی، پێویستە ژمارەیەك فەرمانبەری کارگێڕی و خزمەتگوزاری هەبێت کە بەپێی ڕێنماییەك دەبێت کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.**

**حەوتەم: هەموو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی بەڕێوەبەرێکی کۆمەڵگەی دەبێت، و جگە لەوە بۆ هەر قۆناغێکی خوێندنیش بەڕێوەبەرێك دادەنرێت. بەڕێوەبەری کۆمەڵگە بەرپرسی سەرەکی دەبێت لە پرسە ئەکادیمی و کارگێڕی و داراییەکان، و ئەرکی سەرەکی لەسەر شان دەبێت سەبارەت بە سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچوون و دابینکردنی دڵنیایی جۆری خوێندن لە قۆناغە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.**

هەشتەم: قوتابخانە و خوێندنگەکانی گوندەکان و شوێنە دووردەستەکان، لە مەرجەکانی بەندەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە بەدەرن، و کارەکانیان بە ڕێنماییی وەزارەت ڕێکدەخرێت.

## لقی دووەم
## ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٦٨):**

بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکە دەکات و کارەکانی بریتین لە:

یەکەم: بەڕێوەبردنی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکە.

دووەم: هەوڵدان بۆ هێنانەئارای کەشی پەروەردە و فێرکاری گونجاو، کە مایەی بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان بێت.

سێیەم: بەدواداچوون و دابینکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردەیی لە دامەزراوەکە بە شێوەیەکی گونجاو و هەماهەنگیکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدار و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە بۆ مسۆگەرکردنی باش بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە دامەزراوەکە.

چوارەم: کارکردن بۆ دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی تەندروست بۆ دامەزراوەکە و سەلامەتیی قوتابییان و خوێندکاران و سەرجەم فەرمانبەران و کارمەندانی دامەزراوەکە.

پێنجەم: کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی و کارامەیی و گیانی هاوپشتیوانی قوتابییان و خوێندکارانی دامەزراوەکە.

شەشەم: دابەشکردنی بەشەوانەکان بەیەکسانی بەسەر مامۆستایان و دڵنیابوون لە پیادەکردنی پلانی ساڵانەی خوێندنی بابەتە پەیوەندیدارەکان.

حەوتەم: دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر ئەندامانی بەشی کارگێڕی و مامۆستایان و فەرمانبەرانی تر و دانانی لیژنەی پسپۆڕ.

هەشتەم: دەستپێشخەری کردن بۆ داڕشتنی پلانی ساڵانەی دامەزراوەکە و داڕشتنی پلانی تاقیکردنەوەکان و بەدواداچوون لە بەڕێوەچوونیان.

نۆیەم: هەڵسەنگاندنی کاری مامۆستایان لەناو پۆلەکانی خوێندن.

**دەیەم: پشتیوانیکردنی مامۆستایان و فەرمانبەرانی تر لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانیان.**

**یازدەیەم: دابینکردنی کوالیتییەکی باشی خوێندن و کردنەوەی هەموو ئەو تۆمارانەی کە پێویستە لە دامەزراوەکەدا هەبن.**

**دوازدەیەم: بەرزکردنەوەی نوسراو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە، سەبارەت بە گواستنەوەی هەر فەرمانبەرێکی پەروەردەیی، وەك ئەوەی بەرژەوەندی گشتی دەیخوازێت بە مەرجێك هۆکارەکانی پێشنیارەکە خرابێتنە ڕوو، و ئەنجومەنی دامەزراوەکە نوسراوەکانی پەسەند کردبێت.**

**سێزدەیەم: پێشنیارکردن بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە سەبارەت بە ڕەخساندنی هەل بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی دامەزراوەکە بۆ بەشداربوون لە خولەکانی بەهێزکردنی تواناکانیان.**

## لقی سێیەم
## ئەرکەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٦٩):**
**یەکەم: ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری کارگێڕی، یارمەتیدانی بەڕێوەبەرە لە ئەرکە کارگێڕییەکان.**

**دووەم: ئەرکی یاریدەدەری بەڕێوەبەر بۆ کاروباری قوتابییان یان خوێندکارانە، یارمەتی بەڕێوەبەرە لە کاروباری قوتابییان و خوێندکاراندا بکات، و هەروەها یارمەتی و ڕێنماییکردنی قوتابییان و خوێندکاران بکات، و هەر ئەرکێکی تر کە بەڕێوەبەر پێی ڕادەسپێرێت.**

## لقی چوارەم
## ئەرکەکانی مامۆستا

**ماددەی (٧٠):**

**یەکەم: پەروەردەکردن و فێرکردنی قوتابی و خوێندکار بە چاکترین شێوە.**

**دووەم: بەشداریکردن لە بنیاتنانی بەهاکان لای قوتابی و خوێندکار.**

**سێیەم: گەشەپێدانی گیانی داهێنان و خوێندنەوەی بنیاتنەرانەی دەقەکان لای قوتابی و خوێندکار.**

**چوارەم: پشتیوانیکردنی قوتابی و خوێندکار لە بنیاتنانی کەسایەتی و متمانەپەیداکردن بە خۆیان.**

**پێنجەم: ڕەچاوکردنی تواناکانی قوتابییان لە کاتی وانە گوتنەوە.**

**شەشەم: داڕشتنی پلانی ساڵانەی خوێندنی ئەو بابەتانەی، کە مامۆستاکە دەیانڵێتەوە و دابەشکردنی بەسەر قوتابییان و خوێندکاراندا.**

**حەوتەم: ئامادەکردنی قوتابییان و خوێندکاران بۆ تاقیکردنەوەکان.**

**هەشتەم: ئامادەکردنی پرسیارەکان و بەشداریکردن لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان و ڕاستکردنەوەی وەڵامی تاقیکردنەوەکان و دانانی نمرەکان.**

**نۆیەم: هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی زانیاری و تواناکانی لە ڕێگەی بەشداریکردن لە خولە پەروەردەیی و فێرکارییە جۆراوجۆرەکان و بەدواداچوونیان بۆ بەرەوپێشچوونە هاوچەرخەکان لە بوارەکەی خۆی.**

**دەیەم: هەماهەنگی لەگەڵ کارگێڕیی دامەزراوەکە بۆ بەدیهێنانی ژینگەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری باش.**

**یازدەیەم: پێدانی ئەو زانیارییانەی، کە کەسوکاری قوتابییان و خوێندکاران داوای دەکەن سەبارەت بە قوتابی و خوێندکارەکانیان، و بەرەوپێشچوونی خوێندنیان.**

**دوازدەیەم: پاراستنی سەلامەتیی قوتابی و خوێندکار لەکاتی وانە و لەو کاتەی لەژێر سەرپەرشتی مامۆستان.**

**سێزدەیەم: پێشکەشکردنی نووسراو و پێشنیاز لە کاتی پێویست بە کارگێڕیی دامەزراوەکە سەبارەت بە چۆنیەتیی بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکە و دابینکردنی دڵنیایی جۆری و سەلامەتی تیایدا.**

**چواردەیەم: بەشداریکردن لە چالاکی و ئەرکە پێویستەکان لە دامەزراوەکە لە پێناو دەستەبەرکردنی بەردەوامی خوێندن لە ژینگەیەکی دروست و دابینکردنی دڵنیایی جۆری.**

پازدەیەم: بەشداریکردن لە فێربوونی بەردەوام و فێرکردنی کەسانی تر.

شازدەیەم: هەر ئەرکێکی پەروەردەیی و فێرکاری تر کە لەلایەن بەڕێوەبەرەوە کە پێی دەسپێردرێت.

حەڤدەیەم: هەر ئەرکێکی پەروەردەیی و فێرکاریی تر کە لە ڕێگەی ڕێنماییەوە کە وەزیر بڕیاریان لێ دەدات پێی دەسپێردرێت.

## لقی پێنجەم
## ئەرکەکانی ڕێنماییکاری پەروەردەیی

**ماددەی (٧١):**

ئەرکی سەرەکیی ڕێنماییکاری پەروەردەیی، بەدواداچوونە سەبارەت بە پرسی قوتابییان و خوێندکاران و پشتگیریکردنیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە چوارچێوەی دامەزراوەکە.

## لقی شەشەم
## ئەنجومەنی کارگێڕی

**ماددەی (٧٢):**

یەکەم: لە هەر قوتابخانەیەك و خوێندنگەیەك و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی، ئەنجومەنی کارگێڕی پێك دەهێنرێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەر و ئەندامیەتی هەر یەك لە:

أ- یاریدەدەرانی بەڕێوەبەر.
ب- بەرپرسی دڵنیایی جۆری.
ج- نوێنەرێکی مامۆستایان کە لە سەرەتای هەموو ساڵێکی خوێندن دەگۆڕدرێت.
د- ڕێنماییکاری پەروەردەیی، ئەگەر لە دامەزراوەکە هەبێت.

دووەم:  لە کاتی هەبوونی ئەنجومەنی بەخێوکارانی قوتابییان و خوێندکاران، سەرۆکی ئەنجومەنەکە مافی ئامادەبوونی لە ئەنجومەنی کەرگێڕی و بەشداریکردنی لە گفتوگۆکان سەبارەت بە قوتابییان و خوێندکاران هەیە، بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

**سێیەم:** ئەنجومەنەکە مانگانە و لە کاتی پێویست کۆبوونەوە دەکات و ڕۆژ و کاتی کۆبونەوەکان لەلایەن بەڕێوەبەر دیاری دەکرێن و پێشوەختە ئەندامانی ئەنجومەنەکەی لێ ئاگاداردەکرێنەوە.

**چوارەم:** بڕیارەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی بەپێی بنەمای زۆرینە دەدرێت، بەبێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتانەی بەڕێوەبەر بەپێی یاسا هەیەتی، سنوردار بکرێت.

**پێنجەم:** قوتابخانە و خوێندنگەکانی گوند و شوێنە دوورەدەستەکان، بەدەرن لەم مەرجانەی لەو بڕگانەی سەرەوەی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێ کراوە. کارەکانی ئەو دامەزراوانە بەگوێرەی ڕێنماییەك کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات ڕێك دەخرێن.

## لقی حەوتەم
## ئەرکەکانی ئەنجومەنی کارگێڕی

**ماددەی (٧٣):**
**یەکەم:** بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی وەرزی بۆ کاری دامەزراوەکە لەڕووی جێبەجێکردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین بەپێی پێوەر و ستانداردە کارپێکراوەکان.

**دووەم:** بەدواداچوون بۆ ناوەڕۆکی پلانی ساڵانە و پلانەکانی تر و ڕاپۆرتەکانی دامەزراوەکە و پرۆسەی دڵنیایی جۆری.

**سێیەم:** بەدواداچوون بۆ کاروباری دارایی و کارگێڕی. ئەرکی بەڕێوەبەرە زانیاری پێویست سەبارەت بەو کارانە بە ئەنجومەنەکە بدات.

**چوارەم:** تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی ئەو پرسە گرنگانەی دامەزراوەکە، کە لەلایەن بەڕێوەبەر داوا لە ئەنجومەن دەکرێ تاوتوێی بکات.

**پێنجەم:** تاوتوێکردنی ئەو پێشنیازانەی کە بەڕێوەبەری دامەزراوەکە خوازیارە پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزای بکات سەبارەت بە گواستنەوەی ئەندامانی وانەوتنەوە یان فەرمانبەرانی تر، ئەوەش دوای خستنەڕووی هۆیەکانی تایبەت بەو داوایە. لە ئەگەری ڕازیبوونی ئەنجومەن پێشنیازەکانی بەڕێوەبەر پشتگیری دەکرێن.

**شەشەم:** مافی پێکهێنانی لیژنەی پێویستی هەیە، لە چوارچێوەی ئەرکەکانی کە لە بڕگەکانی سەرەوەی ئەم ماددەیە هاتووە.

## لقی هەشتەم
## مەرجەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی

### ١- مەرجەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر

**ماددەی (٧٤):**
**بۆ دامەزاندنی بەڕێوەبەر پێویستە ئەم مەرجانە لە داواکاردا هەبێت:**
**یەکەم: بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هەبێت.**

**دووەم: ئەزموونی لە بواری پەروەردە و فێرکاری لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.**

**سێیەم: بەشدرای لە خولی شیاندنی بەڕێوەبەری کردبێت، کە وەزارەت بە هاریکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە، ساڵانە ئەنجامی دەدات.**

**چوارەم: بە تاوانی بەدڕەوشتی حوکم نەدرابێت، و هەروەها نابێت سزای کارگێڕی لە "سەرزەنشت" و زیاتری پێ درابێت.**

### ٢- مەرجەکانی دامەزراندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر

**ماددەی (٧٥):**
**بۆ دامەزاندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر پێویستە ئەم مەرجانە لە داواکاردا هەبێت:**
**یەکەم: دەبێت یاریدەدەری بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بڕوانامەیەکی پەروەردەیی هەبێت، کە لە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ کەمتر نەبێت.**

**دووەم: دەبێت یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پەروەردەییەکان بڕوانامەیەکی پەروەردەیی لە بڕوانامەی بەرایی زانکۆ کەمتر نەبێت و ئەزموونیشی لەبواری پەروەردە و فێرکاری لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت.**

**سێیەم: دەبێت بە تاوانی بەدڕەوشتی حوکم نەدرابێت و ناشبێت سزای کارگێڕی لە "سەرزەنشت" و زیاتری پێدرابێت.**

### ٣- مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی

**ماددەی (٧٦):**

**بۆ دامەزاندنی مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارە لە داواکاردا هەبێت، جگە لە مەرجە گشتییەکانی دامەزراندن:**

**یەکەم: بڕوانامەی بەرایی زانکۆی لە بواری پەروەردە هەبێت.**

**دووەم: بە تاوانی بەدڕەوشتی حوکم نەدرابێت.**

**سێیەم: لەکاتی دامەزراندنی یەکەمجارەی مامۆستا، مەرجە مامۆستا لە شوێنە دوورەکان بۆ ماوەیەك کە لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، خزمەت بکات. ڕێگە نادرێت بە دامەزراندنی هیچ مامۆستایەك لە شارەکان ئەگەر ئەم مەرجەی تێدا نەبێت.**

**چوارەم: دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس، هەرچەندە خوێندنەکەیان لەبواری پەروەردەش نەبێت، وەك مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی دابمەزرێن، بە مەرجێك خولی پەروەردە و فێرکاری و خولی دڵنیایی جۆریان دیبێت، کە وەزارەت ساڵانە سازی دەدات.**

**پێنجەم: دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی پەیمانگە وەك مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە کاتی پێویستدا، لە گوند و شوێنە دوردەستەکان دامەزرێن.**

## لقی نۆیەم

## ڕێکارەکانی دامەزراندنی مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەدەیی و فەرمانبەرانی تر لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٧٧):**

**یەکەم: مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی و فەرمانبەرانی تری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دادەمەزرێن.**

**دووەم: ئەنجومەنی پەروەردە لە قەزا هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی ناوی پاڵێوراوان و ناردنی بۆ وەزارەت لە ڕێگەی بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەوە.**

**سێیەم: خاڵەکانی بەرایی و شێوازی هەڵبژاردنی پاڵێوراوان، کە لە بڕگەی دووەمی سەرەوە ئاماژەی پێ کراوە، لە ڕێگەی ڕێنماییەك دەبێت کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.**

**ماددەی (٧٨)**

**یەکەم: وەزارەت مافی هەیە دەرچووانی زانکۆی بواری پەروەردە، بە گرێبەست و بە بڕە پارەیەکی مانگانەی دیاریکراو دامەزرێنێت، پاش ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت.**

**دووەم: وەزارەت مافی هەیە دەرچووانی زانکۆی بواری پەروەردە، و هەروەها هەڵگرانی بڕوانامەی دیبلۆمی بواری پەروەردە، لە گوند و شوێنە دوورەدەستەکان، وەك مامۆستای وانەبێژ دابنێت، ئەویش بە بڕە پارەیەك کە لەگەڵ ژمارەی وانەکان بگونجێت و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت.**

## لقی دەیەم

## ڕێکارەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**مادەی (٧٩):**

**یەکەم: دامەزراندنی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان لە ڕێگەی بڕیارێك دەبێت، کە بەڕێوەبەریی گشتیی پەروەردە دەیدات لەسەر بنەمای پێشنیاری ئەنجومەنی پەروەردەی قەزا.**

**دووەم: لە کاتی دامەزراندن دەبێت ڕەچاوی بڕوانامە و لێهاتویی و ئەزموون و کارامەیی و باڵانسی جەندەری بکرێت.**

**سێیەم: ماوەی دامەزراندنی بەڕێوەبەر (٤) چوار ساڵە و دەشکرێت بۆ تەنها جارێك درێژ بکرێتەوە.**

## لقی یازدەیەم

## کۆتاییپێهێنانی کاری بەڕێوەبەر

**ماددەی (٨٠):**

**کاری بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان، لەم بارانەی خوارەوە کۆتایی پێ دێت:**

**یەکەم: پاش کۆتاییهاتنی ماوەی یاسایی.**

**دووەم: پاش دەست لەکارکێشانەوەی ئارەزوومەندانەی بەڕێوەبەرەکە.**

**سێیەم: لە کاتی ساغبونەوەی ئەوەی کە بەڕێوەبەر ناتوانێت ئەرکەکانی بەجێبێنێت، جا لەبەر هەر هۆیەك بێت.**

**چوارەم: لە کاتی سزادانی بە تاوانی بەدڕەوشتی، یاخود سزایەکی کارگێڕی لە "سەرزەنشت" و زیاتر بێت.**

**پێنجەم: لەو کاتەی دامەزراوەکە (٢) دوو ساڵ لەسەر یەك لە پرۆسەی هەڵسەنگاندنی دەرەکی تەنها ئاستی (پێویستی بە پاڵپشتی زۆرە) بە دەست هێنابێت.**

**شەشەم: لە حاڵەتی وەرگرتنی مۆڵەتی (٦) شەش مانگ و زیاتر، بەڵام ئەم خاڵە مۆڵەتی دایکایەتی تاکوو یەك ساڵ ناگرێتەوە.**

## لقی دوازدەیەم
## ماف و ئەرکی فەرمانبەران

**ماددەی (٨١):**
**یەکەم: مۆڵەت و بەرزکردنەوەی پلە و گواستنەوەی فەرمانبەران بەپێی یاسا کارپێکراوەکان دەبێت.**

**دووەم: بەڕێوبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە دامەزاروە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومی و ناحکومییەکان مافی (٣٠) سی کاتژمێریان لە ساڵێکدا هەیە، بۆ بەشداریکردن لە خولی پەرەپێدانی توانا پیشەییەکانیان.**

**سێیەم: ئەرکە لەسەر وەزارەت هەل بڕەخسێنێت بۆ پەرەپێدانی بەردەوامی توانای سەرکردایەتی بەڕیوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر.**

**ماددەی (٨٢):**
**هەموو ئەوانەی میلاکی وەزارەتی پەروەردەن و هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆران، هەموو ئەو ماف و جیاوەکانەیان (إمتیازات) پێ دەدرێت کە لە یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم هاتووە.**

## لقی سێزدەیەم
## بەشەوانەکان لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٨٣):**
**یەکەم: ژمارەی بەشەوانەی مامۆستایانی قۆناغی خوێندنی بنەڕەتی، (٢٤) بیست و چوار بەشەوانەیە لە هەفتەیەکدا. ژمارەی بەشەوانەکانی مامۆستا کەم دەبێتەوە بۆ (٢٢) بیست و دوو بەشەوانە لە هەفتەیەکدا کاتێك تەمەنی مامۆستا دەگاتە (٥٠) پەنجا ساڵ.**

**دووەم: ژمارەی بەشەوانەی مامۆستایانی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی، (٢٢) بیست و دوو بەشەوانەیە لە هەفتەیەکدا. ژمارەی بەشەوانەکانی مامۆستا کەم دەبێتەوە بۆ (٢٠) بیست بەشەوانە لە هەفتەیەکدا، کاتێك تەمەنی مامۆستا دەگاتە (٥٠) پەنجا ساڵ.**

**سێیەم: ژمارەی بەشەوانەی بەڕێوەبەر (٤) چوار بەشەوانەیە لە هەفتەیەکدا. ژمارەی بەشەوانەکانی بەڕێوەبەر کەم دەبێتەوە بۆ (٢) دوو بەشەوانە لە هەفتەیەکدا، کاتێك تەمەنی بەڕێوەبەر دەگاتە (٥٠) پەنجا ساڵ.**

چوارەم: ژمارەی بەشەوانەی یاریدەدەری بەڕێوەبەر (٨) هەشت بەشەوانەیە لە هەفتەیەکدا. ژمارەی بەشەوانەکانی یاریدەدەری بەڕێوەبەر کەم دەبێتەوە بۆ (٤) چوار بەشەوانە لە هەفتەیەکدا، کاتێك تەمەنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر دەگاتە (٥٠) پەنجا ساڵ.

پێنجەم: ژمارەی بەشەوانەی مامۆستای خاوەن بڕوانامەی ماستەر، (١٨) هەژدە بەشەوانەیە لە هەفتەیەکدا. ژمارەی بەشەوانەکانی ئەو مامۆستایە کەم دەبێتەوە بۆ (١٦) شازدە بەشەوانە لە هەفتەیەکدا، کاتێك تەمەنی مامۆستا دەگاتە (٥٠) پەنجا ساڵ.

شەشەم: ژمارەی بەشەوانەی مامۆستای خاوەن بڕوانامەی دکتۆرا، (١٤) چواردە بەشەوانەیە لە هەفتەیەکدا. ژمارەی بەشەوانەکانی ئەو مامۆستایە کەم دەبێتەوە بۆ (١٢) دوازدە بەشەوانە لە هەفتەیەکدا، کاتێك تەمەنی مامۆستا دەگاتە (٥٠) پەنجا ساڵ.

حەوتەم: بەشەوانەکان بەگوێرەی پسپۆڕی و پێداویستیی دامەزراوەکە دابەش دەکرێن.

ماددەی (٨٤):

یەکەم: ژمارەی بەشەوانەکان لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە ساڵانە و پێش کۆتاییهاتنی مانگی حەوت پەسەند دەکرێت.

دووەم: ئەگەر مامۆستایەك نەیتوانی گشت ئەو بەشەوانانەی بۆی تەرخانکراوە لە دامەزراوە پەیوەندیدارەکە بڵێتەوە، ئەوا دەبێت پاشماوەی بەشەوانەکانی لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی تردا بڵێتەوە.

سێیەم: لە هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی، کرێی وانەبێژی بۆ هیچ مامۆستایەك هەژمار ناکرێت ئەگەر تەواوی بەشەوانەکانی خۆیان نەوتبێتەوە.

چوارەم: مامۆستایانی گوند و شوێنە دوورەدەستەکان ئەحکامەکانی ماددەی (٨٣) هەشتا و سێ و بەندی دووەمی ماددەی (٨٤) هەشتا و چوار نایانگرێتەوە.

ماددەی (٨٥) :

یەکەم: وتنەوەی وانەی تایبەت لەلایەن مامۆستایانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکانەوە لە دەرەوەی قوتابخانە لە بەرانبەر بڕە پارەیەك یان قەرەبویەکی تر قەدەغەیە، جگە لەو هەلومەرجی تایبەتانەی لە بەندی (دووەم)ی ماددی (١٤٧) سەد و چل و حەوتی ئەم یاسایەدا هاتووە.

دووەم: ئەو مامۆستایەی سەرپێچی بەندی (یەکەم) ی ئەم ماددەیەی کرد، سەرەتا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پەیوەندیدار بە نوسراو ئاگادار دەکرێتەوە و لە کاتی دووبارەکردنەوەی سەرپێچییەکە، بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان یەکێك لە سزا کارگێڕییەکانی بەسەردا دەسەپێت.

سێیەم: ڕێکلامکردنی بازرگانی بۆ وانەوتنەوە، لەلایەن ئەو کەسانەی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکاندا کاردەکەن قەدەغەیە.

## لقی چواردەیەم
## لێژنەکانی ناو قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پەروەردەییە حکومییەکان

**ماددەی (٨٦):**

یەکەم: لە گشت قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی حکومی و بە بڕیاری بەڕێوەبەرەکەی ئەم لێژنانە پێك دەهێنرێن:

أ- لێژنەی دڵنیایی جۆری.
ب- لێژنەی تاقیکردنەوەکان.
ج- لێژنەی وردبینیکردنی نمرەکان.
د- لیژنەی کارگێڕی.
هـ - لێژنەی هونەری بۆ کاروباری وەرزشی، هونەری و ئەدەبی و چالاکییەکان.
و- لێژنەی ژینگە و پاکوخاوێنی و بەدواداچوونی تەندروستی.

دووەم: وەزارەت مافی دانانی لێژنەی تری هەیە، بە مەرجێك پێش دەستپێکی ساڵی خوێندن دامەزراوەکانی لێ ئاگاداربکرێنەوە.

## بەشی نۆیەم
## پلانی فێرکاری و پرۆگرامەکانی خوێندن
### لقی یەکەم
### پلانی فێرکاری

**ماددەی (٨٧):**

**یەکەم: پلانی فێرکاری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بڕیاری دەربارە دەدرێت.**

**دووەم: دەبێت پلانی فێرکاری ئەم تەوەرانە لەخۆ بگرێت.**

**أ- بنەما گشتییەکان.**

**ب- بەهاکان.**

**ج- ئەو ئامانجانەی بۆ منداڵان و قوتابییان و خوێندکاران لەهەر قۆناغ و بازنەیەکدا دەبێت دابین بکرێن.**

**د- ئەو کارامەییانەی لە منداڵان و قوتابییان و خوێندکاران چاوەڕێ دەکرێت.**

**هـ - ئەو بابەتانەی خوێندن، کە دەبێت بخوێندرێن لە هەر بازنە و قۆناغێکدا و هەروەها ناوەڕۆکی سەرەکی بابەتەکە و ئامانجەکەی.**

**و- ژمارەی بەشەوانەکان لە ساڵێکدا بۆ هەر بابەتێك.**

### لقی دووەم
### پرۆگرامەکانی خوێندن

**ماددەی (٨٨):**

**یەکەم: پێویستە هەر یەك لە (باخچەی منداڵان، خوێندنی بنەڕەتی، خوێندنی ئامادەیی، پەیمانگە پەروەردەییەکان، خوێندنی خێرا، خوێندنی ئێواران و نەهێشتنی نەخوێندەواری) پرۆگرامی خوێندنی تایبەت بە خۆیان، کە لەگەڵ توانستەکانی منداڵ و قوتابی و خوێندکار لە هەر قۆناغ و بازنەیەکدا بگونجێت، هەبێت.**

**دووەم: پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە:**

**أ- بەشێکی پلانی فێرکاری کە پەیوەستە بە قۆناغێکی خوێندن یان بازنەیەکی دیاریکراو،**

**ب- کتێبەکانی خوێندن لەهەر بابەتێك،**

**ج-  کتێبەکانی ڕاهێنان،**

**د-  ڕێبەری مامۆستا،**

**هـ - ڕێبەری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی،**
**و- ڕێبەری سیستەمی تاقیکردنەوەکان و هەڵسەنگاندن.**

**سێیەم: پرۆگرامەکانی خوێندن بۆ هەر بازنە و قۆناغێك لەلایەن ئەنجومەنی وەزارەتەوە بڕیاری لێ دەدرێت، ئەویش بە سوودوەرگرتن لە کەسانی پسپۆڕ و ئەزموونە جیهانییە سەرکەوتووەکان.**

**چوارەم: ئەرکی ئەنجومەنی وەزارەتە بە لایەنی کەم هەر چوارساڵێك لەسەر پێشنیاری لێژنەی پسپۆڕ لە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن) و بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندن، پێداچوونەوە بۆ پرۆگرامەکان بکات.**

**ماددەی (٨٩):**
**یەکەم: (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن)، دوای ڕاسپاردەی نووسەرانی کتێبەکان و پسپۆڕەکان و پاش ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزارەت، مافی هەمووارکردنەوەی کتێبەکانی خوێندنی هەیە.**

**دووەم: پیادەکردنی کتێبە هەموارکراوەکانی خوێندن، لە سەرەتای ساڵی خوێندنەوە دەدرێنە قوتابییان و دەست بە پیادەکردنیان دەکرێت.**

## بەشی دەیەم
## تاقیکردنەوەکان و نمرەکانی دەرچوون و کارتەکانی نمرە و بڕوانامەکان

### لقی یەکەم
### ئامانجەکان

**ماددەی (٩٠):**
**ئامانجی تاقیکردنەوەکان بریتییە لە:-**
**یەکەم: پێوانە و هەڵسەنگاندن سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.**

**دووەم: پێوانەی ئاستی بەرەوپێشچوون و فێربوونی قوتابییان و خوێندکاران، لەبواری پەروەردەیی و فێرکاری لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی.**

**سێیەم: هەڵسەنگاندن سەبارەت بە ئاستی سەرکەوتنی مامۆستایان و بەڕێوەبەران و کارمەندانی دیکەی دامەزراوەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکاریدا.**

**چوارەم: دانانی پلانی داهاتوو بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری، ئەویش لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکان.**

## لقی دووەم
## بنەمای تاقیکردنەوەکان

**ماددەی (٩١):**

**یەکەم: تاقیکردنەوەکان لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکانی خوێندن بنیات دەنرێن.**

**دووەم: کتێبە بڕیارلێدراوەکانی خوێندن، تەنها سەرچاوەن بۆ تاقیکردنەوەکان.**

**سێیەم: گشت سزاکانی گزیکردن بە ڕێنمایی ڕێك دەخرێن.**

## لقی سێیەم
## تاقیکردنەوەکان

**ماددەی (٩٢):**

**یەکەم: ئەرکی وەزارەتە تاقیکردنەوەی وەزاری بۆ پۆلەکانی نۆیەمی بنەڕەتی و دوازدەیەمی ئامادەیی و پێنجەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان لە بابەتە سەرەکییەکان ساز بکات.**

**دووەم: ئەرکی وەزارەتە تاقیکردنەوەی نیشتیمانی بۆ پۆلەکانی چوارەمی بنەڕەتی و دەیەم و یازدەیەمی ئامادەیی و سێیەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان لە بابەتە سەرەکییەکان ساز بکات.**

**سێیەم: پرسەکانی تری تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە و تاقیکردنەوە نیشتیمانی و وەزاری و لە کام بابەت تاقیکردنەوە بکرێت، لە گشت قۆناغەکانی خوێندن بە پەیمانگە پەروەردەییەکانەوە، بە ڕێنماییەك ڕێکدەخرێت کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.**

**ماددەی (٩٣):**

**یەکەم: خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی مافیان هەیە بەشداری لە تاقیکردنەوە وەزارییەکان نەکەن و تەنها تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە بکەن.**

**دووەم: بەڵگەنامەی دەرچوون لە تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە نابێتە بنەما بۆ خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگەکانی باڵا لە هەرێم.**

**سێیەم: ئەو خوێندکارانەی لە بەندی یەکەمی ئەم ماددەیە ئاماژەیان پێ کراوە، دەتوانن لە ساڵانی دواتر بەشداری لە تاقیکردنەوە وەزارییە دەرەکییەکان بکەن و پاش دەرچوون تێیاندا و هەژماردنی نمرەکانی پۆلی دەیەم و یازدەیەم بەپێی ماددەی (٩٨) نەوەد و هەشت دەتوانن داوای خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگە باڵاکان بکەن.**

## لقی چوارەم
## تاقیکردنەوەکانی تر

**ماددەی (٩٤):**

**یەکەم: لەو قوتابخانە و پەیمانگانەی خوێندن تێیاندا بە زمانێکی ترە، نەك بە زمانی کوردی، تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە/پەیمانگەی پەروەردەیی و تاقیکردنەوە نیشتیمانی وەزارییەکان بە زمانی خوێندنی قوتابخانەکە/ پەیمانگە پەروەردەییەکە دەکرێت، و بەپێی ئەو ڕێکارە کارپێکراوانەی لە قوتابخانە و پەیمانگە پەروەردەییە حکومییەکانی تر پیادە دەکرێت.**

**دووەم:**

**أ- لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن وەزارەت تاقیکردنەوەی دەرەکی بۆ وەرزی یەکەم و دووەمی گشت قۆناغەکانی خوێندن، بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی بەهۆی کەوتن، یان هەر هۆیەکی تر لە خوێندن دابڕوان، ڕێکدەخات.**

**ب- لە کۆتایی هەر ساڵێکی خوێندن وەزارەت تاقیکردنەوەی وەزاری بە شێوەی دەرەکی بۆ ئەو خوێندکارانەی بەهۆی کەوتن یان هەر هۆیەکی تر لە خوێندن دابڕوان، ڕێکدەخات.**

**سێیەم: وەزارەت تاقیکردنەوە بۆ خوێندنی ئێواران و خوێندنی خێرا و خوێندنی تر ڕێکدەخات.**

**چوارەم: گشت ئەو تاقیکردنەوانەی لەم ماددەیە ناویان هاتووە بە ڕێنماییەك ڕێك دەخرێن کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.**

## لقی پێنجەم
## کاتەکانی تاقیکردنەوەکان

**ماددەی (٩٥):**

**یەکەم: کاتەکانی تاقیکردنەوەکان لەلایەن وەزارەتەوە دیاری دەکرێن، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە خولی دووەمی تاقیکردنەوە وەزارییەکان دەبێت پێش کۆتاییهانتی مانگی هەشت تەواو بوبێت.**

**دووەم: ئەگەر لەبەر بارودۆخی نائاسایی نەتوانرا تاقیکردنەوەکان لە کاتی خۆیدا بکرێن، ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە بڕیار لە کاتی تاقیکردنەوەکان دەدات، بە ڕەچاوکردنی لە دەستنەچوونی ساڵی خوێندنی قوتابییان.**

## لقی شەشەم

## کارتی هەلسەنگاندن و بڕوانامەی نمرەکان لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان

**ماددەی (٩٦):**

یەکەم: قوتابییانی پۆلی یەکەم تا سێیەمی خوێندنی بنەڕەتی، لە کۆتایی وەرزی یەکەم و کۆتایی ساڵی خوێندن، کارتی هەڵسەنگاندن لە قوتابخانەکانی خۆیان وەردەگرن.

دووەم: قوتابییانی پۆلی چوارەم تا هەشتەمی خوێندنی بنەڕەتی، لە کۆتایی وەرزی یەکەم و کۆتایی ساڵی خوێندن، بڕوانامەی نمرە لە قوتابخانەکانی خۆیان وەردەگرن.

سێیەم: قوتابییانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی، پاش دەرچوون لە گشت بابەتەکانی خوێندن لە تاقیکردنەوەکانی وەزاری، بەڵگەنامەی دەرچوون وەردەگرن.

چوارەم: خوێندکارانی پۆلی دەیەم و یازدەیەمی خوێندنی ئامادەیی بڕوانامەی نمرە وەردەگرن، ئەویش لە خوێندنگەکانی خۆیان و لە کۆتایی وەرزی یەکەم و کۆتایی ساڵی خوێندن.

پێنجەم: خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەم کە تەنها تاقیکردنەوەکانی قوتابخانە دەکەن، و لە تاقیکردنەوەی وەزاری بەشدار نابن، پاش دەرچوون لە گشت بابەتەکانی خوێندن، بڕوانامەی نمرە وەردەگرن، نەك بەڵگەنامەی دەرچوون، بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ماددەی (٩٣) نەوەد و سێ.

شەشەم: خوێندکارانی پۆلی دوازدەیەم کە لە تاقیکردنەوەی وەزاری بەشدار دەبن، پاش دەرچوون لە گشت بابەتەکانی خوێندن، بەڵگەنامەی دەرچوون وەردەگرن.

حەوتەم: قوتابییانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی تا دوازدەیەمی ئامادەیی، لە کۆتایی وەرزی یەکەم و وەرزی دووەمی خوێندن، بڕوانامەی نمرە لە قوتابخانەکانیان وەردەگرن.

هەشتەم:

أ- خوێندکارانی پۆلی یەکەم تا چوارەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان، لە کۆتایی ساڵی خوێندن، بڕوانامەی نمرە لە پەیمانگە پەروەردەییەکانیان وەردەگرن.

ب- خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان، پاش دەرچوون لە گشت بابەتەکان لە تاقیکردنەوە وەزارییەکان، لە کۆتایی ساڵ بەڵگەنامەی دەرچوون وەردەگرن، بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی لقی حەوتەمی ئەم بەشە.

ج- خوێندکارانی پۆلی یەکەم تا پێنجەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان، لە کۆتایی وەرزی یەکەم و وەرزی دووەم، بڕوانامەی نمرە لە پەیمانگە پەروەردەییەکانیان وەردەگرن.

نۆیەم: قوتابییانی خوێندنی ناپەیڕەوکراو، لە کۆتایی وەرزی یەکەم و کۆتایی ساڵ بڕوانامەی نمرە لەلایەن دامەزراوەکانیانەوە وەردەگرن.

دەیەم: ئەو کەسانەی لە تاقیکردنەوەی وەزاری دەرەکی بەشدار دەبن، بەڵگەنامەی دەرچوونیان پێ دەدرێت ئەگەر لە گشت تاقیکردنەوە وەزارییەکان دەرچووبێتن.

**لقی حەوتەم**

**نمرەی تاقیکردنەوەکان و بنەمای هەژمارکردنیان**

**ماددەی (٩٧):**

یەکەم: نمرەی تاقیکردنەوەکان لە (٠) سفر تا (١٠٠) سەد نمرە دەبێت.

دووەم: نمرەی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی هەر بابەتێکدا لە (٥٠) پەنجا نمرە و بەرەو سەرەوە دەبێت، جگە نمرەی دەرچوون لە هەندێك دامەزراوە کە بە پێی مۆڵەتی وەزارەت مافی دانانی سنوری تریان بۆ دەرچوون لە هەر بابەتێکدا هەیە.

**ماددەی (٩٨):**

یەکەم: تێکڕای نمرەی کۆتایی قوتابی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی تاکوو خوێندکاری پۆلی یازدەیەمی ئامادەیی بەپێی سیستەمێك دەبێت کە لەلایەن وەزارەتەوە بڕیاری لێدەدرێت.

دووەم: ئەنجومەنی وەزارەت مافی هەیە تێکڕای نمرەی کۆتایی خوێندکاری پۆلی دوازدەیەمی ئامادەیی لە هەر بابەتێکی خوێندندا لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هەر سێ ساڵی ئامادەیی هەژمار بکات، بە شێوەیەك کە (٦٠ ٪) شەست لە سەدی نمرەکان لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی وەزارەی پۆلی دوازدەیەم دەبێت، و (٢٠ ٪) بیست لە سەدی نمرەکان لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیشتمانی پۆلی دەیەم و (٢٠ ٪) بیست لە سەدی نمرەکان لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی پۆلی یازدەیەم دەبێت.

سێیەم: ئەنجومەنی وەزارەت مافی هەیە تێکڕای نمرەی کۆتایی خوێندکاری پۆلی پێنجەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان، لە هەر بابەتێکی خوێندندا لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی پۆلی پێنجەم و سێیەم هەژمار بکات، بە شێوەیەك کە (٦٠ ٪) شەست لە سەدی نمرەکان لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی وەزارەی پۆلی پێنجەم دەبێت، و (٤٠ ٪) چل لە سەدی نمرەکان لەسەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی نیشتیمانی پۆلی سێیەم دەبێت.

چوارەم: شێوازی هەژمارکردنی تێکڕای نمرە کە لە بەندەکانی (دووەم) و (سێیەم) ی ئەم ماددەیە هاتووە، تەنها لەسەر ئەو خوێندکارانە جێبەجێ دەکرێت کە پاش دەرچوونی ئەم یاسایە دەست بە خوێندنی ئامادەیی یاخود پۆلی سێیەمی پەیمانگە پەروەردەییەکان دەکەن.

پێنجەم: تێکڕای نمرەی گشتی قوتابی لە کۆی تێکڕای نمرەی کۆتایی هەر بابەتێکی خوێندن دابەش بەسەر ژمارەی بابەتەکان لەو ساڵی خوێندنە پێکدێت.

شەشەم: تێکڕای نمرەی ئەو کەسانەی لە تاقیکردنەوەی وەزاری دەرەکی بەشدار دەبن، لە کۆی نمرەی گشت ئەو بابەتانەی تاقیکردنەوەیان تێدا کردووە دابەش بەسەر ژمارەی بابەتەکان، پێکدێت.

ماددەی (٩٩):

یەکەم: وەزارەت دەبێت ساڵانە لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان پێك بهێنێت.

دووەم: لیژنەی باڵای تاقیکردنەوەکان، بەرپرسە لە بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوە نیشتیمانی و وەزارییەکان و دانانی پرسیارەکانیان و پاراستنی نهێنییەکانیان و پێشنیازکردنی ڕێنمایی بۆ ڕێکخستنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان و سەلامەتی و ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانیان و یەکلاکردنەوەی تانەکان.

ماددەی (١٠٠):

ئەو کەسانەی دزە بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکان دەکەن، یاخود بە شێوەیەکی ناڕەوا دەیدرکێنن یان باسیان دەکەن یان سەودای پێوەدەکەن دەدرێن بە دادگای تایبەتمەند.

## لقی هەشتەم
## پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەی دەرچوون

ماددەی (١٠١):

یەکەم: ئەرکی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی پارێزگایە، بەبێ بەرانبەر بەڵگەنامەی دەرچوون پشتڕاست بکات لە کاتی بەکارهێنانی لەناو وڵاتدا.

دووەم: ئەرکی وەزارەتە، بەرانبەر بە بڕە ڕسوماتێك کە لە هاوپێچی ئەم یاسایەدا هاتووە، بەڵگەنامەی دەرچوون پشتڕاست بکات لە کاتی بردنی بۆ دەرەوەی وڵات.

## بەشی یازدەیەم
## سیستەمی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن

**ماددەی (١٠٢):**
**سیستەمی دڵنیایی جۆری لە بەشی کارگێڕیی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و مامۆستا و قوتابی و خوێندکار و ڕێگەکانی وانەوتنەوە و پرۆگرامەکانی خوێندن و ژینگەی خوێندن پێکدێت.**

## لقی یەکەم
## بەرپرسیاریەتیی دڵنیایی جۆری لە وەزارەت

**ماددەی (١٠٣):**
**یەکەم: وەزارەت بەرپرسە لە جێبەجێکردنی بنەماکانی دڵنیایی جۆری و متمانەبەخشین، لەبەر ڕۆشنیایی پیوەر و ستانداردی زانستی، هەروەها پەرەپێدانی بەردەوامی توانای کادیرانی پەروەردە و فێرکاری، ئەم پرۆسەیەش لە ڕێگای کاری بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بەڕێوەبەرە دیاریکراوەکانی تر و تەرخانکردنی بودجە ی پێویست جیبەجێ دەکرێت.**

**دووەم: گرنگە لە پرۆسەی دڵنیایی جۆریدا ڕەچاوی فیدباکی قوتابیان و خوێندکاران و کارمەندانی دامەزراوە پەروەردەییەکان بکرێت.**

**سێیەم: ئەنجومەنی وەزیران، هەر کات بە پێویستی زانی، مافی هەیە بەرپرسایەتی پرسی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن کە لە ماددەکانی (١٠٢) تاکوو (١١٦) باسی لێکراوە بە دامەزراوەیەکی حکومی نوێ بسپێرێت.**

**ماددەی (١٠٤):**
**یەکەم: ڕێبەری دڵنیایی جۆری لەلایەن وەزارەتەوە بڵاودەکرێتەوە، و کۆپییەکی لای دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان دەپارێزرێت. ئەو ڕێبەرەش دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی بۆ پیادەکردن و بەدواداچوونی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دڵنیایی جۆری.**

**دووەم: بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی کارمەندان و خودی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان لە ڕووی کارگێڕی و ژینگەییەوە، وەزارەت بەر لە کۆتایی مانگی پێنجی هەر ساڵێك، فۆڕمی هاوشێوازی هەڵسەنگاندن بەسەر دامەزراوەکاندا دابەش دەکات. ئەو فۆڕمانە دەبنە**

بنەمایەك بۆ هەڵسەنگاندنی خودی و دەرەکیی ناوبەناو لەلایەن دامەزراوەکانەوە و دەبنە بنەمایەکیش بۆ ڕاپۆرتی سەرپەرشتیاران.

سێیەم: بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی دڵنیایی جۆری و پیادەکردنی بە باشترین شێوە، بەڕێوەبەرایەتییەکی کارگێڕیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگاکان/کارگێڕییە سەربەخۆکان دادەنرێت، و دەبێتە ئەرکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە لە کۆتایی هەردوو وەرزەکانی یەکەم و دووەم، زانیاری سەبارەت بە پرۆسەی دڵنیایی جۆری کۆبکاتەوە، و لەسەر بنەمای ئەوە پوختەیەك لەسەر بەجێهێنانی دامەزراوەکان لە کۆتاییی ساڵی خوێندن پێشکەش بە (بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن) بکات.

## لقی دووەم

## بەڕێوەبردنی سیستەمی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان

**ماددەی (١٠٥):**

یەکەم: بەڕێوەبەری دامەزراوەکە، بەرپرسە لە جێگیرکردنی سیستەمی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوەکە و سەرپەرشتیکردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان و ڕێبەری دڵنیایی جۆری، کە لەلایەن وەزارەتەوە ئامادەکراوە و بڵاوکراوەتەوە.

دووەم: ئەنجومەنی کارگێڕیی دامەزراوەکە، یەکێك لە ئەندامەکانی ڕادەسپێرێت بۆ بەرپرسیاریەتیی سەرپەرشتیکردن و بەدواداچوونی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دڵنیایی جۆری، ئەویش لە دوای بەشداریکردنی لە خولی ڕاهێنان.

سێیەم: هەر مامۆستایەك بەرپرسە کە بە گیانی هاوکاری لە پیادەکردنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەشدار بێت و کاربکات بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە لەو لایەنانەی کە پەیوەستن بە ئەرکەکانی خۆی.

چوارەم: ئەو مامۆستایەی دەبێتە بەرپرسی دڵنیایی جۆری، لە دوو بەشەوانەی هەفتانەی بڕیارلێدراو، دەبەخشرێت.

## لقی سێیەم

## بەڕێوەبەرایەتی سیستەمی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان

**ماددەی (١٠٦):**

**یەکەم: پێویستە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەر لە کۆتاییی مانگی پێنجی هەر ساڵێك و لە ڕێگەی ڕێکارێکی دامەزراوەکە و پڕکردنەوەی فۆرمێکی هاوبەشی دڵنیایی جۆری کە وەزارەت دایدەڕێژێت، هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ ئاستی فێربوونی قوتابی و خوێندکار و بەجێهێنانی کادیرانی وانەوتنەوە و کارگێڕی و بەڕێوەچوونی پرۆسەی دامەزراوەکە و چالاکییە جۆراوجۆرەکان و ئاستی سەرکەوتنیان لە پیادەکردنی سیستەمی دڵنیایی جۆری، بکەن؛ ئەوەش بەمەبەستی دڵنیابوونە لە بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و سوودوەرگرتنە بەمەبەستی گەشەپێدانی شێوازی کارەکەیان.**

**دووەم: پوختەیەك لە فۆڕمەکانی هەڵسەنگاندن، کە وەزارەت دایدەڕێژێت، لەگەڵ بەڵگەکان و پێداویستییەکان بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان بەرزدەکرێتەوە و هەڵسەنگاندنەکە دەبێتە بنەمای بابەتییانەی پرۆسەی هەڵسەنگاندن.**

**سێیەم: مافی هەر کەسێکە، کۆپییەکی ڕاپۆرتی کۆتاییی هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری بە دەست بهێنێت لە ڕێگەی داوایەك لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن.**

**چوارەم: پوختەیەکی ڕاپۆرتی کۆتایی دڵنیایی جۆری لە ماڵپەڕی فەرمی بەڕێوەبەرایەتییەکە، بێ ناوهێنانی ناوی ئەو کەسانەی کە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکە کار دەکەن.**

**پێنجەم: ئەگەر کەموکوڕی لە کاری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکە بەدیکرا، و لە کاتی دیاریکراو چارسەر نەکرا، ئەوکات وەزارەت ڕێکاری پێویست بەرانبەر دامەزراوەکە دەگرێتەبەر.**

## لقی چوارەم
## ڕێبەری دڵنیایی جۆری

**ماددەی (١٠٧):**

**یەکەم:**

**أ- وەزارەت، ڕێبەری دڵنیایی جۆری لەبواری پەروەردە و فێرکاریدا بڵاودەکاتەوە.**

**ب- ڕێبەری دڵنیایی جۆری پێناسەی دڵنیایی جۆری و سیستەمەکەی، و بەڕێوەبردنی سیستەمی دڵنیایی جۆری لە وەزارەت و دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، و نیشاندەرەکانی دڵنیایی جۆری لە وانەوتنەوە، و بەڕێوەبردنی دامەزراوەکان، و شێوازەکانی وانەوتنەوە، و پرۆگرامەکان، و ژینگەی دامەزراوەکە، و پێکهاتەکانی هەگبەی مامۆستا، و دیاریکردنی ڕۆڵی کەسوکاری قوتابییان و خوێندکاران لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری، و نموونەیەکی فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن، و چۆنیەتی پڕکردنەوەیان لەلایەن کادیرانی دامەزراوەکان، لە خۆدەگرێت.**

**دووەم: دەبێت ڕێبەری دڵنیایی جۆری پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن لەلایەن وەزارەتەوە ئامادە کرابێت و بەسەر دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا دابەش کرابێت.**

## لقی پێنجەم
## هەگبەی مامۆستا و بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر

**ماددەی (١٠٨):**

**یەکەم: هەر مامۆستا و بەڕێوەبەر و یاریدەرەی بەڕێوەبەرێك، هەگبەیەکی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە تایبەتییەکان سەبارەت بەباشی کارەکانیان.**

**دووەم: هەگبە ئەم پێکهاتانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:**

**أ- فێربوونی بەردەوام لە ڕێگەی ئاشنابوون بە گەشەکردنەکانی بواری پەروەردە و فێرکاری.**

**ب- سازدانی سمینار ی پەروەردەیی و فێرکاری، یان بەشداربوون تێیاندا.**

**ج- ئەنجامدانی ڕاپۆرت و توێژینەوەی پەروەردەیی و فێرکاری جیاواز.**

**د- بەشداریکردنی مامۆستا لە کارەکانی دامەزراوەکەی بۆ سەرخستنی ئەرکەکانی و بەرەوپێشبردنی لە هەموو بوارەکاندا. هەروەها ڕۆڵی پێشەنگ و داهێنەرانە ببینێت لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی دامەزراوەکەی.**

**سێیەم: وەزارەت مافی زیادکردنی پێکهاتەی تری بۆ هەگبە هەیە، و پێویستە بەڕێنمایی ڕێکدەخریت.**

## لقی شەشەم
## هەڵسەنگاندنی ساڵانەی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان و فەرمانبەرەکانیان

**ماددەی (١٠٩):**

**یەکەم:**

**أ- کادیرانی پەروەردەیی و فێرکاری و کارگێڕی، ساڵانە لەلایەن بەڕێوەبەری دامەزراوکە هەڵسەنگاندنیان لەبوارە جیاوازەکاندا بۆ دەکرێت.**

**ب- ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە تۆمارەکانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکە تۆمار دەکرێن و پوختەیەکی لەشێوەی فۆرمێك بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان و وەزارەت دەنێردرێت.**

**ج- هەڵسەنگاندنی ساڵانە وەك بنەمایەك بۆ پێشکەشکردنی ڕێز و سوپاس بەکار دێت. هەروەها بۆ دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی ئەو مامۆستایانەش کە تواناکانیان بەگوێرەی پێویست نییە.**

**دووەم: هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری لەلایەن لێژنەیەکی هەڵسەنگاندنی دەرەکی سەر بە وەزارەت و بەگوێرەی پێوەرەکانی وەزارەت و فۆڕمی تایبەت، کە بەر لە دەستپێکی ساڵی خوێندن بەسەر دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا دابەش دەکرێت، هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنە وەك هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر و دامەزراوەکە هەژمار دەکرێت.**

## لقی حەوتەم
## پرۆسەی هەڵسەنگاندن و دەرهاویشتەکانی

**ماددەی (١١٠):**

**یەکەم: ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردنە لە پارێزگاکان، فۆرمەکانی هەڵسەنگاندن کۆبکاتەوە و کورتیان بکات و، تۆمار و شییان بکاتەوە و سوودیان لێ وەربگرێت.**

**دووەم: هەڵسەنگاندنی ساڵانە، وەك بنەمایەك بۆ دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دامەزراوەکە و کارمەندانی پەروەردەیی و فێرکاری بەکار دێت، و هەروەها بۆ پێشکەشکردنی ڕێز و سوپاس.**

**سێیەم: بەجێهێنانی هەر دامەزراوەیەك بەگوێرەی زانیاری و بەڵگەکانی ڕاپۆرتی ساڵانە دەبێت، و دامەزراوەکان بەم جۆرە پۆلین دەکرێت:**

**أ- ئاستی یەکەم: پێویستی بە پشتیوانیی گەورەیە.**

**ب- ئاستی دووەم: پێویستی بە پشتیوانییە.**
**ج- ئاستی سێیەم: ناوەند.**
**د- ئاستی چوارەم: باشە.**

**چوارەم: هەر کارمەندێکی پەروەردەیی و فێرکاری لە هەر دامەزراوەیەك بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی هەگبەکەی و بەپێی ئەم پێوەرانە خوارەوە پۆلین دەکرێت:**
**أ- پێویستی بە پشتیوانییە.**
**ب- پەسەند.**
**ج- ناوەند.**
**د- باشە.**
**هـ- زۆر باشە.**
**و - نایاب.**

**پێنجەم: وەزارەت، بە پشتبەستن بە دەرهاویشتەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری، کاری هاندان دەکات.**

**شەشەم: ڕاپۆرتی ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەناو دۆسیەی دامەزراوەکە هەڵدەگیرێت و کۆپیەکی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن لە پارێزگا بەرز دەکرێتەوە.**

**لقی هەشتەم**
**دڵنیایی جۆری لەکاتی دامەزراندنی دامەزراوەیەك**

**ماددەی (١١١):**
**یەکەم: هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری دانامەزرێت و مۆڵەتی پێ نادرێت تا پێداویستییە خوازراوەکان و ڕێکارەکانی دڵنیایی جۆری و ڕێبەری دڵنیایی جۆری نەبێت.**

**دووەم: داوا لە هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان دەکرێت، هەر (٤) چوار ساڵ جارێك پشتیوانی لە وەزارەت بە دەست بهێنن. ئەوەش وەك سەلماندنی کوالیتی وانەوتنەوە وایە لە دامەزراوەکە. وەزارەتیش لەو ڕووەوە پشت بەو هەڵسەنگاندنەی دامەزراوەکە لە (٤) چوار ساڵی ڕابردوودا بەدەستی هێناوە، دەبەستێت.**

## لقی نۆیەم
## ئامانجی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن

**ماددەی (١١٢):**
**یەکەم: ئامانجی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن، گەیشتنە بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و باشترکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکاری و بنیاتنانی تواناکانە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.**

**دووەم: دەبێت پەرەپێدانی شێوازەکانی پێوانە و هەڵسەنگادنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە ڕووە جیاوازەکانیەوە، بەپێی بنەمای پێوەری بابەتی بێت، کە مەبەست لێی پەرەپێدانی بوارەکانی پێشخستنە لای قوتابی و خوێندکار و فەرمانبەرانی دامەزراوەکە، و بۆ باشترکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ناوەڕۆکەکانیان و شێوازەکانی وانەوتنەوە و تاقیکردنەوەکان و بۆ بەرزکردنی ئاستی توانای مامۆستاکانە.**

### ١- ئەرکەکانی سەرپەرشتیکردن

**ماددەی (١١٣):**
**یەکەم: بەدواداچوون و پشتیوانیکردن و پشکنینی کاری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە ڕووە جیاوازەکانەوە.**

**دووەم: پشتگیریکردنی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستەکانیان**

**سێیەم: داهێنانی ڕێکاری بابەتییانە بۆ دڵنیایی جۆری.**

**چوارەم: ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە باشبەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری، و پلان و پێشنیازەکانی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیاری و چۆنیەتیی گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردەیی و فێرکاری و چالاکییەکان و کاروباری دارایی و کارەکانی تری بەڕێوەبەرایەتییەکە.**

## ٢- ئەرکەکانی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی

**ماددەی (١١٤):**

**یەکەم: بەدواداچوون و پشتیوانیکردن و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان بۆ دڵنیابوون لە ئاستی پەروەردەیی و فێرکاری و ڕێگەکانی کارکردنیان بەمەبەستی گەشەپێدانی کاری دامەزراوەکان و پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری بە شێوەیەکی گشتی.**

**دووەم: پشتگیریکردنی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لە کارەکانیان.**

**سێیەم: دڵنیابوون لە هەبوونی ڕێکاری تۆکمە لە دامەزراوەکان بۆ دڵنیایی جۆری.**

**چوارەم: هەڵسەنگاندنی کاری کارگێڕیی دامەزراوەکان بەگوێرەی پێوەرەکانی وەزارەت.**

**پێنجەم: هەڵسەنگاندنی بەجێهێنانی مامۆستایان لە کاتی وانەوتنەوە بەپێی پێوەرەکانی وەزارەت.**

**شەشەم: هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پابەندبوونی دامەزراوەکان بە یاسا و ڕێنماییەکانی وەزارەت و ئاستی تۆمارکردنی دەسکەوتەکانی دامەزراوەکە و تۆمارکردنی هەر پێشێلکارییەك کە لە دامەزراوەکە ڕووی دابێت.**

**حەوتەم: هەڵسەنگاندن بۆ ئاستی پابەبەندبوونی دامەزراوەکان بە پروگرامەکانی خوێندن، و ڕادەی پشتیوانیکردن و هاندانی کارامەیی سەرکردایەتی لای قوتابییان و خوێندکاران و مامۆستایان لەلایەن دامەزاروەکەوە.**

**هەشتەم: دڵنیابوون لە پابەندبوونی مامۆستایان بە ئامادەکردنی هەگبەکانیان و کۆکردنەوەی بەڵگەی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام.**

**نۆیەم: هەڵسەنگاندنی مامۆستایان بەگوێرەی پێوەرە تایبەتەکان.**

**دەیەم: هەڵسەنگاندنی ئاستی پەروەردەیی و فێرکاریی قوتابییان و خوێندکاران و ڕێژەی دەرچوونیان.**

**یازدەیەم: هەڵسەنگاندنی ژینگەی خوێندن.**

**دوازدەیەم: هەڵسەنگاندنی ئاستی چالاکیی ئامادەیی پیشەیی و پەیمانگە پەروەردەییەکان لە هەماهەنگی کردنیان لەگەڵ بازاڕی کار.**

**سێزدەیەم: هەڵسەنگاندنی پلانی خوێندنی دامەزراوەکان و چۆنیەتیی جێبەجێکردنی و ئەنجامەکانیان؛ ئەوەش بەپێی چەند فۆرمێکی هەمەلایەنە و پێوەری باوەڕپێکراو.**

چواردەیەم: هەڵسەنگاندنی هەر بوارێکی تر، کە سەرپەرشتیار ، لە چوارچێوەی داواکارییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دڵنیایی جۆری و هەڵسەنگاندن، بە گرنگی دەبینێت و پێی وابێت سوود بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری دەگەیەنێت.

پازدەیەم: کارکردن لەپێناو سوودوەرگرتن لە گرنگیی توێژینەوەکانی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە گەشەپێدانی سیستەمی پەروەردەیی و فێرکاری.

شازدەیەم: وەرگرتنی سکاڵای قوتابییان و خوێندکاران و کەسوکاریان لەبارەی بەڕێوەچوونی پەروەردەیی و فێرکاری لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و لێکۆڵینەوە لێیان، بێ ئاشکراکردنی ناوی سکاڵاکار، و بڕیاردانی گونجاو لە سکاڵاکان لە ماوەیەك کە لە (١) یەك مانگ تێپەر نەکات؛ ئەوەش بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و بەرەوپێشبردنی دامەزراوەکەیە.

## ٣- ڕێکاری ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرپەرشتیار لە کاتی سەردانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان

ماددەی (١١٥):
یەکەم: ئامادەکاری بۆ سەردانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، بەگوێرەی ڕێکارەکان و پێداویستەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری.

دووەم: بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی کاری دامەزراوەکان و دڵنیابوون لە هەبوونی ڕێکاری دابینکردنی دڵنیایی جۆری و بەدواداچوون بۆیان.

سێیەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکانی سەردانیکردنەکان و نوسینی ڕاپۆرتی کۆتایی هەڵسەنگاندن.

چوارەم: ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتی کۆتایی و ناردنی کۆپییەکی بۆ دامەزراوە پەیوەندیدارەکە.

**٤- دامەزراندنی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی**

**ماددەی (١١٦):**

**یەکەم: مەرجەکانی دامەزارندنی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی.**

**أ- بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت.**

**ب- ئەزموونی لە بواری پەروەردە و فێرکاری لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت.**

**ج- ئەزموونی لە بواری مامۆستایی لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت.**

**د- ئەزموونی وەك بەڕێوەبەر، یاخود یاریدەدەری بەڕێوەبەر هەبێت.**

**هـ - بەشدرای لە خولی شیاندنی سەرپەرشتاری کردبێت، کە وەزارەت بە هاوکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە، ساڵانە ئەنجامی دەدات.**

**و- بە تاوانی بەدڕەوشتی حوکم نەدرابێت. هەروەها نابێت سزای کارگێڕی، وەك "سەرزەنشت" و زیاتری پێ درابێت.**

**دووەم: ڕێکارەکانی دامەزراندنی سەرپەرشتیاران.**

**أ- سەرپەرشتیار لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیاری و بەپێی تاقیکردنەوەی بابەتییانە، دادەمەزرێت.**

**ب- لە کاتی دامەزراندن، ئەو داواکارنە پێش دەخرێن کە خاوەن بڕوانامەی بەرزتر و لێهاتوویی زیاترن.**

**ج- هەموو کەسێك کە خۆی پاڵاوتبوو بۆ کاری سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و کارەکەی پێ نەدرا، مافی تانەلێدانی بڕیاری دامەزراندنەکەی لای ئەنجومەنی وەزارەت هەیە، ئەویش لە ماوەیەك کە لە (١٥) پازدە ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی بڕیاری دامەزراندنەکە، ئەوەش وەك داوای ستەملێکراو تەماشا دەکرێت، و دەکرێت تانە لە بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت بدرێت بەپێی یاسای کارپێکراوی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق.**

## دەروازەی سێیەم
## دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان

### بەشی یەکەم
### ئامانج و جۆرەکان و دامەزراندن

#### لقی یەکەم
#### ئامانج

**ماددەی (١١٧):**
**ئامانج لە ڕێگەپێدانی دامەزراندنی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان ئەمانەن:**

**یەکەم: ڕەخساندنی بواری نوێ بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری بە بەراورد بە تواناکانی حکومەت.**

**دووەم: دابینکردن و ئامادەکردنی پێداویستە جۆراوجۆرەکان بۆ نوێکردنەوەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە ڕێگەی پرۆگرام و ڕێکارە نوێیەکان.**

**سێیەم: هاندانی پرۆسەی وەبەرهێنانی نیشتیمانی و بیانی لە کوردستان - عێراق لە بوارەکانی پەروەردە و فێرکاری لە چوارچێوەی سیستەمێکی هاوچەرخ.**

**چوارەم: ڕەخساندنی هەل لە بواری پەروەردە و فێرکاری بۆ ڕەوەند و کەسانی بیانی و ئەوانەی گەڕاونەتەوە کوردستان - عێراق.**

**پێنجەم: سوودوەرگرتن لە ئەزموون و پێوەرە زانستییە سەرکەوتووەکان، بەمەبەستی دەوڵەمەندکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری و بەرزکردنەوەی ئاستی کوالیتی.**

## لقی دووەم

## جۆرەکانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان

**مادەی (١١٨):**

**یەکەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان لە (٤) چوار جۆر پێك دێن و بەم شێوەیە:**

**أ- دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی خۆماڵی (لوکاڵ)، کە پرۆگرامی حکومی، یان پروگرامێکی تایبەت بە خۆیان کە لە وەزارەت مۆڵەتی پێدراوە، پیادە دەکەن.**

**ب- دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی قازانج نەویست، کە پرۆگرامی حکومی، یان پروگرامێکی تایبەت بە خۆیان کە لە وەزارەت مۆڵەتی پێدراوە، پیادە دەکەن.**

**ج- دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، کە بریتین لەو دامەزراوانەی کە:**

**١- پرۆگرامێکی خوێندنی ناوەندێکی متمانەدەری نێودەوڵەتی فێرکاریی جیهانی پێشکەوتووی تێدا پیادە دەکرێت.**

**٢- سیستەمێکی ئەزموونەکانی ناوەندێکی متماندەری نێودەوڵەتی فێرکاری جیهانی پێشکەوتووی تێدا پیادە دەکرێت.**

**٣- جۆرێکی بڕوانامەیان هەبێت، کە لە یەك یان زیاتر لە وڵاتێکی پێشکەوتووی باوەڕپێکراوە و یەکسانە بە بڕوانامەی ئەو وڵاتە.**

**٤- سیستەمێکی سەرپەرشتیاری، یان هەڵسەنگاندنی ناوەندێکی پەروەردەیی نێودەوڵەتی باوەرپێکراویان هەیە.**

**د- دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییە بیانییەکان، کە پرۆگرامی خوێندن و سیستەمی ئەزموونەکان و جۆری بڕوانامە و هەڵسەنگاندنی وڵاتێکی دیاریکراو پیادە دەکەن، بە ڕەچاوکردنی بنەما سەرەکییەکانی خوێندن لە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی لە یاساکاندا هاتووە.**

**دووەم: گشت دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، پابەندن بە پیادەکردنی سیستەمی دڵنیایی جۆری و نابێت ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانج و فەلسەفەی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.**

## لقی سێیەم
## مافی دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاریی ناحکومی

**ماددەی (١١٩):**
**هەر کەسێکی سروشتی تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵ و سەروتر بوو، یاخود هەر ڕێکخراو و دامەزراوە و کۆمپانیایەك، مافی دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومییان هەیە، ئەگەر مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی بەپێی ئەم یاسایەی تێدا بێت. دەکرێت کەسە سروشتییەکە یان کۆمپانیا و ڕێکخراوەکە عێراقی بێت یان بیانی.**

**١- مەرجەکانی بەخشینی مۆڵەتی دامەزراندنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی**

**ماددەی (١٢٠):**
**یەکەم: دەبێت پرۆژەکە ناکۆك نەبێت لەگەڵ بەها نیشتیمانی و بنما گشتییەکان و بنچینەکانی فەلسەفی پەروەردە و فێرکاری لە هەرێم.**

**دووەم: پێویستە ئەو لایەنەی داوای مۆڵەت دەکات، ئەزموونی کار یان چالاکی لە بواری پەروەردە و فێرکاری لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت.**

**سێیەم: نابێت داواکاری مۆڵەت فەرمانبەری حکومی بێت.**

**چوارەم: نابێت داواکاری مۆڵەت ڕێکخراوێکی سیاسی یان ئاینی بێت.**

**پێنجەم: پێویستە داواکاری مۆڵەت، بە تۆمەتی بەدڕەوشتی حوکم نەدرابێت.**

**شەشەم: پێویستە داواکاری مۆڵەت لە ئێستادا قەرز و باجی حکومەتی لەسەر نەبێت، ئەویش لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بەڵگەنامی ئەستۆپاکی قەرز و باج.**

**حەوتەم: پێویستە داواکاری مۆڵەت تەلاری تایبەت بە خۆی، یان گرێبەستی سەرەتایی بۆ بەکرێگرتنی تەلارێکی گونجاو هەبێت، یان زەوییەکی گونجاوی بۆ دروستکردنی تەلارێکی پەروەردەیی و فێرکاری هەبێت، گشت ئەوانەش بەپێی مەرج و ڕێنماییەك دەبێت کە وەزیر دەری دەکات، بێ ئەوی مەرجە بیناسازییەکانی لەو مەرجانە توندتربن کە بۆ دروستکردنی تەلاری دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری حکومی دانراون.**

هەشتەم:
أ- پێویستە داواکاری مۆڵەت، ناوێکی جیاکەرەوەی بۆ دامەزراوەکەی دیاری بکات، بە جۆریك کە ناوەکە، یان ناوە پێکهاتووەکە نابێت هەمان ناو بێت کە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری تر هەیەتی لە هەمان بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە، و نابێت ناوەکە لەگەڵ پەیامی پەروەردە ناکۆك نەبێت.

ب- ئەگەر داواکاری مۆڵەت دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری تریشی هەبێت کە دەستبەکارن، مافی هەڵبژاردنی هەمان ناوی دامەزراوەکەی پێشتری بۆ دامەزراوە نوێکە هەیە، بەڵام بە زیادکردنی وشەیەك یان ناوێکی تر.

نۆیەم: نابێت داواکاری مۆڵەت لە (٦) شەش ساڵی ڕابوردوودا، دەستبەرداری لە خاوەندارێتی دامەزراوەیەکی پەروەدەیی و فێرکاری ناحکومی بۆ لایەنێکی تر کردبێت.

دەیەم: دەبێت داواکاری مۆڵەت گشت پێداویستییەکانی پێشکەشکردنی مۆڵەتی تێدا بێت.

## ٢- پێداویستییەکان لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریی مۆڵەت

ماددەی (١٢١):
یەکەم: دەبێت داواکاریی مۆڵەت ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت:
أ- دیاریکردنی سوودە پەروەردەیی و فێرکاری و کۆمەڵایەتییەکانی دروستکردنی دامەزراوەکە.

ب- دیاریکردنی سەرچاوە داراییەکان و لایەنی پشتیوانکار.

ج- دیاریکردنی بڕی کرێی خوێندنی ساڵانە و ژمارەی پشکەکان (الأقساط) خوێندن.

د- دیاریکردنی مەرجەکانی وەرگرتنی قوتابییان و خوێندکاران و مەرجەکانی گواستنەوەیان.

هـ - دیاریکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، بەجۆرێك کە لەگەڵ ئامانج و فەلسەفەی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبێت.

و- دیاریکردنی بنەماکانی دەرچوون و مانەوە و سیستەمی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن.

ز- دیاریکردنی بنەماکانی سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن.

ح- دیاریکردنی زمانی خوێندن.

ط- دیاریکردنی بازنە و قۆناغ و ژمارەی ساڵەکانی خوێندن لە دامەزراوەکە.

ی- دیاریکردنی کارامەیی داواکراو لە فەرمانبەرەکانی دامەزراوەکە.

ك-دیاریکردنی چۆنیەتیی دابینکردنی چاودێریی تەندروستی و چالاکییە جۆراوجۆرەکان لە دامەزراوەکە.

ل- دیاریکردنی پەیڕەوی ناوخۆی پێشنیازکراو بۆ کارگێڕیی دامەزراوەکە.

م- دیاریکردنی ڕێکارەکانی بەدەستهێنانی دڵنیایی جۆری.

ن- دیاریکردنی شوێنی دامەزراوەکە کە داوای دامەزراندنی بۆ کراوە.

س- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی قەرز و باجی دەرامەت.

دووەم: ئەگەر داواکە تایبەت بە دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی نێودەوڵەتی یان بیانی بوو، ئەو کاتە پێویستە نوسراوێکی فەرمی سەبارەت بە وەدەستهێنانی بەڵگەنامەی کاندیدبوون بۆ متمانەبەخشین (ئەکریدیتەیشن) لەلایەن ناوەندی سەرەکیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە یان دەوڵەتە پەیوندیدارەکە، لەگەڵ داواکارییەکە هاوپێچ بکرێت.

### ٣- پێشکەشکردنی داواکاریی مۆڵەت و ڕێکارەکانی وەزارەت بۆ پێدانی مۆڵەت

**ماددەی (١٢٢):**

یەکەم: پێشکەشکردنی داواکاریی مۆڵەت، لەنێوان ڕۆژی یەکەمی مانگی تشرینی دووەم تا ڕۆژی یەکەمی مانگی ئازار دەبێت.

دووەم: پێشکەشکردنی داواکاریی مۆڵەت، دوای دانی ڕسوماتی پێشکەشکردنی داواکاریی کە لە خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایەدا هاتووە و هەبوونی گشت مەرجەکانی ماددەی (١٢٠) سەد و بیست لە داواکاردا و دابینکردنی گشت پێداویستییەکانی ماددەی (١٢١) سەد و بیست و یەك, دەکرێت.

سێیەم: پێش بڕیاردان لە داواکە، وەزارەت مافی داواکردنی هەموارکردنەوەی داواکارییەکە و ئامادەکردنی هەر پێدواوستییەکی پێویست لە داواکار هەیە، بە هەموارکردنەوەی نرخی ساڵانەی خوێندنی پێشنیارکراوەوە.

چوارەم: وەزارت لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکە بە گشت مەرج و پێداویستییەکانییەوە، بڕیاری نوسینەکی لە داواکە دەدات.

پێنجەم: لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی داواکە لەلایەن وەزارەتەوە، لە بەر نەبوونی مەرجەکان لە داواکاردا، یان نەبوونی پێداویستییەکان، یان لەبەر هەموارنەکردنەوەی داواکارییەکە لەلایەن داواکارەوە، یاخود لەبەر کەمنەکردنی نرخی سالانەی خوێندن، دەبێت ڕەتکردنەوەکە نوسینەکی بێت و هۆی ڕەتکردنەوەکە لە نوسراوەکە هەبێت. لە ئەگەری ڕەتکردنەوەی داواکە، ڕسوماتی پێشکەشکردنی مۆڵەت نادرێتەوە.

شەشەم: داواکاری مۆڵەت مافی تانەلێدانی لە بڕیاری (وەزیر) لای (ئەنجومەنی وەزیران) هەیە، لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕۆژی گەیشتنی بڕیاری (وەزیر) بە داواکار.

حەوتەم: لە ئەگەری پێنەدانی مۆڵەت، داواکار مافی هەیە دوای نەمانی هۆیەکانی پێنەدانی مۆڵەت و دانی ڕسوماتی نوێ، جارێکی تر داوای مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت بکات.

## ٤- پێدانی مۆڵەت و دەرئەنجامەکانی

**ماددەی (١٢٣):**

پاش بڕیاری وەزیر بە پێدانی مۆڵەت، تەنها پاش بەجێهێنانی ئەوەی لەم دوو بەندەی خوارەوە هاتووە مۆڵەت بە کارپێکراو هەژمار دەکرێت:

یەکەم: دانی ڕسوماتی دامەزراندن، بەپێی خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایە.

دووەم: دابینکردنی دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان) بە بڕێك، کە وەزارەت بە ڕێنمایی بڕیاری لێ دەدات و بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ دەبێت، ئەویش بۆ دڵنیابوون لە بەڕێوەبردنی کاری دامەزراوەکە بە شێوەیەکی باش. لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت، دامەزراوەکە پابەند دەکرێت بە نوێکردنەوەی دڵنیایی بانکی (خطاب ضمان).

سێیەم: پێشکەشکردنی ئەو پێداویستییانەی تر کە وەزارەت بە پێویستی دەزانێت، وەك پشتگیری لە هەندێك دامودەزگای حکومی.

**ماددەی (١٢٤):**
یەکەم: ڕێگە نادرێت هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری دەستبەکاربێت و قوتابی و خوێندکار وەربگرێت پێش وەرگرتنی مۆڵەت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: ئەو کەسەی مۆڵەتی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی وەردەگرێت، دەبێت لەماوەی یەك ساڵدا لە ڕۆژی وەرگرتنی مۆڵەتەکە دامەزراوەکەی دامەزرێنێت و دەستبەکار بێت.

سێیەم: ڕێگە دەدرێت ماوەی یەك ساڵی تر بە خاوەنی مۆڵەت بدرێت بۆ دامەزراندن و دەستبەکاربوونی دامەزراوەکەی، بە مەرجێك ڕسومات بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە بدات.

چوارەم: ئەگەر دروستکردنی تەلاری دامەزراوەکە بەپێی مەرجەکان زیاتر لە دوو ساڵی خایاند لە ڕۆژی وەرگرتنی مۆڵەت، دەکرێت ماوەی یەك ساڵی تریش بدرێت بە خاوەن مۆڵەت بە مەرجێك ڕسومات بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە بدات.

پێنجەم: مۆڵەت بە هەڵوەشاوەکراو هەژمار دەکرێت، ئەگەر کار بە بەندەکانی ئەم ماددەیە نەکرێت.

## ٥- نوێکردنەوەی مۆڵەت

**ماددەی (١٢٥):**
یەکەم: دەبێت داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەت، پێش بەسەرچوونی مۆڵەتی کارپێکراو بە لایەنی کەم بە (٣) سێ مانگ، پێشکەش بە وەزارەت بکرێت.

دووەم:
أ- نوێکردنەوەی مۆڵەت هەر (٣) سێ ساڵ جارێك دەبێت، ئەویش پاش دانی ڕسوماتی نوێکردنەوەی مۆڵەت بەپێی خشتەی پاشکۆی ئەم یاسایە.

ب- ڕێکارەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەت بە ڕێنمایی کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات ڕێکدەخرێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی کە وەزارەت دەبێت لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا، لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داوای نوێکردنەوەی مۆڵەت بە گشت پێداویستییەکانیەوە، بڕیار لەسەر نوێکردنەوە یان نوێنەکردنەوەی مۆڵەتەکە بدات.

ج- ئەگەر گشت مەرجەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەت لە داواکاردا هەبوو، مۆڵەتەکە نوێ دەکرێتەوە.

د- لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت، دامەزراوە پەروەردەییەکان مافیان هەیە لە سەر هەمان نرخی ساڵانەی خوێندن کە پێش نوێکردنەوەی مۆڵەت هەیان بووە، بەردەوام بن.

هـ - ئەگەر نوێکردنەوەکە سەبارەت بە دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی یان بیانی بوو، دەبێت دامەزراوەکە نوسراوی متمانە (ئەکریدیتەیشن، نەك کاندید بوون) لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە یان دەوڵەتە بیانییەکە هاوپێچ بکات.

## ٦- دەستبەرداربوون لە خاوەندارێتی مۆڵەت و گواستنەوە

**ماددەی (١٢٦):**
**یەکەم:** خاوەنی مۆڵەت، تەنها پاش تێپەڕبوونی (٤) چوار ساڵ بەسەر دامەزراندنی دامەزراوەکە بە شێوەیەکی کرداری، مافی دەستبەرداربوونی خاوەندارێتی مۆڵەتەکەی هەیە.

**دووەم:** نابێت دەستبەرداری لە خاوەندارێتی مۆڵەتەکە بکرێت، بێ ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت، و پاش هەبوونی گشت مەرجەکان لەو کەسەی داواکارە ببێتە خاوەنی نوێ. لە کاتی هەبوونی مەرجەکان لە داواکاردا ئەرکی وەزارەتە داواکە پەسەند بکات لە ماوەیەك کە نابێت لە (٦٠) شەست ڕۆژ تێپەرکات لە ڕۆژی پێشکەشکردنی داواکە، بە گشت پێداویستییەکانیەوە.

**سێیەم:** مۆڵەت نادرێت بە هیچ کەسەێك کە لە ماوەی (٦) شەش ساڵی ڕابوردوودا دەستبەرداری خاوەندارێتی مۆڵەتێك بووبێت، یان مۆڵەتەکەی هەڵوەشێنرابێتەوە.

**ماددەی (١٢٧):**
**یەکەم:** لە حاڵەتی مردنی خاوەن مۆڵەت، مۆڵەتەکە بۆ میراتگرەکەی دەگوازرێتەوە بە مەرجێك گشت مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت کە لەم یاسایەدا هەیە لە میراتگرادا هەبێت.

**دووەم:** لە کاتی هەبوونی مەرجەکانی ئەم یاسایە لە میراتگرادا، میراتگر یان نوێنەرێکی دەتوانن کەسێك کە مەرجەکانی تێدا بێت بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە هەڵبژێرێت و هەروەها دەتوانن دامەزراوەکە بفرۆشن یان دەستبەرداری بن بۆ کەسێك کە مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی تێدا بێت.

**سێیەم:** ئەگەر مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت لە میراتگر، یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات نەبوو، دامەزراوەکە دەفرۆشرێتەوە یان دەستبەرداریی لێ دەکرێت بۆ کەسێك کە مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەتی تێدا بێت.

**ماددەی (١٢٨):**
**یەکەم:** دامەزراوە مافی گواستنەوەی بۆ تەلارێکی تر هەیە.

**دووەم:** مەرجەکانی گواستنەوەی دامەزراوەیەك لە تەلارێك بۆ تەلارێکی تر بە ڕێنمایی کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات ڕێکدەخرێت.

## لقی چوارەم
## حاڵەتەکانی هەڵوەشاندەوەی مۆڵەت

**ماددەی (١٢٩):**
**لە هەر یەك لەم حاڵەتانەی خوارەوە، ئەرکی وەزارەتە لە ماوەی (٦٠) شەست ڕۆژ مۆڵەتی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی هەڵوەشێنێتەوە:**
**یەکەم: کاتێك دامەزراوەیەك دەفرۆشرێت یان خاوەنەکەی دەستبەرداری دەبێت، بەبێ ڕەزامەندیی فەرمی وەزارەت.**

**دووەم: کاتێك دامەزراوەیەك بەردەوام دەبێت لە داخستنی دەوام بەڕووی قوتابییان و خوێندکاران زیاتر لە یەك حەفتە و بێ هۆی فەرمی و بێ گوێدان بە هۆشداری فەرمی وەزارەت.**

**سێیەم: کاتێك دامەزراوەیەك دەگوازرێتەوە لە تەلارێك بۆ تەلارێکی تر، بێ ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت.**

**چوارەم: کاتێك خاوەنی مۆڵەت لە کاتی پێویست داوا سەبارەت بە نوێکردنەوەی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت ناکات و بێ گوێدان بە هۆشداری دووبارەی وەزارەت سەبارەت بە بەسەرچوونی مۆڵەتی کارپێکراو.**

**پێنجەم: کاتێك دامەزراوەیەك لەو کاتەی بۆ دیاری کراوە بەپێی بڕیاری مۆڵەت دەستبەکار نابێت بێ هەبوونی پاساوێکی ڕەوا کە لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کرابێت.**

**شەشەم: کاتێك دامەزراوەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتی، یان بیانی متمانەی (ئەکریدیتەیشن)ی ئەکادیمی لەدەست دەدات. لەو کاتەدا دامەزراوەکە دەکرێت بە دامەزراوەیەکی خۆماڵی.**

**حەوتەم: کاتێك سەلمێنرا کە بڕیاری پێدانی مۆڵەت لەسەر بەڵگە و نووسراوێکی ساختە یان بێ بنەما بووە.**

**هەشتەم: کاتێك خاوەن مۆڵەت، پاش ئاگادارکردنەوەی دووبارەی فەرمی لەلایەن وەزارەتەوە بەڵگەنامەی ئەستۆپاکی لە دامودەزگای باج نەهێنا.**

**نۆیەم: کاتێك دامەزراوەکە پابەند نابێت بە ئەرك و پابەندبوونەکانی و نەگرتنەبەری هەنگاوی چاکسازی و گوێنەدان بە هۆشداریی دووبارەی وەزارەت.**

## لقی پێنجەم
## ڕێکارەکانی لێکۆڵینەوە و هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت

**ماددەی (١٣٠):**
بەمەبەستی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی دامەزراوەیەکی پەروەردویی و فێرکاری ناحکومی، لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بە بڕیاری وەزیر و سەرۆکایەتی بەڕێوەبەرێکی گشتیی و ئەندامیەتی چەند فەرمانبەرێکی تر کە یەکێکیان یاسایی دەبێت، پێك دەهێنرێت. لیژنەکە ڕاسپاردەکانی پێشکەش بە وەزیر دەکات، و کار و ڕێکارەکانی لیژنەکە بە ڕێنماییەك کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات ڕێك دەخرێن.

**ماددەی (١٣١):**
یەکەم: لە کاتی سەلماندنی یەکێك لە حاڵەتەکانی ماددەی (١٢٩)ی ئەم یاسایە، وەزارەت پێش دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، مافی سەپاندنی سزایەکی ماددی کە لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دینار زیاتر نەبێت بەسەر دامەزراوەکە هەیە.

دووەم: لە کاتی سەلماندنی یەکێك لە حاڵەتەکانی ماددەی (١٢٩)ی ئەم یاسایە، وەزارەت مافی دەستبەسەراگرتنی بڕی دڵنیایی بانکی بە شێوەیەکی کاتی هەیە.

سێیەم: دەکرێت لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لای ئەنجومەنی وەزیران تانە لە بڕیاری وەزارەت سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت و سەپاندنی سزای دارایی بدرێت، ئەویش بەپێی حوکمەکانی یاسای کارپێکراوی ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان – عێراق.

**ماددەی (١٣٢):**
یەکەم: لە ئەگەری دەرکردنی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت، خوێندن لە دامەزراوەکە تا کۆتایی ساڵی خوێندن بەردەوام دەبێت، لە ڕێگەی بەرێوەبردنێکی هاوبەشەوە لە نێوان دامەزراوەکە و وەزارەت، و گشت تێچووەکانی بەڕێوەبەرایەتییە هاوبەشەکە لەسەر خاوەنی دامەزراوەکە دەبێت.

دووەم: بە هەماهەنگی لەگەڵ خاوەنی ئەو دامەزراوەیەی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی دراوە، وەزارەت دەتوانێت دوای تەواوبوونی ساڵی خوێندن قوتابییان و خوێندکاران بۆ دامەزراوەیەکی حکومی یان ناحکومی بگوازێتەوە بە ڕەزامەندی بەخێوکاران و خوێندکاران.

## لقی شەشەم
## حوکمە هاوبەشەکان

**ماددەی (١٣٣):**
**خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، ئەرکی بەجێهێنانی گشت ئەرکەکانی لەسەرە، و بەرپرسە لە بەرجەستەکەردنی مافەکانی فەرمانبەران و کارمەندانی تری دامەزراوەکە.**

**ماددەی (١٣٤):**
**یەکەم: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی مافی کردنەوەی چێشتخانە و فرۆشگای (حانوت) هەیە، بە مەرجێك بەپێی مەرجە تەندروستییەکان بێت.**

**دووەم: دەبێت نرخی خواردن و شتومەکی فرۆشگا گونجاو بێت، و ئەنجومەنی وەزارەت مافی نزمکردنی نەرخەکانی هەیە ئەگەر نرخەکان بە بەرز دانران.**

**ماددەی (١٣٥):**
**یەکەم: دەکرێت تەلاری دامەزراوە پەروەدەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان موڵك یان کرێ بن.**

**دووەم: ئەگەر تەلاری دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی لە (٣) سێ نهۆم، کە پۆلی تیدایە، زیاتر بوو، ئەو کاتە پێویستە ڕەزامەندیی فەرمی وەزارەت وەربگیرێت و ناوی ئەو هەلومەرجە تایبەتانە بهێنرێن کە وەهای کردووە تەلارەکە لە (٣) سێ نهۆم بەرزتر بێت و پاش ئەوە وەزارەت بڕیاری خۆی دەدات.**

**سێیەم: ئەو تەلارانەی، دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، بۆ دامەزراوەی پەروەردەیی وفێرکاری ناحکومی دروست دەکرێن، دەبێت ڕووبەری پۆلەکانیان لە (٣٥) سی و پێنج مەتر دووجا کەمتر نەبێت.**

**چوارەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، مافی خۆیانە تەلارەکانیان بۆ (٢) دوو دەوامی لەدوا یەك بەکار بهێنن.**

**پێنجەم: نابێت ئەو مەرجە بیناسازییانەی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان داوا دەکرێن، لەو مەرجانە توندتر بن کە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان داوا دەکرێن لە کاتی دروستکردنی تەلارەکانیان.**

**شەشەم: تەلاری ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییانەی پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دروستکراون، بەپێی یاسا و ڕێنمایی و مۆڵەتی کارپێکراوی کاتی دروستکردنیان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.**

حەوتەم: خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی مافی هەبوونی نوسینگەی خۆی لە تەلاری دامەزراوەکە هەیە.

هەشتەم: ژێرزەمین بە نهۆم هەژمار ناکرێت و نابێت هیچ پۆلێکی وانەوتنەوە لە ژێرزەمین بێت.

## بەشی دووەم
## پرۆگرامەکانی خوێندن و سیستەمی وەرگرتن و تاقیکردنەوەکان و بڕوانامەکان

### لقی یەکەم
### پروگرام و کتێب و بابەتەکانی خوێندن

### ١- پرۆگرامەکانی خوێندن

**ماددەی (١٣٦):**
هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، دەبێت بە یەك لەم چوار جۆرە پرۆگرامانەی خوێندن پابەند بێت:

یەکەم: پرۆگرامەکانی وەزارەت بۆ ئەو قۆناغانەی لە دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەکە دەخوێندرێن.

دووەم: پروگرامێکی تایبەت بەو دامەزراوە ناحکومییە خۆماڵییەی، کە پێشتر لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کراوە.

سێیەم: پرۆگرامی دامەزراوەیەکی ناحکومی نێودەوڵەتیی دانپێدانراو کە لەلایەن بنکەی سەرەکیی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکە پەسەندکرابێت و لەلایەن وەزارەتیشەوە مۆڵەتی پێدرابێت.

چوارەم: پرۆگرامێکی دامەزراوەیەکی ناحکومی بیانیی کە تایبەتە بە ڕەوەندە بیانییەکان بێت و لەلایەن دەوڵەتی پەیوەندیدار و وەزارەتەوە پەسەند کرابێت.

## ٢- بابەتەکانی خوێندن

**ماددەی (١٣٧):**
**یەکەم: بابەتەکانی خوێندن لە دامەزراوە پەروەردەریی و فێرکارییە ناحکومییەکان، بەپێی پرۆگرامی خوێندنی دامەزراوەکە دەبێت، کە پێشتر ڕەزامەندی بۆ وەرگیراوە لە وەزارەت.**

**دووەم: هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، دوای ئاگادارکردنەوەی وەزارەت، مافی زیادکردنی بابەتی خوێندنی بۆ پرۆگرامەکانی حکومی هەیە، بەو مەرجەی کاریگەری لەسەر بابەتە سەرەکییەکانی خوێندن نەبێت و لەگەڵ بنەما گشتییەکان و فەلسەفەی ئەم یاسایەیش ناکۆك نەبێت.**

## ٣- کتێبەکانی خوێندن

**ماددەی (١٣٨):**
**یەکەم: ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییە خۆماڵییانەی پرۆگرامی وەزارەت پیادە دەکەن، هەمان کتێب بەکار دێنن کە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان بەکار دێت. ئەو دامەزراوانە مافی بەکارهێنانی کتێبی تریشیان هەیە، بە مەرجێك پێشوەختە ڕەزامەندی وەزارەتی بۆ وەرگیرابێت.**

**دووەم: ئەو دامەزراوە پەروەردەیی وفێرکارییە ناحکومییە خۆماڵییانەی پرۆگرامی تایبەت بە خۆیان دەخوێنن، مافیان هەیە دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت، کتێبی تایبەت بە خۆیان بەکار بێنن.**

**سێیەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییە نێودەوڵەتی و بیانییەکان، کتێبی تایبەت بە خۆیان دەخوێنن، بەڵام دەبێت ڕەزامەندی فەرمی وەزارەتی بۆ وەربگیرێت.**

## ٤- زمانی خوێندن

**ماددەی (١٣٩):**

**یەکەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، دەتوانن خوێندن بە زمانی عەرەبی و تورکمانی و سریانی و ئەرمەنی و ئینگلیزی، یان هەر زمانێکی تری جیهانی باوەڕپێکراو بکەن، بە مەرجێك تیایاندا بابەتی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بەپێی سیستەمی وەزارەت بخوێندرێت.**

**دووەم: ڕەوەندی بیانی و پەناهەندەکان دەتوانن لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن، بە مەرجێك تایاندا بابەتی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی بەپێی سیستەمی وەزارەت بخوێندرێت.**

## لقی دووەم
## سیستەمی وەرگرتن

**ماددەی (١٤٠) :**

**یەکەم: بنەمای سەرەکیی وەرگرتنی قوتابییان و خوێندکاران، بەگوێرەی ئەو مەرجانەی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار دەبێت کە پێشتر لەلایەن دامەزراوەکە لەکاتی داواکردنی مۆڵەتی دامەزراندن پێشکەش بە وەزارەت کراوە و مۆڵەتی لەسەر وەرگیراوە، بە ڕەچاوکردنی بەندەکانی خوارەوەی ئەم ماددەیە.**

**دووەم:**

**أ- لە باخچەی منداڵان، ئەو منداڵانە وەردەگیرێن کە لە ڕۆژی تۆمارکردنیان یان (٣١) سی و یەکی کانونی یەکەمی ساڵ، تەمەنی چوار یان پێنج ساڵ پڕدەکەنەوە.**

**ب- هیچ منداڵێك لە قوتابخانەی بنەڕەتی وەرناگیرێت ئەگەر لە (٣١) سی و یەکی کانونی یەکەمی ئەو ساڵە تەمەنی نەبێتە (٦) شەش ساڵ.**

**ج- نابێت تەمەنی قوتابی لە قوتابخانەی بنەڕەتی لە (١٩) نۆزدە ساڵ تێپەر بێت.**

**د- نابێت تەمەنی خوێندکاری ئامادەیی لە (٢٨) بیست و هەشت ساڵ تێپەر بێت.**

**هـ - نابێت تەمەنی خوێندکاری پەیمانگەی پەروەردەیی لە (٣٢) سی و دوو ساڵ تێپەر بێت.**

**سێیەم: ئەو قوتابی و خوێندکارانەی لە دامەزراوەکە لە پۆلێکی دیاریکراو دەخوێنن، جێگایان لە پۆلێکی بەرزتری هەمان دامەزراوە دابینکراو دەبێت، بۆ ساڵی خوێندنی دواتر، بە مەرجێك**

قوتابییەکە، یان خوێندکارەکە دەرچێت و دامەزراوەکەش ئەو پۆلەی هەبێت و کرێی ساڵانەی خوێندن بدات.

چوارەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، بۆیان نییە قوتابی و خوێندکار لەبەر هۆی ناپەروەردەیی وەربگرن. هەروەها بۆیان نییە قوتابییان و خوێندکارانی خاوەن پێداویستیی تایبەت وەرنەگرن، تەنها لە حاڵەتی ئەوە نەبێت کە قوتابی و خوێندکار پێویستی بە پۆلی تایبەت هەبێت یان لە حاڵەتی ئەوەی وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار ببێتەو هۆی خەرجی بەرز لەسەر دامەزراوەکە.

پێنجەم: ئەرکی هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومییە، (٥) پێنج کورسی بە خۆڕایی بۆ کوڕ وکچی شەهیدان و هاوسەرەکانیان تەرخان بکەن، بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکارییە هەبێت.

شەشەم: ئەرکی هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومییە، (٥) پێنج کورسی بە خۆڕایی بۆ کوڕ وکچی و هاوسەرەکانی ئەنفالکراوان و کەمئەندامانی سەنگەر یان کوڕ و کچیان تەرخان بکەن، بەو مەرجەی ئەو ژمارە داواکارییە هەبێت.

حەوتەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، مافی ئەوەیان هەیە (١٠٪) دە لە سەدی کورسییەکانی هەر پۆلێك بەگوێرەی ڕێکاری دامەزراوەکە، قوتابی و خوێندکار وەربگرن.

هەشتەم: پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، ساڵانە و پێش کۆتایی مانگی (١٠) دە  لیستێك بە ناو و تەمەن و پۆلەکانی قوتابیان و خوێندکاران بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی پەیوەندیدار و بەمەبەستی ئاگادارکردنەوە بنێرن.

نۆیەم: هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی مافی نییە ڕێگە بە قوتابییەك، کە خوازیارە لە قوتابخانەیەکی دووەمەوە بگوازێتەوە، بدات بەشدار بێت لە خوێندن، ئەگەر قوتابییەکە پێشوەختە بەڵگەنامەی گواستنەوەی لە دامەزراوەی دووەمەوە نە هێنابێت.

دەیەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان مافیان هەیە وەرگرتنی قوتابی و خوێندکار لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە و نمرە وەربگرن.

## لقی سێیەم
## تاقیکردنەوە و نمرەکان

**ماددەی (١٤١) :**
**یەکەم: کات و شێوەی بەڕێوەچوونی تاقیکردنەوەکان و دانانی نمرە لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان، بەسەر هەموو ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومیانەدا پیادە دەکرێت کە پرۆگرامی حکوومی دەخوێنن، جگە لەو دامەزراوانەی پێشوەختە مۆڵەتیان لە وەزارەت وەرگرتووە بۆ پیادەکردنی سیستەمێك کە هەندێك لە وەردەکارییەکانی جیاوازە لە سیستەمی حکومی.**

**دووەم: ئەرکی هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییە نێودەوڵەتی و بیانییەکانە، کات و شێوەی تاقیکردنەوە و نمرەدانانی تایبەت بەخۆیان هەبێت، کە پێشتر لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کراوە.**

**سێیەم: لە ڕێگەی ڕێکاری تایبەتەوە، وەزارەت بڕیار لە شێوازی هەژمارکردنی نمرەکانی قوتابییانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییە نێودەوڵەتی و بیانییەکان و ئاستەکانیان دەدات، ئەویش بەمەبەستی وەرگرتن لە زانکۆ و پەیمانگە باڵاکانی هەرێم.**

**چوارەم: پاش وردبینی، دامەزراوەکان کۆپییەکی ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی وەرزی یەکەم و وەرزی دووەمی و کۆتایی ساڵی گشت پۆلەکان بۆ یەکەی تاقیکردنەوەکان و بەشی ئەرشیف لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان دەنێرن.**

## لقی چوارەم
## بڕوانامەکان

**ماددەی (١٤٢) :**
**یەکەم: ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییانەی پرۆگرامی وەزارەت دەخوێنن، دەکەونە ژێر هەمان مەرج و ڕێکاری پێدانی کارتەکانی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکانی نمرە و بەڵگەنامەکانی دەرچوون، کە لە دامەزراوە حکومییەکاندا پەیڕەو دەکرێت.**

**دووەم: کارتەکانی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکانی نمرە و بەڵگەنامەکانی دەرچوونی هەر قۆناغێك لەو دامەزراوانە، هاوتایە لەگەڵ کارتەکانی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەکانی نمرە و بەڵگەنامەکانی دەرچوون لە قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگە پەروەردەییە حکومییەکان.**

**سێیەم: ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییانەی پرۆگرامی نێودەوڵەتی و بیانی دەخوێنن، دەکەونە ژێر ئەو مەرج و ڕێکارە تایبەتانەی پێدانی کارتەکانی هەڵسەنگاندن و بڕوانامەی نمرە و بەڵگەنامەکانی دەرچوون، کە پێشتر لەلایەن دامەزراوەکە پێشکەش بە وەزارەت کراوە و لەلایەن وەزارەتەوە ڕەزامەندی و پشتگیری لەسەر وەرگیراوە.**

**چوارەم: بەڵگەنامەی دەرچوون لە پۆلی دوازدەیەمی خوێندنگە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان، لە سەر بنەمای دەرچوون لە تاقیکردنەوە نێودەوڵەتییەکان دەدرێت، و بەڵگەنامەی دەرچوون لە پۆلی دوازدەیەمی خوێندنگە ناحکومییە بیانییەکان، بە پێی بنەمای دەرچوون لە تاقیکردنەوە بیانییەکان دەدرێت.**

**پێنجەم: وەزارەت تاکە لایەنە کە مافی پشتگیریکردن و بەرانبەرکردنی بەڵگەنامەکانی دەرچوونی هەیە.**

## لقی پێنجەم
## حوکمە هاوبەشەکان

**ماددەی (١٤٣):**
**یەکەم: هەر ساڵێکی خوێندن، لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، لە بە لایەنی کەم (١٧٠) سەد و حەفتا ڕۆژی خوێندن پێکدێت، و هیچ ڕۆژێکی خوێندن لە (٥) پێنج کاتژمێر کەمتر نابێت.**

**دووەم: ساڵنامەی خوێندن و کاتەکانی دەوام و پشووەکان لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، بەپێی ئەو پرۆگرامە ڕێکدەخرێت کە پێشتر ڕەزامەندی پێ وەرگیراوە لە وەزارەت، بە ڕەچاوکردنی بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە و حوکمەکانی ماددەی (٣٥) سی و پێنج.**

**سێیەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان مافیان هەیە ڕۆژ و کاتژمێری زیاتر بخوێنن وەك لەوەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە. هەروەها دەتوانن لەو ڕۆژانە بخوێنن کە بە پێی ماددەی (٣٥) سی و پێنج پشوو نییە.**

## ڕێکارەکانی گواستنەوەی قوتابییان و خوێندکاران

**ماددەی (١٤٤):**
**ڕێکارەکانی گواستنەوەی قوتابییان و خوێندکاران لە نێوان دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومی و حکومییەکان بەپێی ڕێنماییەك کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات ڕێکدەخرێت، بە ڕەچاوکردنی:**

**یەکەم خوێندکاری پەیمانگەی پەروەردەیی ناحکومی، بەدەر لەوەی کە سیستەمی پارالێل بە ڕێگەپێدراوی دەزانێت، مافی گواستنەوەی بۆ پەیمانگەی پەروەردەیی حکومی نییە.**

**دووەم: خوێندکاری پۆلی (١٢) دوازدەیەمی ئامادەیی دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی نێودەوڵەتی و بیانی مافی گواستنەوەیان بۆ ئامادەییەکی حکومی نییە. لە کاتی گواستنەوەی خوێندکار بۆ قەزایەکی تر وەزارەت مافی هەیە مۆڵەتی گواستنەوە بدات ئەگەر بە پێویستی زانی.**

**ماددەی (١٤٥):**
**یەکەم: هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، لە ساڵی یەکەمی دامەزراندنی، دەبێت بە لایەنی کەم بە یەك پۆل دەست پێ بکات.**

**دووەم:**
**أ- ئەو قوتابخانە بنەڕەتییە ناحکومییەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندندا گشت پۆلەکانی یەك بازنەی خوێندنی نییە، دەبێت بۆ ساڵی دواتر پۆلی نوێ بکاتەوە، تا لەماوەی (٣) سێ ساڵی خوێندندا ببێتە خاون گشت پۆلەکانی یەك بازنەی خوێندن.**

**ب- ئەو خوێندنگە ناحکومییەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندندا گشت پۆلەکانی ئامادەیی نییە، دەبێت بۆ ساڵی دواتر پۆلی نوێ بکاتەوە، تا لەماوەی (٣) سێ ساڵی خوێندندا ببێتە خاون هەر سێ پۆلەکانی خوێندنی ئامادەیی.**

**ج- ئەو پەیمانگە پەروەردەییە ناحکومییەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندندا گشت پۆلەکانی پەیمانگەی پەروەردەیی نییە، دەبێت بۆ ساڵی دواتر پۆلی نوێ بکاتەوە، تا لەماوەی (٥) پێنج ساڵی خوێندندا ببێتە خاون هەر پێنج پۆلەکانی خوێندنی پەیمانگەی پەروەردەیی.**

**د- کۆمەڵگەی پەروەردەیی ناحکومی دەبێت لە ساڵی یەکەمی خوێندندا بە لایەنی کەم پۆلێکی لە هەر قۆناغێکی خوێندن هەبێت، و پۆلێکی نوێ زیاد بکات بۆ هەر ساڵێکی خوێندنی نوێ تا دەگاتە خاوەن گشت پۆلەکانی خوێندن.**

سێیەم: هەموو قوتابخانەیەکی بنەڕەتی ناحکومی، بۆ درێژەدان بە خوێندن، مافی ئەوەی هەیە خوێندنی قۆناغی ئامادەیی نوێ بکاتەوە، بەو مەرجەی لای وەزارەت مۆڵەتی بۆ وەربگرێت.

## بەشی سێیەم
## پێکهاتە کارگێڕییەکان

### لقی یەکەم
### بەڕێوەبەر، یاریدەدەری بەڕێوەبەر، مامۆستا و فەرمانبەرانی تر

**ماددەی (١٤٦):**

یەکەم: پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بەڕێوەبەرێکی هەمیشەیی هەبێت.

دووەم:

أ- ئەگەر ژمارەی منداڵان لە باخچەیەکی منداڵان لە (٢٠٠) دوو سەد منداڵ زیاتر بوو، پێویستە یاریدەدەرێکی بەڕێوبەر دابنرێت.

ب- ئەگەر ژمارەی قوتابییان و خوێندکارانی قوتابخانە یان خوێندنگە یان کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی گەیشتە (٢٠٠) دوو سەد، یاریدەدەرێکی بەڕێوەبەری یان زیاتری بۆ دادەنرێت.

سێیەم: پێویستە هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی ژمارەیەك مامۆستای هەبێت، کە لەگەڵ ژمارەی منداڵان یاخود قوتابییان و خوێندکارانیان بگونجێت.

چوارەم: پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی ڕێنماییکارێکی پەروەردەیی بۆ هەر (٣٠٠) سێ سەد قوتابی و خوێندکارێك هەبێت.

پێنجەم: پێویستە هەموو قوتابخانە و خوێندنگە و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی کە لە (٣٠٠) سێ سەد قوتابی و خوێندکاری زیاتر هەبێت، فەرمانبەرێکی تەندروستی هەبێت یان خزمەتگوزاری تەندروستی لە ڕێگەی گرێبەستێك لەگەڵ دامەزراوەیەکی تەندروستی هەبێت.

شەشەم: پێویستە هەموو کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی بەڕێوەبەرێکی خاوەن بڕوانامەی زانکۆی هەبێت، هەروەها بەڕێوەبەرێك بۆ هەر یەك لە بەشەکانی باخچەی منداڵان و قۆناغی بنەڕەتی و قۆناغی ئامادەیی دادەنرێت. بەڕێوەبەری کۆمەڵگە بەرپرسی یەکەمی کاری ئەکادیمی و کارگێڕی و

دارایی دەبێت، هەروەها ئەرکی سەرەکی سەرپەرشتیاری و دڵنیایی جۆری لە گشت قۆناغەکانی خوێندن لە کۆمەڵگە دەکەوێتە سەر شانی.

حەوتەم: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، ژمارەیەك فەرمانبەری کارگێڕی و خزمەتگوزاری، بەگوێرەی پێداویستی دامەزراوەکە، دەبێت.

**ماددەی (١٤٧):**

یەکەم:
أ- دەبێت ڕێژەی ئەندامە هەمیشەییەکانی مامۆستایانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان لە (٨٠٪) هەشتا لە سەدی کۆی ژمارەی مامۆستایانی دامەزراوەکە کەمتر نەبێت. هەروەها نابێت ڕێژەی ئەندامە هەمیشەییەکانی مامۆستایان لە هەر یەك لە سێ قۆناغەکەی کۆمەڵگەی پەروەردەیی لە (٨٠٪) هەشتا لە سەدی مامۆستایانی قۆناغە پەیوندیدارەکەی کۆمەڵگە کەمتر بێت.
ب- دەبێت بەلایەنی کەم (٨٠ ٪) هەشتا لە سەدی بەشەوانەکانی هەر یەك لە دوازدە ساڵەکەی خوێندنی قوتابخانە/خوێندنگە و پێنج ساڵەکەی پەیمانگەی پەروەردەیی بدرێت بە مامۆستا هەمیشەییەکان.

دووەم: هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، مافی نییە کارمەندانی دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەکان و سەرپەرشتیاران و کادیرانی دیوانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بەکار بێنێت، ئەوانە نەبێت کە مۆڵەتی بێ مووچەیان هەیە، یان خواسترکراون (إعارة).

سێیەم: هیچ کەس مافی نییە لە یەك کاتدا بەڕێوەبەری دوو دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی بێت.

چوارەم: هەر مامۆستایەك بەهۆکاری تەندروستی خانەنشین کرابێت، مافی کارکردنی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان نییە.

پێنجەم: پێویستە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، لە مانگی یەکەمی ساڵی خوێندن، ناوی ئەندامانی کارگێڕی و مامۆستایانیان بۆ ئاگاداری بۆ وەزراەت بنێرێن.

شەشەم: تەنها پێش دەستپێکردن و دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی خودی ئەو دامەزراوە پەروەردەییە حکومییەی کە مامۆستا/فەرمانبەرە حکومییەکە کاری تێدا دەکات، و دوای مۆڵەت وەرگرتن لە دامەزراوە حکومییەکە لە لایەن مامۆستاوە/فەرمانبەرەوە، دامەزراوەی ناحکومی مافی بەکارهێنانی مامۆستا و فەرمانبەری پەروەردەیی تری حکومی هەیە.

حەوتەم: مەبەست لە بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی هەمیشەیی لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان ئەمانەیە:

أ- گشت ئەوانەی لە دامەزراوە ناحکومییەکە دامەزراون بێ ئەوەی موچەخۆری کەرتی گشتی بن.
ب- گشت ئەوانەی تەمەنیان لە (٦٣) شەست و سێ ساڵ تێپەر نەبووە.
ج- گشت ئەوانەی لە دامەزراوەکە دامەزراون بێ ئەوەی گرێبەستی هەمیشەییان لە گەڵ هیچ شوێنێکی تر هەبێت.
د- بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی کەرتی گشتی کە خواستکراون (إعارة) یان خاوەنی مۆڵەتی بێ موچەن بە کارمەندی هەمیشەیی هەژمار ناکرێن.

## لقی دووەم
## مافەکانی فەرمانبەرانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان

ماددەی (١٤٨):

یەکەم: خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، بەرپرسە لە پاراستنی ماف و شایستە ماددی و مەعنەوییەکانی کارمەندەکانی لە ماوەی خزمەتکردنیان لە دامەزراوەکەدا، هەروەها پابەند دەبێت بە دابینکردنی شیاندنیان و فێربوونی بەردەوامیان و ڕاهێنانیان لەسەر پرۆسەی دڵنیایی جۆری.

دووەم: پێویستە دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی، ئەو تۆمارانەی هەبێت کە یاسای بیمەی کۆمەڵایەتی بەمەرجیان دەزانێت، ئەوەش بەمەبەستی جێگیرکردنی مافەکانی مامۆستایان و فەرمانبەران و کارمەندەکانی تر.

سێیەم: فەرمانبەری دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، مافی پشوویان بە پێی گرێبەستی نێوان کارمەند و دامەزراوەکە دەستنیشان دەکرێت، و بەڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای کار.

چوارەم: بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستایان و ڕێنماییکاری پەرورەدەیی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، مافی بەشداریکردنیان لە خولی بەهێزکردنی تواناکان و فێربوونی بەردەوام هەیە، کە لە ساڵێکدا نابێت لە (٣٠) سی کاتژمێر کەمتر بێت.

پێنجەم:

أ- نابێت کاتژمێرەکانی کارکردنی فەرمانبەرانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان لە (٨) هەشت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا و لە (٤٠) چلکاتژمێر لە حەفتەیەکدا زیاتر بێت.
ب- ژمارەی بەشەوانەکانی کادیرانی وانەوتنەوەش بەگوێرەی ئەو گرێبەستە دەبێت، کە لەنێوان

دامەزراوەکە و کادیرەکە بەستراوە، بە ڕەچاوکردنی کاتژمێرەکانی کار لە هەفتەیەکدا کە لێرەدا باس کراوە.
ج- لە حاڵەتی کارکردنی زیادە یان وتنەوەی بەشەوانەی زیاتر وەك لەوەی لە گرێبەستەکە هاتووە، پێویستە دامەزراوەکە مافی هەر کاتژمێرێکی کارکردنی زیادە بە مامۆستا و فەرمانبەرە پەیوەندیدارەکە بدات.

شەشەم: کەمترین بڕی مووچەی مانگانەی فەرمانبەرانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، نابێت لە کەمترین مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەرە هاوشێوەکانی لە کەرتی گشتی کەمتر بێت.

حەوتەم: لە پشووی هاویندا، مووچەی مامۆستا و کارمەندانی هەمیشەیی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان بە پێی گرێبەستی نیوان کارمەند و دامەزراوەکە دەبێت، بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی یاسای کار.

هەشتەم: خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکوومی مافی دەرکردنی بەڕێوەبەری نییە، بەبێ دیاریکردنی هۆیەکانی دەرکردنەکەی. هەروەها بەڕێوەبەری دامەزراوەکە، مافی دەرکردنی کارمەندانی وانەوتنەوە و کارمەندانی تری نییە بەبێ دیاریکردنی هۆیەکانی ئەو دەرکردنەیان.

نۆیەم: مەرجەکانی دامەزراندن و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست و ناکۆکییەکانی نێوان دامەزراوە پەروەردەیە ناحکومییەکان و فەرمانەران و کارمەندان تری دامەزراوەکان، بەگوێرەی حوکمەکانی یاسای کار مەمەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، ئەگەر دەقێکی تر لەم یاسایەدا نەهاتبێت.

دەیەم: ساڵەکانی کارکردنی بەڕێوەبەر و یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی قازانج نەویست بە خزمەتی فەرمی بۆ گشت مەبەستەکان هەژمار دەکرێت.

## لقی سێیەم
## دامەزراندن لە دامەزاروە پەروەردەییە ناحکومییەکان

### ١- مەرجەکانی دامەزراندن

**ماددەی (١٤٩):**

**یەکەم: مەرجەکانی دامەزراندنی بەڕێوەبەر:**
**أ- خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بێت، لە عێراق یان دەرەوی عێراق.**
**ب- ئەزموونی کار یان چالاکی لەبواری پەروەردە و فێرکاری لە (٥) پێنج ساڵ کەمتر نەبێت، لە عێراق یان دەرەوی عێراق.**
**ج- خولی شیاندنی بەڕێوەبەری بینێت، کە وەزارەت بە هاریکاری لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە ساڵانە ئەنجامی دەدات.**
**د- نابێت بە تاوانی ناسیاسی یان بەدڕەوشتی حوکم درابێت و، نابێت سزای کارگێڕی، وەك "سەرزەنشت" و زیاتر، درا بێت.**
**هـ - دەکرێت هەڵگرانی بڕوانامەی زانکۆ، هەرچەندە خوێندنەکەیان لەبواری پەروەردەش نەبووبێت، وەك بەڕێوەبەر دابمەزرێن، بە مەرجێك پێش دامەزراندنیان خولی شیاندنی بەڕێوبەریان دیبێت.**

**دووەم: مەرجەکانی دامەزراندنی یاریدەدەری بەڕێوەبەر:**
**أ- دەبێت یاریدەدەری بەڕێوەبەری باخچەی منداڵان بڕوانامەی زانکۆی لەبواری پەروەردەدا هەبێت.**
**ب- دەبێت یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگەی پەروەردەیی بڕوانامەی زانکۆی لەبواری پەروەردەدا هەبێت و، ئەزموونی لە بواری پەروەردە لە (٣) سێ ساڵ کەمتر نەبێت.**
**ج- نابێت بە تاوانی نا سیاسی، یان بەدڕەوشتی حوکم درابێت و نابێت سزای کارگێڕی وەك "سەرزەنشت" و زیاتر، درابێت.**

**سێیەم: مەرجەکانی دامەزراندنی مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی:**
**أ- خاوەنی بڕوانامەی بەرایی زانکۆی بێت، لە بواری پەروەردەدا.**
**ب- نابێت بەتاوانی ناسیاسی یان بە بەدڕەوشتی حوکم درابێت.**
**ج- دەبێت خولی دڵنیایی جۆری، کە وەزارەت ساڵانە پێش دامەزراندنیان ڕێکی دەخات، بینیبێت.**

**چوارەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان مافی خۆیانە مەرجی زیاتر دابنێن وەك لەوەی لە بەندی یەکەم و دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیە هاتووە.**

## ٢- گرێبەستی دامەزراندن

**ماددەی (١٥٠):**
**یەکەم: پێویستە گرێبەست لەنێوان دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکە و هەر فەرمانبەرێکی دامەزراوەکە هەبێت.**

**دووەم: دەبێت گرێبەستەکە ماوەی کارکردن و بڕی موچە و کات و شێوازی کار و پشووەکان و و مافەکانی تری کارمەندان و سزاکانی جێبەجێنەکردنی ئەرکەکانی تێدا هاتبێت.**

**سێیەم: گرێبەستی دامەزراندنی بەڕێوەبەر لەلایەن بەڕێوەبەر و خاوەنی دامەزراوەکە یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات واژۆ دەکرێت.**

**چوارەم: گرێبەستی دامەزراندنی فەرمانبەرانی تر لەلایەن فەرمانبەرەکە و بەڕێوەبەر واژۆ دەکرێت.**

## لقی چوارەم
## ئەرکەکانی بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان

**ماددەی (١٥١):**
**بەڕێوەبەر نوێنەرایەتی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکە دەکات و ئەم ئەرکانەی هەیە:**
**یەکەم: ئەو ئەرکانەی لە بەندی (یەکەم) تا بەندی (یازدەیەم)ی ماددەی (٦٨) شەست و هەشت هاتووە.**

**دووەم: بەرزکردنەوەی پێشنیاز بۆ خاوەن دامەزراوەکە سەبارەت بە گرێبەست لەگەڵ فەرمانبەران بۆ دامەزراوەکە بەپێی پێویستی دامەزراوەکە، یان هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی فەرمانبەران.**

**سێیەم: هەر ئەرکێکی تری پەروەردەیی کە لەلایەن خاوەن دامەزراوەکەوە پێی ڕادەسپێردرێت.**

**ماددەی (١٥٢):**
**یەکەم: ئەو ئەرکانەی لە ماددەی (٦٩) شەست و نۆ و (٧٠) حەفتا و (٧١) حەفتا و یەك ئەم یاسایە هاتووە بەسەر یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی لە دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان جێبەجێ دەکرێت.**

**دووەم: دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان مافیان هەیە ئەرکی تر بە یاریدەدەری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕێنماییکاری پەروەردەیی بسپێرن، ئەویش دوای ڕێککەوتنی دوولایەنە لەگەڵیان، یان بە مەرجێك لە گرێبەستی دامەزراندن ناویان هاتبێت.**

## لقی پێنجەم
## ئەنجومەنی کارگێڕی دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی

### ١- پێکهێنان

**ماددەی (١٥٣):**

**یەکەم: لە هەر قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومیدا، ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت، بە سەرۆکایەتی خاوەن دامەزراوەکە، یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات و ئەندامیەتی هەر یەك لە:**

**أ- بەڕێوەبەری دامەزراوەکە.**

**ب- دوو نوێنەری دەستەی مامۆستایان.**

**ج- ڕێنماییکاری پەروەردەیی، ئەگەر لە دامەزراوەکە هەبێت.**

**دووەم: لە هەر باخچەیەکی منداڵانی ناحکومیدا کە ژمارەی منداڵانی لە (٥٠) پەنجا منداڵ زیاتر بوو، ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت، بە سەرۆکایەتی خاوەن دامەزراوەکە، یان ئەوەی نوێنەرایەتی دەکات و ئەندامیەتی هەر یەك لە:**

**أ- بەڕێوەبەری باخچەکە.**

**ب- دوو نوێنەری دەستەی مامۆستایان.**

**ج- چاودێرێك.**

**سێیەم: بڕیارەکانی ئەنجومەنی بەندی (یەکەم) و ئەنجومەنی بەندی (دووەم)ی ئەم ماددەیە پاش ڕەزامەندی خاوەن دامەزراوەکە یان نوێنەرەکەی بە پەسەندکراو هەژمار دەکرێن.**

### ٢- ئەرکی ئەنجومەنی کارگێڕی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان

**ماددەی (١٥٤):**

**یەکەم: بەدواداچوون بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەی خوێندن و پرۆسەی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوەکە و هەڵسەنگاندنی وەرزانەیان.**

**دووەم: بەدواداچوون بۆ وردەکارییەکانی پلانی ساڵانەی دامەزراوەکە.**

**سێیەم: تاوتوێکردن و چارەسەرکردنی ئەو دۆزە گرنگانەی پەیوەست بە دامەزراوەکەن و بەڕێوەبەر داوا لە ئەنجومەن دەکات کە لەو بوارە یارمەتی بدەن.**

**چوارەم: بەڕێوەبردنی دامەزراوەکە بە جۆرێك کە لەگەڵ ئامانجەکانی ئەم یاسایە و ڕێنماییەکان بێتەوە.**

## لقی شەشەم
## لێژنەکانی قوتابخانە و پەیمانگە پەروەردەییە ناحکومییەکان

**ماددەی (١٥٥):**

**لە هەر قوتابخانە و خوێندنگە و کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی و پەیمانگەیەکی پەروەردەیی ناحکومی، بەڕێوەبەر بە لایەنی کەم ئەو شەش لێژنەیە دادەنێت کە لە مادەی (٨٦) هەشتا و شەشی ئەم یاسایە هاتووە.**

## بەشی چوارەم
## سیستەمی دارایی

### لقی یەکەم
### کرێی ساڵانەی خوێندن

**ماددەی (١٥٦):**

**یەکەم: هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکاریی ناحکومی، مافی وەرگرتنی کرێی ساڵانەی خوێندنیان هەیە.**

**دووەم:**

**أ- کرێی ساڵانەی خوێندن، هەموو کتێبەکانی خوێندن و جلی یەکپۆشی ساڵی خوێندن دەگرێتە خۆ.**

**ب- هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، کە پێش دەرچوونی ئەم یاسایە دەستبەکار بووە، دەبێت لە ماوەی (٣) سێ ساڵ لە دەرچوونی ئەم یاسایە لەگەڵ حوکمەکانی بڕگەی یەکەمی ئەم بەندە خۆیان بگونجێنن. بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ حوکمەکانی برگەی یەکەمی ئەم بەندە، دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان مافیان هەیە کرێی ساڵانی خوێندن بەرزبکەنەوە.**

**سێیەم: دامەزراوە مافی هەیە بڕی تێچووی خواردن و کرێی هاتوچۆی قوتابییان و خوێندکاران وەربگرێت، بە مەرجێك ئارەزوومەندانە بێت.**

**چوارەم: دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان مافیان نییە، بێ ڕازیبوونی بەخێوکاری قوتابی و خوێندکار، یان بێ ڕازیبوونی خودی قوتابی یان خوێندکار ئەگەر تەمەنی (١٨) هەژدە ساڵ یان زیاتر بوو، هیچ بارگرانییەکی دارایی بخەنە ئەستۆی قوتابییان و خویندکاران، جگە لەو پارانەی کە لە بەندی (یەکەم) و (دووەم)  و (سێیەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە.**

**پێنجەم:**

**أ- هیچ دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، مافی زیادکردنی کرێی ساڵانەی خوێندنی لە ( ٥ ٪)  پێنج لە سەد زیاتر نییە، بە مەرجێك وەزارەت ئاگادار بکاتەوە، و بەڕەچاوکردنی خاڵی (ب)ی ئەم بەندە.**

**ب- ئەنجومەنی وەزارەت مافی هەیە ڕێگە لە بەرزکردنەوەی نەرخەکە بگرێت، یان بەرزکردنەوەکە کەمتر بکاتەوە، ئەویش لە ماوەێك کە لە (٣٠) سی ڕۆژ تێپەر نەکات لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی وەزارەت.**

**ج- دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان، مافیان هەیە لەسەر کرێی ساڵانەی خوێندنی خۆیان کە لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەت بڕیاری لێدراوە بەردەوام بن، بێ هیچ دەستێوەردانێك.**

**شەشەم:**

**أ- ئەگەر بەخێوکاری قوتابی وخوێندکار لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دانی پشکی یەکەم، پەشیمانبووەوە لە دانانی یان بەردەوامبوونی منداڵەکەی یان قوتابی یان خوێندکارەکەی لە دامەزراوەکە، ئەرکە لەسەر دامەزراوەکە (٩٠٪) نەوەد لە سەدی پارەکە بۆ بەخێوکاری قوتابی بگەڕێنێتەوە، جگە لە پارەی کتێب و جلوبەرگی یەکپۆشی.**

**ب- منداڵ و قوتابی وخوێندکار دەبەخشرێت لە کرێی ساڵانی وەرزی دووەم، ئەگەر پێش دەسپێکی وەرزی دووەم لە دامەزراوەکە خۆی کشاندەوە یان گواستیەوە.**

**حەوتەم: ئەرکی دامەزراوەکەیە پێش دەسپێکی ساڵی خوێندن یان پێش دەسپێکردنی خوێندنی منداڵ و قوتابی و خوێندکار گرێبەستێك لەگەڵ بەخێوکاری منداڵ و قوتابی و خویندکار بکات سەبارەت بە ماف و ئەرکەکانی هەردوو لایەن.**

**ماددەی (١٥٧):**

**یەکەم:**

**أ- کرێی ساڵانەی خوێندن، لە دوو پشك کەمتر نابێت.**

**ب- پشکی یەکەم لە کاتی تۆمارکردنی منداڵەکە یان قوتابی یان خوێندکارەکە یان پێش دەستپێکردنی ساڵی خوێندن دەدرێت.**

**ج- پشکی دووەم لە کاتی دەستپێکی وەرزی دووەم دەدرێت.**

**د- دامەزراوەکە، مافی زیادکردنی پشکەکانی خوێندنی بۆ زیاتر لە (٢) دوو پشك هەیە.**

**هـ - بەخێوکاری قوتابی مافی پێدانی پشکەکانی بەجیا یان پێکەوە هەیە.**

**دووەم: ئەگەر بەخێوکاری منداڵ و قوتابی و خوێندکار پابەند نەبوو بە دانی کرێی ساڵانەی خویندن لە کاتی خۆی، دامەزراوە مافی هەیە داوا لە وەزارەت بکات بە گواستنەوەی منداڵ و قوتابی و خویندکار بۆ دامەزراوەیەکی حکومی، و دەبێت وەزارەت لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژدا لە ڕۆژی داواکەوە منداڵ و قوتابی و خویندکار بگوازێتەوە.**

**سێیەم: بۆ وەرگرتنی کرێی ساڵانی خوێندن، دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی مافی کردنەوەی ژمارەی بانکی هەیە.**

## لقی دووەم
## باجەکان

**ماددەی (١٥٨) :**
**باجەکانی سەر دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم دەبێت، بە ڕەچاوکردنی ئەوەی لە ماددەی (١٨٤) هاتووە.**

## بەشی پێنجەم
## سیستەمی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندن لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان

**ماددەی (١٥٩):**
**هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی کە پرۆگرامی حکومی بەکار دەهێنێت، پێویستە بە سیستەمی سەرپەرشتیکردن و دڵنیایی جۆری و هەڵسەنگاندنی وەزارەت پابەند بێت.**

**ماددەی (١٦٠):**
**یەکەم: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی کە پرۆگرامی تایبەت بە خۆی پیادە دەکات، کە پێشتر لەلایەن وەزارەتەوە پەسەند کراوە، دەبێت سیستەمی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن و هەڵسەنگاندنی تایبەتی خۆی هەبێت.**

**دووەم: هەر کات وەزارەت بە پێویستی زانی، مافی سەرپەرشتیکردنی ئەو دامەزراوانەی هەیە کە پرۆگرامی خۆیان پیادە دەکەن.**

**ماددەی (١٦١) :**
**ئەرکی هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومییە، بەر لە کۆتایی مانگی حەوت (٧) هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ چالاکییەکانیی دامەزراوەکە و چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی ساڵی خوێندنی پێشوو بکەن، بۆ ئەوەی لە کاتی دانانی پلانی ئایندە سوودی لێ وەربگیرێت.**

**ماددەی (١٦٢):**
**یەکەم: هەڵسەنگاندنی ساڵانەی ئەو دامەزراوانەی کە پرۆگرامی حکوومی پیادە دەکەن بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:**

**أ- هەڵسەنگاندنی ساڵانەی کادیرانی پەروەردەیی لەلایەن بەڕێوەبەرەوە.**
**ب- ئەنجامەکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە تۆمارەکانی دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکاندا**

تۆمار دەکرێن و پوختەیەکیشی بەشێوەی فۆرمێك بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی پارێزگاکان و وەزارەت دەنێردرێت.

ج- هەڵسەنگاندنی سالآنە وەك بنەمایەك بۆ پێشکەشکردنی ڕێز و سوپاس بە مامۆستا بەکار دەهێنرێت. هاوکات بۆ دیاریکردنی خاڵە لاوازەکانی ئەو مامۆستایانەی کە تواناکانیان لە ئاستی پێویست نییە، بە کار دێت.

د- دامەزراوەکان لەلایەن لێژنەیەکی هەڵسەنگاندنی وەزارەت و بەگوێرەی پێوەر و فۆرمی تایبەت کە بەر لە دەستپێکی ساڵی خوێندن بەسەر دامەزراوەکان دابەش دەکرێن، هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. ئەنجامی ئەو هەڵسەنگاندنە بە گشتی، وەك هەڵسەنگاندنی بەڕێوەبەر و دامەزراوەکە هەژمار دەکرێت.

دووەم: هەڵسەنگاندنی سالآنەی ئەو دامەزراوانەی کە پرۆگرامی خۆیان بەکار دێنن بەگوێرەی ئەو پێوەرانە دەبێت کە لەکاتی داواکردنی مۆڵەت پێشکەش بە وەزارەت کراوە و ڕەزامەندی لەسەر وەرگیراوە، بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی بەندی (دووەم)ی ماددەی (١٦٠) سەد و شەستی ئەم یاسایە.

## بەشی شەشەم
## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی (١٦٣):**

یەکەم: هەموو قوتابخانە ناحکومییەکان، جلی یەکپۆشی تایبەت بە خۆیان دەبێت کە لەلایەن دامەزراوەکە مافی دیزاینەکەی هەیە.

دووەم: دەکرێت قوتابخانە ناحکومیەکان شوێنی حەواندنەوە بۆ قوتابییانی خۆیان بکەنەوە، پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەت. کرێی مانگانە بەپێی گرێبەستێکی نێوان بەخێوکاری قوتابی و قوتابخانە ناحکومییەکە دەبێت.

**ماددەی (١٦٤):**

یەکەم: دەبێت دامەزراوە پەروەردەییە ناحکومییەکان، گشت ئەو تۆمارانەیان هەبێت کە وەزیر لە ڕێگەی ڕێنماییەوە بڕیاریان لێ دەدات.

دووەم: دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی قازانج نەویست سالآنە لە لایەن وەزارەتەوە چاودێری دەکرێت، بەمەبەستی دڵنیایی لەوەی کە قازانجی دامەزراوەکە بۆ پەرەپێدانی قوتابیان و مامۆستایان و کارمەندانی تری دامەزراوەکە و دامەزراوەکە دەچێت.

**ماددەی (١٦٥):**
**دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکان مافی کردنەوەی خولی بەهێزکردنیان تەنها بۆ قوتابییان و خوێندکارانی خۆیان هەیە، ئەویش بێ داواکاردنی مۆڵەتی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە.**

**ماددەی (١٦٦):**
**یەکەم: ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییانەی مۆڵەتیان دوای دەرچوونی ئەم یاسایە وەرگرتووە، مافی هەمووارکردنەوە و گۆڕینی ناوی خۆیان هەیە بە مەرجێك مۆڵەت لە وەزارەت وەرگیرێت و ئەو ڕسوماتە بدەن کە بەپێی خشتەی هاوپێچی ئەم یاسایە دەبێت بدرێت.**

**دووەم: ئەو دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییانەی مۆڵەتیان پێش دەرچوونی ئەم یاسایە وەرگرتووە، مافی خۆیانە ناوی دامەزراوەکانیان وەك ئەوەی هەیە بهێڵنەوە، یان هەمواری بکەنەوە یان بیگۆڕن وەك لەوەی لە بەندی (یەکەمی)ی ئەم ماددەیە هاتووە.**

**سێیەم: خاوەنی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی (لوکاڵ) مافی گۆڕینی دامەزراوەکەی بۆ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی هەیە، بە مەرجێك نوسراوێکی (ئەکریدیتەیشن) یان کاندیدبوونی ئەکریدیتەیشن لە ناوەندێکی جیهانی باوەڕ پێکراو پێشکەش بکات، و پرۆگرام و شێوازی تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی باوڕەپێکراوی هەبێت و بە مەرجێك ڕسوماتی گۆڕینی مۆڵەت کە (٥٠ ٪) پەنجا لە سەدی بڕی ڕسوماتی پێدانی مۆڵەتە بدات، و بە مەرجێك گۆڕانکارییەکە گشت قۆناغەکە بگرێتەوە، بەڵام لە پۆلی یەکەم دەست پێ بکات. ئەو قوتابی و خوێندکارانەی پێش گۆڕینی دامەزراوەکە بۆ دامەزراوەیەکی نێودەوڵەتی، لە دامەزراوەکە بوون هەر بە سیستەمی خۆماڵی خۆیان بەردەوام دەبن.**

**ماددەی (١٦٧):**
**یەکەم: هەر دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی، سەرپێچی ماددەکانی ئەم یاسایە بکات، سزای دارایی دەدرێت بە بڕێك کە نابێت لە (١٠) دە ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر بێت و لە (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت. جگە لەوە وەزارەت مافی سەپاندنی سزای هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەت و سەپاندنی سزای تری هەیە.**
**دووەم: هەر کەس و لایەنێك، بێ ڕەزامەندی فەرمی وەزارەت دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی بکاتەوە، سزای دارایی دەدرێت بە بڕێك کە نابێت لە (٥٠) پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی کەمتر بێت و لە (١٥٠،٠٠٠،٠٠٠) سەد و پەنجا ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر بێت. جگە لەوە وەزارەت دامەزراوەکە دادەخات.**
**سێیەم: سزاکانی بەندی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیە ڕێگە لەوە ناگرێت ڕێکای یاسای تر بەر بەرانبەر بە سەرپێچکار ئەگەر سەرپێچییەکی تری کردبێت.**

## دەروازەی چوارەم
## ئەرك و پێكهاتەی وەزارەتی پەروەردە

### بەشی یەكەم
### ئەركەكانی وەزارەت

**ماددەی (١٦٨):**

**وەزارەت، لە ڕێگەی ئەم ڕێكارانەی خوارەوە، هەوڵی گەیشتن بە ئامانجە گشتی و هاوبەشەكانی پرۆسەی پەروەردە و فێركاری دەدات:**

**یەكەم: جێبەجێكردن و بەدواداچوون بۆ ئەو ئەركانەی لەم یاسایەدا هاتوون.**

**دووەم: چەسپاندنی بنەمای فێركردنی گشتی بەپێی بنەمای دابینكردنی هەلی پەروەردەیی و فێركاری.**

**سێیەم: كاركردن بۆ دابینكردنی دڵنیایی جۆری و بەستنەوەی بە ڕێكاری سەرپەرشتیكردنی هەموو دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییە حكومی و ناحكومییەكان.**

**چوارەم: دامەزراندن و بەڕێوەبردنی دامەزراوە پەروەردەییە حكومییەكان بە هەموو قۆناغ و جۆرەكانیان، هەروەها پارێزگاریكردن لە سەربەخۆییبوونیان و دابینكردنی هەموو پێداویستییەكانی بەگەڕكەوتن و بەردەوامبوونی كارەكانیان.**

**پێنجەم: دابینكردنی هۆكارەكانی فێركردن و تەكنیكە پێویستییە پەروەردەییەكان بۆ كاری پەروەردە و فێركاری.**

**شەشەم: دیاریكردنی بنەما و پێوەرە گشتییەكانی گەشەپێدانی پرۆسەی فێركاری.**

**حەوتەم: دانان و نوێكردنەوەی پلانی فێركاری و پروگرامەكانی خوێندن بە سوودوەرگرتن لە پێشكەوتنەكانی ئەو بوارە.**

**هەشتەم: گرنگیدان بە توێژینەوەی پەروەردەیی و ئەنجامدانی تاقیكردنەوەی جیاواز و سوودوەرگرتن لە ئەنجامەكانیان بۆ گەشەپێدانی پرۆسەی فێركاری.**

**نۆیەم: خوێندنەوە و دانانی ڕێگە و هۆكاری گونجاو بۆ بەرەوپێشبردنی خوێندنی ئەكادیمی و پیشەیی و كاركردن لەسەر گەشەپێدانیان.**

**دەیەم:** گرنگیدان بە گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی توانستە پیشەییەکان و زانستەکانی کادیرە پەروەردەییەکان.

**یازدەیەم:** گرنگیدان بە چالاکیی وەرزشی و هونەری لە دامەزراوە پەروەردەییەکان.

**دوازدەیەم:** گرنگیدان بە لایەنی دەروونیی قوتابییان و خوێندکاران و دابینکردنی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و دڵنیابوون لە تەندروستی و سەلامەتی قوتابی و خوێندکاران و سەلامەتی ژینگەی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

**سێزدەیەم:** ئامادەکردنی پلانی نیشتیمانیی سەرتاسەری بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری.

**چواردەیەم:** هاندانی پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان دامەزراوە پەروەردەییەکان و کەسوکاری قوتابی و خوێندکاران، لە ڕێگەی بەهێزکردنی رۆڵی ئەنجومەنی بەخێوکاران.

**پازدەیەم:** کارکردن بۆ هاندانی وەبەرهێنان لە بواری پەروەردە و فێرکاری لەلایەن کەرتی تایبەتەوە.

**شازدەیەم:** فراوانکردنی چوارچێوەی هاوکاری لەگەڵ کەرتی تایبەت سەبارەت بە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامە و پڕۆژە پەروەردەییانەی ئامانجیان بەهێزکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکارییە. هەروەها پێشکەشکردنی ئاسانکاری بۆ کەرتی تایبەت بەپێی توانا.

**حەڤدەیەم:** گرنگیدان بە پەیوەندییەکان لەگەڵ دامەزراوە نیشتیمانی و نێودەوڵەتییەکان و ئاڵوگۆڕی بۆچوون لەبوارە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە و فێرکاری. هەروەها نوێنەرایەتیکردنی کوردستان - عێراق لەو کۆنگرە و کۆبوونەوە و ڕێکخراو و کۆڕە هەرێمی و نێودەوڵەتییانەی کە ئامانجی پەروەردەیی و فێرکارییان هەیە.

**هەژدەیەم:** هەر ئەرکێکی پەروەردەیی تر، کە ئەنجومەنی وەزارەت بە پەسەندی دەزانێت.

## بەشی دووەم
## پێکهاتەکانی وەزارەت

### لقی یەکەم
### وەزیر، بریکاری وەزارەت و ڕاوێژکارەکان

**ماددەی (١٦٩):**

**یەکەم: وەزارەت، وەزیرێکی هەیە کە سەرۆکی باڵای وەزارەتە و بەرپرسی کارەکانیەتی و ئاراستەکاری پلانەکانیەتی و سەرپەرشتیکار و چاودێرە بەسەریەوە. بە بڕیار و سەرپەرشتیی خۆی و بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە، سەرجەم ئەو بڕیار و فەرمان و ڕێنماییانە دەردەچن، کە پەیوەندییان بە ئەرك و پێکهاتە و دەسەڵات و هەموو کاروبارە هونەری و دارایی و کارگێڕی و ڕێکخستنەکانی وەزارەتەوە هەیە. وەزیر بەرپرسە لە بەرامبەر ئەنجومەنی وەزیراندا، بەو پێیەی ئەندامێکە لەناویدا.**

**دووەم: وەزارەت یەك بریکاری هەیە و ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکات کە وەزیر پێی ڕادەسپێرێت.**

**سێیەم:**

**أ- وەزارەت ژمارەیەك ڕاوێژکاری هەیە کە نابێت ژمارەیان لە پێنج زیاتر بێت، و ئەو ئەرکانەیان پێ دەسپێردرێت کە وەزیر بەپێی پێداویستی وەزارەت بە پێویستی دەزانێت.**

**ب- دەبێت هەریەك لە ڕاوێژکارەکان خاوەن بڕوانامەی بەرایی زانکۆ بن و ئەزموونیان لە بواری پەروەردە و فێرکاری لە (١٥) پازدە ساڵ کەمتر نەبێت.**

### لقی دووەم
### پێکهاتەی وەزارەت

**ماددەی (١٧٠) :**

**وەزارەت لەم پێکهاتانە پێکدێت:**

**یەکەم: نووسینگەی وەزیر و لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بەڕێوەدەبرێت کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەیە و چەند فەرمانبەرێکی تر یارمەتی دەدەن.**

**دووەم: نووسینگەی بریکاری وەزارەت و لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بەڕێوەدەبرێت کە بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەیە، و چەند فەرمانبەرێکی تر یارمەتی دەدەن.**

**سێیەم: ئەنجومەنی وەزارەت.**

**چوارەم: بەڕێوەبەرە گشتییەکانی ناو وەزارەت و پارێزگاکان / کارگێڕییە سەربەخۆکان.**

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە و فێرکاری.**

**١- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان**

**ماددەی (١٧١):**

**یەکەم: ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییانە لە وەزارەت دەبن:**

**أ- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوان.**
**ب- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی باخچەی منداڵان و خوێندنی بنەڕەتی.**
**ج- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی ئامادەیی و پیشەیی.**
**د- بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەیمانگاکان و ڕاهێنان.**
**هـ- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن.**
**و- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی تاقیکردنەوەکان و ساڵنامەی خوێندن.**
**ز- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرامەکانی خوێندن.**
**ح- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پلاندانانی پەروەردەیی.**
**ط- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی تورکمانی.**
**ی- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی سریانی.**
**ك- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرزش و هونەر.**
**ل- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بیناسازی.**
**م- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی خوێندنی ناحکومی.**

**دووەم: ئەنجومەنی وەزیران هەر کات بە پێویستی زانی دەتوانێت گۆڕانکاری لە هەیکەلی وەزارەت سەبارەت بە بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان بکات و بەشێوازێکی تر کارەکانیان ڕێکبخات و هەمواری ژمارەکەیان بکات.**

**سێیەم: لە گشت پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکانی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردە دەبێت.**

**چوارەم: هەر یەك لەو بەڕێوەبەرایەتییانەی بەندی (یەکەم) و (دووەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە، لەلایەن فەرمانبەرێکەوە بەڕێوە دەبرێن بە ناونیشانی بەڕێوەبەری گشتی، کە دەبێت بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و ئەزموون و خزمەتیشی لە بواری پەروەردە و فێرکاری، یاخود بواری ئەکادیمی هەبێت، کە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت.**

ماددەی (١٧٢) :
یەکەم: وەزیر مافی هێنانەئارا و لێکدان و هەڵوەشانەوە و گواستنەوەی هەر بەڕێوەبەرایەتییەك و بەش و هۆبەی هەیە، دوای ڕاستاندنی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری.

دووەم: پێکهاتەکانی وەزارەت و ئەرکەکانیان لە ڕێگەی پەیڕەوێکی ناوخۆوە کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات دەستنیشان دەکرێت، بە ڕەچاوکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## ٢- ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە

ماددەی (١٧٣):
یەکەم: ئەنجومەنێك بە ناوی (ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە) لە دیوانی وەزارەت دەبێت، بە سەرۆکایەتی وەزیر و ئەندامیەتی هەر یەك لە:

أ- بریکاری وەزارەت.

ب- ڕاوێژکارەکانی وەزیر.

ج- بەڕێوەبەرە گشتییەکان.

دووەم: بەڕێوەبەری نوسینگەی وەزیر سکرتێری ئەنجومەن دەبێت، کارەکانی ڕێکدەخات و کۆنوسی کۆبونەوەکان تۆمار دەکات و بڕیارەکانی ئەنجومەن دەنێرێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

ماددەی (١٧٤):
ئەرکەکانی ئەنجومەنی وەزارەتی پەروەردە پێکدێت لە:-

یەکەم: داڕشتنی پلانی کاری وەزارەت و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی بەگوێرەی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

دووەم: گرتنەبەری بڕیاری پێویست سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری.

سێیەم: بڕیاردان لە ساڵنامەی خوێندن و چەسپاندنی ڕۆژە پشووەکانی خوێندن.

چوارەم: ئامادەکردنی پێشنیازی بودجەی ساڵانەی وەزارەت و پێکهاتەکانی، و پشتگیریکردنی ڕاپۆرتی ژمیریاری کۆتایی.

پێنجەم: دانانی پێشینەییەکان (أولويات) و ڕێسا گشتییەکان بۆ پێدانی مۆڵەتی خوێندن و شاند و زەمالەکان.

شەشەم: بڕیاردان لە ڕەشنووسی ڕێنماییەکان و هەموارکردنەوەیان.

حەوەتەم: کارکردن بۆ دابینکردنی دڵنیایی جۆری.

هەشتەم: پێشنیاری هەموارکردنەوەی یاسا.

نۆیەم: گفتوگۆکردن و بڕیاردان لە ڕاپۆرتی ساڵانەی کارەکانی وەزارەت.

دەیەم: تاوتوێکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردە.

یازدەیەم: هەر ئەرکێکی تر کە لەم یاسایە هاتووە، و هەر کارێك کە وەزیر بە پەسەندی دەزانێت ئەنجومەن تاوتوێ بکات و بڕیاری لێبدات.

ماددەی (١٧٥):
یەکەم: ئەنجومەن کۆبۆنەوەی مانگانەی دەبێت و دەتوانێت لە کاتی پێویستدا کۆبونەوەی تر بکات و بڕیارەکانی بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامەکانی دەدرێت.

دووەم: سەرۆکی ئەنجومەن، مافی میوانداریی پسپۆران یاخود کەسانی پەیوەستداری هەیە.

## بەشی سێیەم
## ئەنجومەنی پەروەردە لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان

### ١- پێکهاتە و کۆبونەوەکان

ماددەی(١٧٦):
یەکەم: لەهەر بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی پەروەردە لە پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان، ئەنجومەنێك پێکدێت بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری گشتی و ئەندامیەتی هەر یەك لە:
أ- یاریدەدەرانی بەڕێوەبەری گشتی.
ب- بەڕێوەبەرەکانی پەروەردە لە سنووری پارێزگا و کارگێڕییە سەربەخۆکان.
ج- بەڕێوەبەری دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن.

دووەم: دەکرێت خەڵکانی پسپۆر بۆ کۆبونەوەکانی ئەنجومەن بانگێشت بکرێن، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

سێیەم: نوێنەری سەندیکای مامۆستایانی کوردستان مافی ئامادەبوونی لەو کۆبونەوانە هەیە کە پەیوەستن بە پرسی مامۆستایان، بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

چوارەم: لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆکی ئەنجومەن لە کۆبونەوەکان، سەرۆکی ئەنجومەن پێشوەختە مافی دستینشانکردنی جێگرێکی هەیە بۆ بەڕێوەبردنی کۆبونەوەکە.

پێنجەم: کۆبونەوی ئەنجومەن بە لایەن کەم مانگی جارێك دەبێت، و هەر کاتێك پێویست بوو دەتوانێت کۆبونەوە بکات، و بڕیارەکانی ئەنجومەن بە دەنگی زۆرینە دەبێت، جگە لە دەنگدان لەو پرسانەی کە تەنها لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتییە.

شەشەم: بەڕێوەبەری گشتی، بڕیاردەرێك بۆ ئەنجومەن لەنێو فەرمانبەرانی پەروەردە دیاری دەکات، کە دەبێت بڕوانامەی بەرایی زانکۆی هەبێت و لە تۆمارکردنی کۆنوسی کۆبوونەوەکان و گشتاندنیان بەرپرس دەبێت.

**٢- ئەرکی ئەنجومەنی پەروەردە لە پارێزگا و کارگێرییە سەربەخۆکان**

ماددەی (١٧٧) :
ئەرکەکانی ئەنجومەن:
یەکەم: جێبەجێکردن و بەدواداچوون بۆ ئەو پلان و پرۆژانەی کە وەزارەت لە سنووری پارێزگا و کارگێرییە سەربەخۆکە داڕشتووە. هەروەها کارکردن بۆ دڵنیایی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی وەرزی سەبارەت بەمانە بە وەزارەت.

دووەم: گفتوگۆکردن دەربارەی کێشە پەروەردەیی و فێرکاری و کارگێڕی و هونەرییەکان لە سنووری پارێزگا و بەدواداچوون بۆ ئاستەکانی خوێندن و پرسی دڵنیایی جۆری، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجومەن.

سێیەم: ڕوانین لەو دۆزانەی کە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی قەزاکانی پارێزگا و کارگێرییە سەربەخۆکان دووچاری دەبن.

چوارەم: پێشنیاری بۆ وەزارەت سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا، ئەویش لەسەر پێشنیازی لێژنەی پسپۆر دەبێت.

پێنجەم: پێشنیارکردن بۆ وەزارەت سەبارەت بە دابەشکردنی فەرمانبەران و گشت کادیرانی تر بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەیی لە ناوەندی پارێزگاکە و قەزاکان.

شەشەم: پێشنیارکردنی ئاراستە گشتییەکانی پلانی پەروەردە و فێرکاری لە پارێزگاکەی بۆ وەزارەت.

حەوتەم: پێشنیارکردنی دابەشکردنی بودجە بەسەر بەڕێوەبەرایەتییەکانی ناوەندی پارێزگا و کارگێرییە سەربەخۆکان و قەزاکان و پێداچوونەوە بەسەر ڕاپۆرتی کۆتایی ژمێریاری.

هەشتەم: بەرزکردنەوەی پێشنیاز بۆ وەزارەت سەبارەت بەو پرسانەی کە دەتوانن ببنە هۆی باشتکردنی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانی پەروەردە و فێرکاری بە شێوەیەکی گشتی.

نۆیەم: پێشنیازکردنی کردنەوەی قوتابخانەی نوێی حکومی یاخود داخستنیان، بەگوێرەی پێداویستییەکانی بەرژەوەندیی گشتی.

دەیەم: هەر ئەرکێکی تر کە لەلایەن وەزارەتەوە دەخرێتە سەر شانی ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا.

## بەشی چوارەم
## ئەنجومەنی پەروەردە لە قەزاکان

### ١- پێکهاتە و کۆبونەوەکان

**ماددەی(١٧٨):**
یەکەم: دەبێت لە هەر قەزایەك بەڕێوەبەرایەتییەکی پەروەردە هەبێت.

دووەم: لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردەی قەزاکان، ئەنجومەنێك پێك دەهێنرێت بەناوی (ئەنجومەنی پەروەردەی قەزا) و بە سەرۆکایەتی بەڕێوەبەری پەروەردەی قەزا و ئەندامیەتی هەر یەك لە:
أ- سەرپەرشتیاری پەروەردەیی یەکەمی قەزا.
ب- بەڕێوەبەری کارگێڕیی دڵنیایی جۆری و سەرپەرشتیکردن.

سێیەم: نوێنەری سەندیکای مامۆستایانی کوردستان مافی ئامادەبوونی لەو کۆبونەوانە هەیە، کە پەیوەستن بە پرسی مامۆستایان، بێ ئەوەی مافی دەنگدانی هەبێت.

چوارەم: بەڕێوەبەر بڕیاردەرێك بۆ ئەنجومەن لەنێو فەرمانبەرانی پەروەردە دیاری دەكات، كە دەبێت بڕوانامەی بەرایی زانكۆی هەبێت و بەرپرسیش دەبێت لە تۆماركردنی كۆنوسی كۆبوونەوەكان و گشتاندنیان.

پێنجەم: كۆبونەوەی ئەنجومەن بە لایەنی كەم مانگی جارێك دەبێت و هەر كات پێویست بوو دەتوانێت كۆبونەوە بكات و بڕیارەكانی ئەنجومەن بە دەنگی زۆرینە دەبێت، جگە لە دەنگدان لەو پرسانەی كە تەنها لە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرە.

شەشەم: دەكرێت خەڵكانی پسپۆر بە كۆبونەوەكانی ئەنجومەن بانگهێشت بكرێن، بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

## ٢- ئەركەكانی ئەنجومەنی پەروەردە لە قەزا

ماددەی (١٧٩):

یەكەم: جێبەجێكردن و بەدواداچوون بۆ ئەو پلان و پڕۆژانەی كە وەزارەت لە سنووری قەزا دایڕشتووە و كاركردن بۆ دڵنیایی لە جێبەجێكردنیان و پێشكەشكردنی ڕاپۆرتی وەرزی سەبارەت بەوانە بە ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا.

دووەم: گفتوگۆكردن لەسەر كێشە پەروەردەیی و فێركاری و كارگێڕی و هونەرییەكان لە سنووری قەزاكە و بەدواداچوون بۆ ئاستەكانی خوێندن و پرسی دڵنیایی جۆری.

سێیەم: پێشنیازكردن بۆ وەزارەت سەبارەت بە دامەزراندنی بەڕێوەبەری دامەزراوەی پەروەردەیی و گشت كادیرانی تری دامەزراوە پەروەردەیی و فێركارییە حكومییەكان لە قەزاكان و ئەویش لەسەر پێشنیازی لیژنەی پسپۆر.

چوارەم: بەرزكردنەوەی پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا سەبارەت بە ئاراستە گشتییەكانی پلانی پەروەردە و فێركاری لە قەزا.

پێنجەم: بەرزكردنەوەی پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی پەروەردە سەبارەت بەو پرسانەی كە دەتوانن ببنە هۆی باشكردنی بەڕێوەچوونی پرۆسەی پەروەردە و فێركاری بە شێوەیەكی گشتی.

شەشەم: بەرزكردنەوەی پێشنیاز بۆ ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا سەبارەت بە دامەزراندنی قوتابخانەی حكومی نوێ یاخود داخستنیان، بەگوێرەی پێداویستییەكانی بەرژەوەندیی گشتی.

حەوتەم: هەر ئەركێكی تر، كە لەلایەن ئەنجومەنی پەروەردەی پارێزگا یان كارگێرییە سەربەخۆكە بە ئەنجومەنی پەروەردەی قەزا دەسپێردرێت.

## دەروازەی پێنجەم
## حوکمە دارایی و گشتییەکان

### بەشی یەکەم
### حوکمە داراییەکان

#### لقی یەکەم
#### داهاتەکانی وەزارەت

**ماددەی (١٨٠):**
**داهاتەکانی وەزارەت پێکدێت لە:-**

**یەکەم: بەشە بودجەی وەزارەت لە بەشە بودجەی گشتیی هەرێم.**

**دووەم: داهاتی ڕسومات و سزاکان و بەکرێدانی تەلارەکان.**

**سێیەم: داهاتی فرۆشگاکانی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان.**

**چوارەم: یارمەتی و دیاری و بەخشین و ئەو ڕاسپاردانەی کە دەدرێت بە وەزارەت بەمەبەستی دروستکردنی تەلاری دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری یان گەشەپێدانیان یان فراوانکردنیان یاخود نۆژەنکردنەوەیان یان دابینکردنی پێداویستییەکانیان.**

**پێنجەم: هەر داهاتێکی تر کە بۆ وەزارەت دێت بەپێی یاسا و پەیڕەوە کارپێکراوەکانی هەرێم دەبێت.**

**ماددەی (١٨١):**
**ئەو بابەت و ئامێرانەی کە وەزارەت بەمەبەستی پەروەردە و فێرکاری هاوردەی دەکات، یاخود ئەوانەی بۆ ئەو مەبەستە بە وەزارەت دەبەخشرێن، لە ڕسوماتە گومرگییەکان دەبەخشرێن.**

**ماددەی (١٨٢):**
**وەزارەت مافی وەرگرتنی ڕسوماتی لەو کار و خزمەتگوزارییانە خوارەوە هەیە:**
**یەکەم: هاوتاکردنی بڕوانامەکان.**
**دووەم: وردبینیکردنی بەڵگەنامەکان و وەرگێڕانیان.**

**سێیەم: کۆپیی زیادەی بەڵگەنامەکان.**

**چوارەم: ڕسوماتی پێدانی مۆڵەت و نوێکردنەوەی مۆڵەت و گواستنەوەی دامەزراوەی پەروەردەیی ناحکومی و ناوگۆڕینی دامەزراوە و ئەو بابەتانەی دیکە کە لە خشتەی ڕسوماتی هاوپێچی ئەم یاسایە هاتوون.**

**ماددەی (١٨٣) :**
**وەزارەت مافی دیاریکردنی کرێی وانەبێژی لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکاندا هەیە، ئەویش بە هاریکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم.**

**ماددەی (١٨٤):**
**یەکەم: هەر کەسێك دامەزراوەیەکی پەروەردەیی و فێرکاری دروستکرد و بیبەخشی بە وەزارەت، لە بڕێکی باج دەبەخشرێت کە هاوتای تێچوی دروستکردنی دامەزراوەکە بێت.**
**دووەم: دامەزراوەی پەروەردەیی و فێرکاری ناحکومی قازانج نەویست مافی لێخۆشبوونی لە باج هەیە.**

**ماددەی (١٨٥):**
**ڕسومات و سزا و کرێکان کە وەزارەت وەریدەگرێت، لە حسابێکی بانکیی تایبەت بە وەزارەت کۆ دەکرێنەوە و تەنیا بۆ دروستکردنی تەلاری قوتابخانە یاخود نۆژەنکردنەوەیان بەکاردەهێنرێن.**

**ماددەی (١٨٦):**
**ڕێگە دەدرێت یارمەتیی دارایی بە دامەزراوە پەروەردەییەکان ببەخشرێت، بەو مەرجەی لەژێر چاودێریی دارایی و بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەت بێت.**

## لقی دووەم
## حوکمە گشتییەکان

**ماددەی (١٨٧):**
وەزارەت مافی ناردنی نێردەی زانستی بۆ دەرەوەی هەرێم و پێشوازیکردنی نێردەی زانستی لە دەرەوەی وڵات هەیە، ئەویش بەگوێرەی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

**ماددەی (١٨٨):**
یەکەم: نابێت بەبێ ڕەزامەندیی وەزارەت، مامۆستایان لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان، دەستگیر بکرێن، جگە لە تاوانی بینراو.

دووەم: دەستدرێژیکردن بۆ سەر مامۆستا لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی، یاخود بەهۆی وەزیفەکەیەوە، سزای توندتری دەبێت.

**ماددەی (١٨٩) :**
یەکەم: دامەزراوە حکومییە پەیوەندیدارەکان لە پارێزگاکان، زەویی پێویست بۆ دروستکردنی باخچەی منداڵان و قوتابخانە و پەیمانگە پەروەردەییەکان و بیناکانی ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکاری تری حکومی تەرخان دەکەن.

دووەم: لە حاڵەتی تەرخاننەکردنی زەویی حکومی، وەزارەت بۆی هەیە بە ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان و دوای ڕەزامەندیی ئەنجومەنی وەزیران، زەویی گونجاو بکڕێت یان بە موڵك بکرێتە سەر وەزارەت و تێچووەکەی لەلایەن حکومەتەوە دابین دەکرێت، بێ ئەوەی کاریگەری لەسەر بودجەی وەزارەت هەبێت.

**ماددەی (١٩٠) :**
یەکەم: ئەو زەویانەی دامەزراوەی پەروەردەیی حکومییان لەسەر بنیاتنراوە یان بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کراون، بە ناوی وەزارەت دەکرێت.

دووەم: ئەرکە لەسەر لایەنە پەیوندیدارەکان ڕێگە لە گشت ئەو زیادەڕەویانە بگرن کە لەسەر زەوی وەزارەت کراوە، لە ماوەیەك کە لە (٦) شەش مانگ زیاتر نەبێت لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم یاسایە، بێ ئەوەی ڕێگە لە پیادەکردنی یاسایەکی تر بگرێت.

**ماددەی (١٩١):**
**وەزارەت مافی پێدانی براندی نیشتیمانی بە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ناحکومی خۆماڵی هەیە، ئەویش بەپێی ڕێنماییەك کە وەزیر بڕیاری لێ دەدات.**

**ماددەی (١٩٢):**
**وەرگرتنی ڕسومات بەپێی ئەو خشتەیەی لە پاشکۆی ئەم یاسایە هاتووە، ڕێگە لە وەرگرتنی ڕسوماتی تر ناگرێت کە بەپێی یاسا کارپێکراوەکانی تری هەرێم دەبێت.**

**ماددەی (١٩٣):**
**پێویستە لەسەر وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئم یاسایە دەر بکات.**

**ماددەی (١٩٤):**
**یەکەم: یاسای وەزارەتی پەروەردە ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.**

**دووەم: یاسای قوتابخانە و پەیمانگە ناحکومیەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) هەڵدەوەشێتەوە.**

**ماددەی (١٩٥):**
**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.**

**ماددەی (١٩٦):**
**یەکەم: ئەرکی وەزارەتە، پێش دەسپێکی نزیکترین ساڵی خوێندن دوای دەرچوونی ئەم یاسایە، دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە حکومییەکان بە جۆرێك ڕێك بخات کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بێتەوە.**

**دووەم: ئەرکی گشت دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییە ناحکومییەکانە، پێش دەسپێکی نزیکترین ساڵی خوێندنی دوای دەرچوونی ئەم یاسایە خۆیان لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە بگونجێنن.**

**ماددەی (١٩٧):**
**ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی  لە ڕۆژنامەی فەرمی (وقائعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.**

## هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە

بەمەبەستی ڕێکخستنی بوارە جیاوازەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لەسەر کۆمەڵێك بەهای سەردەمیانە و بۆ بنیاتی تاکێکی خوێندەوار و هۆشیار و دیموکراسیخواز و داهێنەر و بەهاداری کوردستانی و مرۆڤدۆست و هەروەها بەمەبەستی گەشەپێکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکاری لە کوردستان - عێراق تا ببێتە مایەی بەرەوپێشبردنی تواناکان و خۆشگوزەرانیی تاك و کۆمەڵ و بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتیمانی و دەوڵەمەندکردنی کلتوری گەلی کوردستان- عێراق، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

**هاوپێچ**

**خشتەی ڕسومات**

| بڕی ڕسومات بە دیناری عراقی | مەبەست |
|---|---|
| (١،٠٠٠،٠٠٠) یەك ملیۆن | لە کاتی پێشکەشکردنی داوایەك سەبارەت بە دامەزراندنی باخچەی منداڵانی ناحکومی |
| (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن | لە کاتی پێشکەشکردنی داوایەك سەبارەت بە دامەزراندنی قوتابخانەی بنەڕەتی، ئامادەیی، کۆمەڵگەی پەروەردەیی یان پەیمانگەی پەروەردەیی ناحکومی |
| (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن | لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی باخچەی منداڵانی ناحکومی |
| (١٢،٠٠٠،٠٠٠) دوازدە ملیۆن | لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی قوتابخانەی بنەڕەتی ناحکومی |
| (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن | لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی خوێندنگەی ئامادەیی ناحکومی |
| (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن | لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی خوێندنگەی ئامادەیی پیشەیی ناحکومی |

| | |
|---|---|
| کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی پەیمانگەی پەروەردەیی ناحکومی | (١٢،٠٠٠،٠٠٠) دوازده ملیۆن |
| لە کاتی وەرگرتنی مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمەڵگەی پەروەردەیی ناحکومی | (١٨،٠٠٠،٠٠٠) هەژدە ملیۆن |
| لە کاتی دەرنگخستنی دامەزراندنی دامەزراوە بۆ ماوەی ساڵێك | (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن |
| لە کاتی دەرنگخستنی دامەزراندنی دامەزراوە بۆ ماوەی ساڵێکی تر | (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن |
| لە کاتی نوێکردنەوەی مۆڵەت، کە هەر سی ساڵ جارێك دەبێت | نیوەی بڕی مۆڵەتوەرگرتن |
| لە کاتی گۆڕینی خاوەنداریەتی مۆڵەت | نیوەی بڕی مۆڵەتوەرگرتن |
| لە کاتی گۆڕینی ناوی دامەزراوە | (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن |
| لە کاتی گۆڕینی قوتابخانەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی پەروەردەیی | (٦،٠٠٠،٠٠٠) شەش ملیۆن |
| ڕسوماتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی دەرەکی | (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار |

| | |
|---|---|
| **ڕسوماتی پشتڕاستکردنەوەی بەڵگەنامەی دەرچوون بۆ دەرەوەی وڵات** | **(٣٥،٠٠٠) سی و پێنج هەزار** |